# ناسنامەی کەرکووک


پ.د.عەبدوڵڵا کران ● بەهرۆز شوجاعی
پ.د.عوسمان عەلی ● محەممەد بـایراك
د.ئـــاری بـادینانی ● ســەعید ڤـــەرۆژ
مـــامـــــەند رۆژە ● زریان رۆژهەڵاتی



ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی رووداو
Rudaw Research Centre


2018
ناسنامەی کەرکووک


ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی رووداو
Rudaw Research Centre
www.rudaw.net

ناسنامەی کەرکووک

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
2018

# ناسنامەی کەرکووک

پ.د.عەبدوڵڵا کران • بەهرۆز شوجاعی
پ.د.عوسمان عەلی • محەممەد بایراك
د.ئاری بادینانی • سەعید ڤەڕۆز
مامەند رۆژە • زریان رۆژهەڵاتی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Centre

چاپی یەکەم
2718 ـی کوردی - 2018 ـی زایینی
ResearchCentre@rudaw.net
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (157 ساڵی 2018) ی بۆ تەرخانکراوە

چاپخانەی کوردستان - سلێمانی

# نێوەڕۆک

1 -کەرکووك ئەو شارەی کراوەتە کێشەیەکی هەرێمایەتی .............................................. 7
ئاکۆ محەممەد

2 - مێژوو و ناسنامەی کەرکووك ......................................................................... 11
پ.د.عەبدوڵڵا کران

3 - بیبلۆگرافیای کوردستانێتی کەرکووك ................................................................ 34
بەهرۆز شوجاعی

4 - ژێدەرەکانی کوردستانیبوونی کەرکووك .............................................................. 64
پ.د.عوسمان عەلی

5 - کەرکووك لە بەڵگەنامە عوسمانی و تورکییەکاندا ..................................................... 96
محەممەد بایراك

6 - نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك لە سەردەمی رژێمی پــــــاشایەتی لە نێوان
ساڵانی 1921 - 1958 ........................................................................................ 106
دکتۆر ئاری بادینانی

7 - کەرکووك – موسڵ لە دوێنێوە بۆ ئەمڕۆ .............................................................. 129
سەعید ڤەڕۆژ

8 - کەرکووك: گرێکوێرەکانی تەعریب .................................................................. 146
مامەند رۆژە

9 - گۆڕانی دەوڵەت و ململانێی کەرکووك ............................................................... 168
زریان رۆژهەڵاتی

لەجیاتی پێشەکی

# کەرکووك ئەو شارەی کراوەتە کێشەیەکی هەرێمایەتی

ئاکۆ محەممەد

کەرکـووك لەسـەرەتای سـاڵانی شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەمەوە بووەتـە نێوەڕۆکـی کێشـەی نیشـتمانی و نەتەوەیـی کـورد لـە عێـراق . بەوشـێوەیەش کەرکـووك بووەتـە کرۆکـی کێشـەی باشـووری کوردسـتان . لەهەمانکاتـدا کەرکووك کراوەتـە کێشـەیەکی هەرێمایەتـی کـە لەچوارچێـوەی سـنوورەکانی عێراقیشـدا نەمـاوە . لەکاتـی هێرشـی 16ی ئۆکتۆبـەری 2018دا ئـەو راسـتییە جارێکـی دیکـە بەڕوونـی دەرکەوتـەوە . راسـتە دەسـتێکی بـاڵای ناوخۆیـی لـە یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتاندا هاوکارێکـی سـەرەکی ئـەو هێرشـەبوو بـۆ سـەر کەرکـووك ، بـەڵام هێرشـەکە بەهیـچ شـێوەیەك و بەپێـی هەمـوو بەڵگـەکان ، بەتەنیـا هێرشـێکی عێراقـی نەبـوو . بەڵکـو هێرشـێکی هەرێمایەتـی بـوو ، بەهاوکارییەکـی نێوخۆیـی لـە کوردسـتانەوە .

ئـەوەی راسـتی بێـت ، بەپێـی بەڵگـە مێژووییـەکان کەرکـووك کێشـە نییـە، بەڵکـو "کراوەتـە" کێشـە . ئەوەنـدەی لەسـەر کوردسـتانیبوون و کوردبوونـی کەرکـووك نـووسراوە لـە تۆمـار و نووسـینە مێژووییەکانـدا ، زۆر کەمتر لەوە لەسـەر کوردسـتانیبوونی زۆر ناوچـەی دیکـەی کوردسـتان نـووسراوە ، کـە هیـچ ناکۆکییەك

لەسـەر کوردبـوون و کوردسـتانیبوونیان نییـە. ئـەو نووسـینە مێژووییانـەش زیاتـر بـە زمانـی تورکـی و عەرەبیـن و ئینجـاش بـە زمانـە ڕۆژئاواییەکانـن و، لەلایـەن مێژوونووسـان ، زانایـان و گەڕیدەکانـی تـورك ، عـەرەب و ئەوروپاییەکانـەوە نـووسراون . سـەیر لەوەدایـە ، ئێسـتا زیاتـر بەرپـرس و کەسـانی تـورك و عـەرەب ، کەرکـووك دەکەنـە کێشـە و دەڵێـن شـارێکی کـوردی یـان کوردسـتانی نییـە .

ئـەو لێکۆلینەوانـەی لـەو پەرتووکـەدان ، ڕك و ڕاسـت هەمـوو ئـەو قسـانەی بەوشـێوەیە لەلایـەن کەسـانی تـورك و عەرەبـەوە دەکرێـن ، خـودی سـەرچاوە تورکـی و عەرەبییـەکان ڕەتیاندەکەنـەوەو، کوردسـتانیبوونی ئـەو شـارە و پارێـزگای کەرکـووك بەگشـتی دەسـەلمێنن و ڕووندەکەنـەوە . لەبەرئـەوەش ئەوانـەی بەنـاوی "پاراسـتنی ئاسایشـی ناوچەکـە " کەرکـووك دەکەنـە کێشـە ، بەوشـێوەیە درێـژە بـە نائاسایشـبوونی ناوچەکـە دەدەن . بەتایبەتیـش کـە کـورد هیـچ بۆچوونێکـی لـە دژی مۆزایکبـوون و تێکەڵـی و پێکەوەژیانـی هەمـوو نەتـەوەکان نییـە لـە کەرکـووك ، بەڵکـو ئـەوەی بـەلای کـوردەوە گرنگـە سـنووری جوگرافیـی کەرکووکـە ، کـە کوردسـتانیبووە و کوردسـتانیبێت بەشـێوەیەکی فەرمـی و بەبـێ کێشـە .

دەسـتهەڵگرتن لـە کەرکـووك بووەتـە مژارێـك هیـچ کوردێـك ، یـان وردتـر بڵێیـن هیـچ حیـزب و سـەرکردەیەکی گـەورە ، ناتوانـێ بیخاتـە ئەسـتۆ و مێـژووی خۆیـەوە . مەسـەلەی کەرکـووك بووەتـە پرسـی ڕوومەتـی نەتەوەیـی و نیشـتمانی بـەلای کـوردەوە ، بۆیـەش کـە کەرکـووك بەگەلەکۆمەیـەك لـە 16ی ئوکتۆبـەردا گیـرا ، کـورد لەناخـی خۆیـدا تێکشـکا و تووشـی تێکشـکانێکی گـەورەی سـەربازی و سیاسـی و ئینجـاش ئابـووری بـوو .

لـەو پەرتووکـەدا ڕێکەوتێکـی مێژوویـی دەبینیـن ، ئەویـش تێکشـکانی هێرشـی عەرەبـە موسـڵمانەکانە لـە شـاری پردێـی سـەر بـە پارێـزگای کەرکـووك لەسـەرەتای هێرشـی موسـڵمانان بـۆ سـەر کوردسـتان و ئێـران و ناوچەکـە لەسـەرەتای بڵاوکردنـەوەی ئایینـی ئیسـلام لـەو ناوچەیـەدا ، هەروەهـا تێکشـکانی هێرشـی

هێزەکانی عێراقە بۆ سەر کوردستان لە شاری پردێ لە 20ی ئوکتۆبەری 2017دا . ئەو تێکشکاندنەی هێزەکانی عێراق لەلایەن پێشمەرگەوە لە پردێ و سحێلا لە ناوچەی شنگال ، هەولێر و دهۆك و کوردستانی بەگشتی پاراست و ، پێویستی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستانیش کە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدان، بەزیندوویی هێشتەوە .

خیانەتبوونی دەستهەڵگرتن لە کەرکووك و ، پێناسەبوونی وەك نێوەڕۆکی شۆڕشی کوردستان ، لەسەردەمی بارزانی نەمردا لەکاتی شۆڕشی ئەیلوول و لەکاتی دانوستاندن لەگەڵ دەوڵەتی عێراقیدا لە 1974-1970دا بەتەواوی چەسپا . ئەوکات بارزانی نەمر ئامادەنەبوو بەهیچ چارەسەرێك رازیبێت کە هەموو کەرکووك و هەموو ئەو شارەی بەبێ دابەشکردن تێدانەبێت ، رازینەبوو بەدابەشکردنی بۆ دوو بەشیش . لەدوای رووخاندنی رژێمی سەددام حوسێن لە9ی نیسانی 2003دا ، کاك مەسعوود بارزانی چەند جارێك رایگەیاند کە ئەوان رازینابن کەرکووك بخرێتە نێو دانوستاندنەکانەوە ، چونکە بەهەموو شێوەیەك دیارە کەرکووك شارێکی کوردستانییە ، بەڵام وەك هەموو پارێزگاکانی دیکە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدایە . بەڵام بەداخەوە هەندێ هەڵوێستی دیکەی لایەنی کوردی لەکاتی نووسینەوەی دەستووردا هاوشێوەی کاك مەسعوود نەبوون و، دواتر یەکلاییکردنەوەی چارەنووسەکەی خرایە ماددەی 58 یاسای ئیدارەی کاتی عێراق و کە مادەی 58 جێبەجێنەبوو، خرایە نێو ماددەی 140ەوەو دەبووایە لەکۆتایی 2007دا ، لەدوای قۆناخی ئاساییکردنەوەو سەرژمێری ، بەپێی گشتپرسییەك بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسەکەی کە ئایا لەسەر حکومەتی فیدرالیی عێراق بێت وەك پارێزگایەك ، یان لەسەر هەرێمی کوردستان بێت وەك بەشێك لە کوردستان . بەڵام ئەو مادەیە ئێستاش جێبەجێنەکراو بووەوە بە بنچینەی سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایی کورد لە عێراقدا .

لەڕاستیدا بەستنەوەی چارەنووسی کەرکووك بە راستکردنەوەی دیمۆگرافییەوە هەڵەبوو ، چونکە ئەوکات کە ئەمریکییەکان باڵادەستبوون ئەو پرسە بۆ مێژووی ئەوان بەئازاربوو ، هەروەها بۆ کوردستان و عێراقیش کردەیی نەبوو . بەڵام لەهەمانکاتدا فرێدانی چارەنووسی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان بۆ نێو پرۆسەی گشتپرسی لەسەر سنوور و پەیوەندی جوگرافی هەڵەیەکی گەورەبوو ، ئەوکاتیش چەند شارەزایەکی کورد داوایانکرد ئەو هەڵەیە نەکرێت .

بۆ ئەوانەی هەر بەڕاستی بەدوای راستیی کەرکووك و ناسنامەکەیدا دەگەڕێن ، خوێندنەوەی ئەو پەرتووکە زۆر سوودمەندە بۆیان.

# مێژوو و ناسنامەی شاری کەرکووک

پ. د. عەبدوڵڵا کران

گریگۆی ئەبولفـەرەج لـە کتێبـە مێژووییەکـەی خۆیـدا بەنـاوی (ئەبولفـەرەج) بـاس لـە مێـژووی بنیاتنانی شـاری ئەربیـل (هەولێـر) دەکات و ئاماژە بـەوە دەکات کـە ئـەو شـارە لـە سـەردەمی حەزرەتـی ئیبراهیمـدا دروسـتکراوە. بەوپێیـەی ئەبولفـەرەج دەینووسـێت، شـاری ئەربیـل لەلایـەن پادشـای ئاشـووری نینـۆس، دوای بنیاتنانـی شـاری نەینـەوا بنیاتـنراوە. هـەر بەپێـی لێکۆڵینـەوەی ئەبولفـەرەج شـاری ئەربیـل لـە شـاری قـودس کـە لەلایـەن مەلجهیسـەدیق -ـەوە دروسـتکراوە کۆنـترە . ئەبولفـەرەج بـاس لـە بنیاتنانـی کەرکـووک (شـارەزوور) نـاکات، بـەڵام بەپێـی هەندێـك سـەرچاوە، مێـژووی نیشـتەجێبوون لـە کەرکـووك دەکـرێ بگوترێ هێنـدەی مێـژووی نیشـتەجێبوون لـە ئەربیـل کۆنـە و دەگاتـە 2 هـەزار و 600 سـاڵ بـەر لـە زاییـن.

یاقـووت حەمـەوی (1179 - 1229) لـە کتێبەکەیـدا (مجمـع البلـدان)دا دەڵـێ کەرکـووك لەسـەردەمی ئەلدەهـاق بنیاتـنراوە. بەگوێـرەی هەندێـك سـەرچاوەش شـاری کەرکـووك لـە سـەدەی هەشـتی بـەر لـە زاییـن لەلایـەن پاشـای ئاشـووری سـتراناباڵ بنیاتـنراوە. سـتراناباڵ کەرکـووك وەك قەڵایەکـی بەرگـری بـۆ بەرگرتـن لـە هێرشـی مـادەکان دروسـتدەکات . لـەدوای رووخانـی ئیمپراتۆریەتـی ئاشـووری کەرکـووك دەکەوێتـە دەسـت مـادەکان، دوای مادەکانیـش دەکەوێتـە دەسـت فارسـەکان .

لــە ســەردەمی گەشــتی ئەســکەندەری مەزنــدا (331 پ. ز) کەرکــووك لەچوارچێــوەی ســنووری ئیپراتۆریەتــی ئەخمینییەکانــدا بــووە، بــەڵام دواتــر کەوتــە ژێــر قەڵەمــڕەوی ئەســکەندەر و لــە ســاڵی 226 زایینیشــدا کەوتــە ژێــر قەڵەمــڕەوی ساســانییەکان . لــە ســاڵی 642دا لــە ســەردەمی حەزرەتــی عومــەردا لــە شــەڕی قادســیە کەرکــووك کەوتــە ژێــر دەســتی موســڵمانەکان و لەســاڵی 750 لەگــەڵ ســەرهەڵدانی دەوڵەتــی عەباســییەکان کەرکــووك کەوتــە نێــو ســنووری دەوڵەتــی ئەوانــەوە. دوای ماوەیــەك، ئیســماعیلییەکان بــە هێزێکــی مەزنــەوە لــە میسرەوە ڕوویانکــردە بەغــدا و، خەلیفەیــان دەســتگیرکرد و لــە حادیــس زیندانیــان کــرد. بەوشــێوەیە بەغــدا، دەوروبــەری و کەرکــووك کەوتنــە ژێــر قەڵەمــڕەوی ئیســماعیلییەکانی میــسر و بــۆ مــاوەی دوو ســاڵ گوتــاری مزگەوتــەکان لەســەر نــاوی خەلیفــە مونتەســیڕ دەخوێندرایــەوە. بــەڵام دوای دوو ســاڵ توغــروڵ بەگــی ســەلجووقی بــە ســووپایەکی مەزنــەوە لــە خوراســانەوە کەوتــەڕێ و هێرشــیکردە ســەر بەغــدا، بەساســیری گــرت و کوشــتی. دواتــر توغــروڵ خەلیفــەی لــە زینــدان دەرهێنــا و ئــەوی لە پێگــەی خەلیفەییــدا دانایەوە. لەگــەڵ هاتنی ســەلجووقییەکان کۆتایــی بــە دەســەڵاتی ئیســماعیلییەکان هــات و دواتــر توغــروڵ بــەگ دەســەڵاتی دەوڵەتەکــەی خــۆی لەکەرکــووك، مووســڵ، جزیــرە، حەلــەب و بــەسرا جێگیرکــرد و دوای ئــەوەی وردە - وردە تورکمانــەکان لــە ناوچەکــە پەیدابــوون. کەرکــووك بــۆ مــاوەی 63 ســاڵ لەژێــر دەســتی ســەلجووقییەکان مایــەوە و دواتــر کەوتــە ژێــر دەســتی ســەلجووقییەکانی عێــراق، بــەڵام ســەروەری دەســەڵاتی ســەلجووقییەکانی عێــراق تەنیــا 12 ســاڵی خایانــد.

لــە ســاڵی 1139دا کەرکــووك کەوتــە ژێــر دەســتی ئەتابەگییــەکان و عیمامەددین زەنگــی هەمــوو ناوچەکــەی خســتە ژێــر قەڵەمــڕەوی خۆیــەوە. عیمامەددیــن زەنگــی ناوچــەی شارەزووریشــی لەژێــر دەســتی کپچاکــی کــوڕی ئەرســەلانتاش دەرهێنــا. ســەروەری ئەتابەگییەکانــی مووســڵ لەســاڵی 1127 دەســتپێدەکات و تاوەکــو ســاڵی 1233ی خایانــدووە. دواتــر کەرکــووك دەکەوێتــە ژێــر دەســەڵاتی

ئەتابەگییەکانی ئەربیلی. لە ئەتابەگییەکانی هەولێر موزەفەرەدین گۆکبۆر و (1154-1232) یەکێك لەو دەسەڵاتدارانە بوو کە ماوەی 44 ساڵ حوکمڕان بوو. موزەفەرەدین هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکی سەلاحەدینی ئەیوبی کردبوو . لە ساڵی 1174 سەلاحەدینی ئەیوبی بەهۆی مردنی نوورەدین زەنگی لە میسرەوە هاتووەتە شام و دواتر حەلەب، مووسڵ، ئامەد، حەڕان و عەنتاب کەوتنە ژێر دەستی ئەیوبییەکان . کاتێك سەلاحەدین لەساڵی 1183 دەستی بەسەر ئامەددا گرت، ئەو شارەی وەك میرایەتی (بەگایەتی) پێشکەشی نورەدینی کوڕی قەرە ئەسلان کرد. لە ساڵی 1175 تاوەکو هاتنی مەغۆڵەکان، شام، ئەربیل، کەرکووك، حەلەب و بەغدا تاوەکو دەگاتە میسر و یەمەن و سودانیش لەژێر دەستی ئەیوبییەکاندا بووە.

لە ساڵی 1193 خوارەزمییەکان سەلجوقییە خوراسانییەکانیان وەدەرنان، عەلائەدین تاکش خوارزمی لە نزیك شارەکە ڕێگەی لە سوپای سوڵتان توغرول گرت. توغرول لە مەیدانی شەڕەکەدا کوژرا، خوارەزمییەکان سەریان پەلدا و ناردیانە بەغدا . سەری توغرول لە بەغدا لەبەردەم کۆشکی خەلیفە بەسەر قامیشێکەوە هەڵواسرا . ئەودەم بۆ ماوەیەکی کەم کەرکووك و دەوروبەری کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان، بەڵام دەسەڵاتی خوارەزمییەکان زۆری نەخایاند. دوای ماوەیەك سوپای مەغۆڵەکان وەك ڕەوە کوللە هاتنە سەر کوردستان و بەغدا . هۆلاکۆ بەر لەوەی بچێتە سەر بەغدا سەرەتا ئاغا کوردەکانی لەنێوبردن. لە مانگی جەنیوەری 1257 سوپای هۆلاکۆ لە هەمەدانەوە هاتە سەر کرماشان و هوڤان و سوپای مەغۆڵەکان لە کرماشان و دەوروبەری کۆمەڵکوژی مەزنیان ئەنجامدا و هەموو شتێکیان تالانکرد. هەرچی گوند و شاری کوردان هەبوون و کەوتە سەر ڕێگەیان وێرانیانکردن و بە خانەقین و کەرکووك یشدا تێپەڕین. لە ساڵی 1258دا هۆلاکۆی نەوەی جەنگیزخان بەغدا و دەوروبەری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی. لە شەڕی

مەغۆڵـەکان بـۆ سـەر بەغـدا فەرمانـدەی سـوپای عەباسـییەکان فەتحەدیـن ئیبنـی کـوردی بـوو . سـوپای ئیـبن کـوردی بەرامبـەر مەغۆڵـەکان شکسـتیهێنا و ئـەو ڕۆژە دوانـزە هـەزار کـەس لـە بەغـدا مـردن، هەندێکیـان لەنیـو قـوڕ و زێلاقـدا عاسـێ ببـون و هەندێکیشـیان لەنێـو ئـاودا خنکابـوون. دوای ئـەوەی لـە 10ی شـوباتی سـاڵی 1258 هێزەکانـی مەغـۆڵ چوونـە نێـو بەغـدا و دەیـان هـەزار کەسـیان لـە شـوورای شـارەکەوە چوونـە ژوورەوە. دەسـەڵاتی مەغۆڵـەکان لەناوچەکـەدا تاوەکـو سـاڵی 1339 درێـژەی کێشـا. پاشـان ئیلخانیـان جەلائیـری (1339 - 1410) دواتـر جەلائیـری قەرەقۆینلـو (1468-1411) دوای ئەوانیـش ئاققۆینلـو (1468 - 1508) دەسـەڵاتی ناوچەکەیـان گرتـە دەسـت.

دوای شـەڕی چاڵـدران لەسـاڵی 1516 کەرکـووك لەگـەڵ مێردیـن، مووسـڵ، حەسـەنکێف و رەققـە کەوتـە ژێـر دەسـتی عوسـمانییەکان. بـەڵام دوای ماوەیـەك کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی سـەفەوییەکان. لـە سـاڵی 1534دا قانوونـی سـوڵتان سـولەیمان جەنگـی عێراقەینـی ڕێکخسـت و جارێکیـتر کەرکـووك کەوتـەوە ژێـر دەسـتی عوسـمانییەکان. قانوونـی لـە 21ی نیسـانی 1535 دا هاتـە کەرکـووك و بـۆ مـاوەی 24 رۆژ لـەوێ مایـەوە. لەوکاتـە بـەدواوە کەرکـووك لەنێـوان موسـڵ و بەغـدادا بـووە شـوێنێکی بازرگانـی گرنـگ. لـە سـاڵی 1624دا جارێکیـتر سـەفەوییەکان دەسـتیان بەسـەر بەغـدا داگـرت و کەرکووکیشـیان کەوتـەوە بندەسـت. بـەڵام عوسـمانییەکان دوای شـەش سـاڵ لـە سـاڵی 1630 جارێکیـتر کەرکووکیـان لـە فارسـەکان سـەندەوە. لـە سـەردەمی نادرشـادا لـە سـاڵی 1733 جارێکیـتر کەرکـووك کەوتـەوە دەسـتی سـەفەوییەکان، بـەڵام ئەوجـارە زۆر لەژێـر دەسـتیاندا نەمایـەوە. بەپێـی ئـەو پەیمانـەی لەسـاڵی 1746 لەنێـوان عوسـمانی و سـەفەوییەکاندا مۆرکـرا، کەرکـووك بـووە خاکـی عوسـمانییەکان. دوای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی لـە رۆژی 28ی رەزبـەری 1918دا کەرکـووك کەوتـە ژێـر دەسـتی ئینگلیـزەکان.

## ناسنامەی کەرکووک

زانیاری لەبارەی شاری کەرکووک کە کورد لەو شارە زۆرینەن بەشێوەیەکی بەرفراوان لە کتێبی یاقووت ئەلحەمەوی (1179 - 1229) بەناوی (معجم البلدان) باسکراوە. بەجۆرێك حەمەوی دەنووسێت: "شارەزوور، کە کەوتووەتە نێوان هەمەدان و ئەربیل، لەپاڵ چیادا شارێکی گەورەیە. زۆربەی لەلای ئەلدەهاق بنیاتنراوە. لە زمانی فارسیدا شەهر مانای شار دەگەیێنێت. هەموو دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کوردن". ئەدەبیاتناس و موحەلیل ئەوە دەڵێن: "شارەزوور لە شار و گوندەکان پێکهاتووە و شارێکی مەزنە. شارەکە لە چۆڵگەیەکە. خەڵکەکەی توونددوتیژن. ئەوان ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و خۆیان دەپارێزن. ئەستووری شووراکانی شارەکە هەشت گەز بووە، زۆربەی بەگ و میرەکانیش لە خۆیانن ". بەپێی زانیارییەکانی ئەلحەمەوی لە ناوچەی شارەزوور شارێك بە ناوی شیز هەیە، خەڵکەکەی زۆر بەرخۆدێرن. لەنێوان شارەزوور و شیزدا شارێکی بچووك هەیە ناوی دووزدانە. بە جۆرێك حەمەوی دەنووسێت، شاری شیز لەلایەن داراوە دروستکراوە و ئەسکەندەری مەزن لەوێ هیچ سەرکەوتنێکی بەدەستنەهێناوە. شارەزوور دروست لەو کاتەدا کە هیوایەکیان نەماوە ئەوکاتە ئایینی ئیسلامیان قبوڵکردووە. ناوچەی خانەقین و شارەزوور بە ترێیەك کە ناوی ئەسوونایایە ناسراوە."

بێگومان حەمەوی یەکێکە لەو کەسانەی کە بەم قسانە راستەوخۆ ناسنامەی شاری کەرکووك ئاشکرادەکات: "کوردن". هەموو دانیشتووانی ئەو ناوچەیە (شارەزوور) ئەگەرچی بە دروستیش نازانین حەمەوی لە چ ساڵێکدا کتێبەکەی نووسیوە، بەڵام ئەوە دەزانین کە ئەو لەنێوان ساڵەکانی 1179 - 1229 دا ژیاوە. هەر خۆی لە نووسینەکانی حەمەویدا دەردەکەوێت کە بەر لە 900 ساڵیش پێش ئەوکاتە ژمارەی دانیشتووانی کەرکووك زۆرینەی کورد

بـووە، لـە کەرکـووك و دەوروبـەری کـورد دەژیـن و کەرکـووك شـاری کوردانـە. لـە سـەردەمی سـەلجوقییەکان کاتێـك دەسـەڵاتی شـارە کوردییـەکان دەکەوێتـە دەسـت تورکمانـەکان، ئـەودەم لـەو ناوچانـەدا تـورك دەبنـە میـر و بەگـی ئـەو ناوچانـە، بـەڵام حەمـەوی لەبـارەی کەرکووکـەوە دەڵێـت: "هەمـوو میـر و بەگـەکان لـە خۆیانـن."

حەمـەوی دەنووسـێت: ئەمـڕۆ ئـەو شـارە بەشـێوازێکی جـوان لەبـەردەم دەسـەڵاتداری هەولێـری موحافەزەددیـن رووی لـە کۆچێکـە. بەڵـێ کوردانـی ئـەو ناوچـە چیاییانـەی ناوچەکـە بەخـووی خۆیـان هێشـتا کاروانـەکان دەترسـێنن، ماڵ و کەلوپەلیـان لێدەسـتێنن و دزییـان لێدەکـەن. نـە کەوتنـە نێـو قەڵەمرەوی ئـەوان نە کوشـتن و نـە بـە دیلگرتـن بـۆ ئـەوان زەحمـەت نییـە. هـەر خـۆی ئەمـە عادەتێکـی کوردانـە و نێوچاوانیـان بەمـە مۆرکـراوە. حەمـەوی لـە کتێبەکەیـدا دەڵێـت کـە شـارەزوور شـافیعین و عالیـم (زانـا)ی نـاودار ئەبوبەکـر موبـارەك ب.ئەلحەسـەن ئەلشـارەزووری خەڵکـی شـارەزوورە.

یاقـووت حەمـەوی، لـە کتێبەکەیـدا (معجـم البلـدان) نـاوی هەندێـك لـەو شـارانەی کـە کوردیـن و کوردیـان تێـدا دەژیـن ئـاوا دەهێنێـت : ئـەرزەن، سـێرت، هیـزان، هانـی، ئامـەد، حەسـنکێف، سـەمانین، تەلفەفـان، جەزیرەتـو ئیـبن عومـەر، زەڤـزان، نسـێبین، دارا، مێردیـن، دونیەسـیر، سـوهرەوەند، کرمیسـین، سیسـەر، جەبـەل، حیلـوان، هەمـەدان.

ئاشـکرایە کـە سـنووری کوردسـتان لەسـەدەی پێـش دروسـتبوونی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە مەڵاتییـە تێپەڕیکـردووە و گەیشـتووەتە سـیواس. مەولانـا محەممـەد نـەشری لـە جیهاننومـای خۆیـدا دەنووسـێت: ئـەوکات بایەزیدخـان مەڵەتەیـی لـە تورکـمان، دیڤـەرەك لـە کـورد، بەحسـنی لـە تورکـەکان سـەند. ئـەوان پاشـای کـۆن نەبـوون. ئـەو ناوچەیـە دوای ئەرەتـن کەوتبـووە دەسـتی ئـەوان. بایەزیدخـان هەمـوو ئـەو ویلایەتانـەی گرتـن. میرەکانیـان رایانکـرد و هانایان بـۆ لای عەرەبەکان بـرد. لـەم رسـتانەوە ئاشـکرا دەبـێ کـە ئـەودەم دیڤریـك (ئێسـتا ناوچەیەکـە سـەر

بە شاری سیواس) لەژێر دەستی میرێکی کورددا بووە و یڵدرم بایەزید (1360 - 1403) ئەو ناوچەیەی لەژێر دەستی ئەو میرە دەرهێناوە.

وەك دەزانین ناوی شارەزوور بۆ ماوەیەکی درێژە هەم بۆ ناوی ناوچەیەك هەم بۆ ناوی شاری کەرکووك بەکاردەهێنرا . بەڵام دواتر لەکاتی هێرشی تەیموورلەنگ بۆ سەر کوردستان، سەدەیەك پێش دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانی ، وردە وردە ناوی کەرکووکی بۆ بەکارهات. لە زەفەرنامەی نیزامەددین شامی و زەفەرنامەی شەرەفەدین عەلی یەزدیدا ناوی کەرکووك نەك بۆ ناوچەیەك بەڵکو راستەوخۆ بۆ ناوی شاری کەرکووك بەکارهێنراوە. زەفەرنامەی شەرەفەدین عەلی یەزدی بەوشێوەیە باسی کەرکووك دەکات: دواتر بە سوپاکەیەوە بە ڕێڕۆیشتنێکی خێراوە بە ئاراستەی رۆیشتنی رووبارەکە بەرەوپێش چوون، لە تاقووکێ تێپەڕی و گەیشتە قەڵای کەرکووك. خەڵکی قەڵا بە ملکەچییەوە توورەگەی خۆیان بەست و پڕ بە دیارییەوە هاتنە دەرەوە."

لە کۆتایی سەدەی شانزەدا کاتب چەلەبی (1609-1657) لەگەڵ سوپای عوسمانی بە هەرێمی مووسڵدا دەگەڕێ و ئەو شتانەی کە بینیویەتی لە کتێبەکەیدا بەناوی (کەشفولزنوون – جیهاننما) دەنووسێت. ئەودەم کاتب چەلەبی میزۆپۆتامیا بەشیوەی کوردستان، جزیرە و عێراق دابەشدەکات. بەپێی ئەو دابەشکارییە موسڵ و شەهرەزوور (شارەزوور) ئەو ناوچەیە بوو کە عوسمانییەکان پێیاندەگوت جزیرە. بەوشێوەی کە کاتب چەلەبی دەیچەسپێنێ کوردستان لە تەنگەی هورمزەوە دەستپێدەکات، مەڵەتی، مەرەش و باکووری وانیش دەگرێتە خۆی، لەلای باشووریشەوە دەگاتە مووسڵ و تاوەکو دەگاتە عێراقی عەرەبی . وەك دیاردەبێت کاتب چەلەبیش ناوچەی شارەزوور دەخاتە نێو سنووری کوردستانەوە.

یەکێك لەو کەسانەی کە دەکرێ بڵێین سەرانسەری دەوڵەتی عوسمانی

گـەڕاوە و ئـەو شـتانەی بەچـاوی خـۆی بینیـون و نووسـیویەتی ئەولیـا چەلەبییـە. ئەولیـا چەلەبـی لـەو گەشـتەی خۆیـدا ڕێگـەی کەوتووەتـە سـەر زۆر شـاری کوردسـتان و نووسـەر زانیارییەکانـی خـۆی لەبارەیانـەوە بـەوردی نووسـیوەتەوە. ئەولیا چەلەبی (1685-1611) لە سیاحەتنامەکەیدا کاتێك باسـی کوردسـتان دەکات کەرکووکیـش وەك یەکێـك لـە شـارەکانی کوردسـتان هەژماردەکات و دەنووسـێت: وڵاتێکـی مەزنـە، لایەکـی دەکەوێتـە باکـوور و دەگاتە سـەر ئـەرزەڕووم، لەوێشـەوە هەتاوەکـو وان، هـەکاری بـەرەو خـوارەوە جزیـرە، عیمادیـە، موسـڵ، شـارەزوور، هەریـر، ئـەردەلان دەگرێتـە خـۆی و تاوەکـو دەگاتـە نزیـك بەغـدا، دەرنـە، دەرتەنـگ و بـەسرا". هیـچ گومانـی تێـدا نییـە کـە سیاحەتنامەکەی ئەولیـا چەلەبی و زانیارییەکانـی لەلایـەن مێژووناسـەکانی ڕۆژئاوایـی وەك کارێکـی راسـتیپارێز دادەنرێـت. ئاشـکرایە کـە ئەولیـا چەلەبـی سـنووری کوردسـتان تاوەکـو نزیـك بەغـدا و بـەسرا دەبـات. بەوشـێوەیە ئـەو راسـتییە مێژووییـەی کـە بـاش زانـراوە دەستنیشـان دەکات: خاکـی عەرەبـەکان تـادێ بـەرەو کوردسـتان فراواندەبێـت . ئەگـەر عوسـمانییەکان بـە ئاگاییـەوە ڕێگەیـان لـە فراوانبوونـی خاکـی عەرەبـەکان نەگرتبـا ، لەوانەیـە ئەمـڕۆ لـەلای باشـوورەوە خـاك و واری کـوردان زیاتـر و زیاتـر بکەوتبایەتـە ژێـر سـەروەری عەرەبـەکان. دیسـانەوە کاتێـك ئەولیـا چەلەبـی بـاس لـە نەهاوەنـد دەکات جارێکـی دیکـە باسـی شـارەزوور دەکات و دەڵـێ کـە دانیشـتووانی دەوروبـەری قـەڵای کەنگـەوەر کـە مەودایـەك لـە ناوەنـد دوورە، زۆرینەیـان خەڵکـی شـارەزوورن و شـیعەن.

لـە سـەردەمی عوسـمانییەکان کەرکـووك سـەنجەقێك بـوو سـەر بـە ویلایەتـی مووسـڵ، بۆیـە هـەر کاتێـك بـاس لـە مووسـڵ دەکرێـت، کەرکووکیـش دێتـە بەربـاس. عوسـمانییەکان بـە ناوچـەی مووسـڵ و کەرکووکیـان گوتـووە جەزیـرەی ژووروو. ناوچـەی مووسـڵ لەنێـو بەرهەمەکانـی جوگرافیناسـە ئەوروپاییەکانـەوە نـووسراوە وەك جەزیـرەی ژووروو دەستنیشـانکراوە.

بەپێـی ئـەو سـەرژمێرییەی کـە دەوڵەتـی عوسـمانی لـە سـاڵانی 1881 - 1883

ئەنجامیانـداوە ژمـارەی دانیشـتووانی کەرکـووك 22 هـەزار و 694 کەسـن. لـەو ژمارەیـەش 22 هـەزار و هەشـت کـەس موسـڵمان، 2 رۆمـی، 243 کـەس کاسـۆلیك و 441 کەسـیش جـوون. ئاشـکرایە لـەو سـەرژمێرییەدا ژمـارەی ئـەو کەسـانەی موسـڵمانن و پەیڕەوانـی ئایینەکانـی دیکەشـن دیاریکـراون، بـەڵام نەتـەوە و نەژادی موسـڵمانەکان دەستنیشـاننەکراوە.

دوای پانـزە - شـانزە سـاڵ لـە ئەنجامدانـی ئـەو سـەرژمێرییە، ئەمجـارە شەمسـەدین شـامی کـە بـە رەسـەن ئەلبانـی بـووە، هـەم لەسـەر کەرکووك هـەم لە بـارەی پێکهاتـە ئەتنیکییەکانـی شـار زانیـاری گرنـگ دەخاتـەڕوو. لـە زانیارییەکانـی شەمسـەدین شـامی ئـەوە دەردەکەوێـت کـە کەرکووك بەشـێك و بێگومان شـارێکی کوردانـە. نـە بـەر لـەو و نـە دوای ئەویـش هیـچ کەسـێك نەبـووە زانیـاری لەبـارەی ناسـنامەی ئەتنیکـی شـارەکەوە بـدات. شەمسـەدین شـامی لـە کتێبەکەیـدا بـە ناوی (قامـوس العـالم)دا کـە لەنێـوان سـاڵانی 1898-1889 ئامادەیکـردووە ، بەوشـێوەیە باسـی کەرکـووك دەکات: "سـێ لەسـەر چـواری خەڵکـی کەرکـووك کـوردن، لـە چـوار بەشـیش بەشـێك تورکـمان، عـەرەب و ئەوانیدیکـەن. لـە شـارەکەدا 760 جـوو و 460 کلدانـی هـەن."

وەك دیـارە شەمسـەدین شـامی نـەك تەنیـا ژمـارەی کـوردان کـە داخـۆ رێـژەی چەنـدی ژمـارەی دانیشـتووانی شـارەکە پێکدەهێنـن، بەڵکـو زانیـاری لەبـارەی ئەوەشـەوە دەدات کـە لـە شـارەکەدا چەنـد جـوو و چەنـد کلدانیـش هـەن. لەپاش شەمسـەدین شـامی، ئەمـارە عەلـی رەزا، لـە کتێبەکەیـدا بەنـاوی (ئەتڵەسـڵی مەمالیکـی عوسـمانییە جۆغرافیەسـی- ئەتڵەسـی جوگرافـی مەمالیکـی عوسـمانی) بۆ سـاڵی 1902 بەوشـێوەیە سـەرژمێری هەرێمی باشـووری کوردسـتان دەستنیشـان دەکات: ژمـارەی دانیشـتووانی مووسـڵ 61000، ژمـارەی دانیشـتووانی سـلێمانی 15000، کەرکـووك 30000، ژمـارەی دانیشـتووانی سـنجار 7000، هەولێـر 6000، کـۆی سـەنجەق10000 و ئامەدیـش 5000.

چەنـد سـاڵێك دوای عەلـی ڕەزا، ئیبراهیـم عیلمـی لـە کتێبەکەیـدا (مەمالیـك عوسـمانییەنین جێـپ ئەتڵەسـی) ژمـارەی دانیشـتووانی مووسـڵ لەسـاڵی 1907دا بـە 351 هـەزار و 200 کـەس دەستنیشـان دەکات. لـە هەمـان بەرهەمـدا ژمـارەی دانیشـتووانی شـار و ناوچەکانـی دیکـە بەوشـێوەیەیە: ناوەنـدی موسـڵ 65000، سـنجاقی کەرکـووك 30000، سـنجاقی سـلێمانی 15000، کـۆی سـەنجەق 10000.

لـە ئینسـکلۆپیدیای ئیسـلامی کـە بـە زمانـی ئینگلیـزی ئامادەکـراوە زانیـاری لەبـارەی ژمـارەی کەسـەکان و ناسـنامەی شـاری کەرکـووك نـووسراوە و کەرکـووك وەك شـارێکی کـوردان دەستنیشـان دەکات. لـە بەشـی کەرکووك کە لەلایـەن ج. هـ. کارمـەرس ئامادەکـراوە بەوشـێوەیە ئامـاژەی بـۆ کـردووە: "کەرکـووك و دەوروبـەری لـە سـەدەی دوانـزەدا لەژێـر دەسـەڵاتی میرایەتـی تورکـەکان بەگتەکینـدا بـوو کـە پایتەختەکـەی ئەربیـل بـوو. سـاڵی 1638 مـورادی چـوارەم. شـاری (کەرکـووك)ی بەدەسـتەوە گـرت، بـەڵام خێڵـە کوردەکانـی ناوچەکە خاوەنـی شـارەکەن، بەگوێرەی سـەرژمێری سـاڵی 1695 ژمـارەی دانیشـتووانی کەرکـووك بەگشـتی 184000 کـەس بـوو. لـەو ژمارەیـەش 71000 کـورد، 55000 تـورك، 41000 عـەرەب و پێکهاتەکانـی دیکەبـوون. هەرێمـی کەرکـووك بـە حـەق مەسـکەنی کوردانـە."

لـە سـاڵی 1878 ویلایەتـی شـارەزووریش دەخرێتـە سـەر ویلایەتـی موسـڵ و تـەواوی ویلایەتەکـەش دەخرێتـە سـەر ئیسـتەنبووڵ. تاوەکـو ئـەو سـاڵەش کـە ناوچەکـە لەژێـر دەسـتی عوسـمانییەکان دێتـەدەرەوە، سـتاتووی ویلایەتـی مووسـڵ ناگۆڕێـت.

نـاوی سـەنجەقی کەرکـووك لـە بەڵگەنامەکانـی عوسـمانی و نـووسراوە فەرمییەکانـدا تاوەکـو سـاڵی 1892 بە ناوی شـەهری زۆر هاتووە. ئینجـا لەبەرئەوەی ئـەو نـاوە نزیکـە لـە نـاوی موتەسـەڕڕیفیەی زور و بـۆ ئـەوەی ئـەو دوو نـاوە تێکـەڵ نەبـن لـە سـاڵی 1893دا عوسـمانییەکان نـاوی کەرکووکیـان بەکارهێنـاوە. موتەسـەڕڕیفیەی (زور) بـە باشـووری دیاربەکـر و حەلـەب دەگوتـرا.

دابەشکاری دەسەڵات لە ویلایەتی مووسڵ لە ساڵی 1894 [1]

| لیوا | ناوچە | (قەزا) |
|---|---|---|
| 1 | مووسڵ | 1 - عیمادیە |
| 2 | زاخۆ | |
| 3 | ئاکرێ | |
| 2 | کەرکووك | 1 - ئەربیل |
| 2 | سەڵاحیە | |
| 3 | کۆی سەنجەق | |
| 4 | ڕەواندز | |
| 5 | رانییە | |
| 3 | سلێمانییە | 1 ـ قەرەداخ |
| 2 | بازیان | |
| 3 | مەرگە | |
| 4 | شەهری- بازاڕ | |
| 5 | گوڵانبەر | |

1 سەرچاوە: مووسڵ ساڵنامەسی، 1312 (1894) بەڵاڤۆك: مارفئۆغڵو، ر.39

بـەو پێیـەی ئیبراهیـم عیلمـی دەینووسـێت، ویلایەتـی مووسـڵ لـە سـێ سـەنجەق، 14 ناوچـە، 28 ناحیـە و 3394 گونـد پێکدێـت.

دوای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی، هـەم مەجلیسـی مەبعوسـانی ئیسـتەنبووڵ و هـەم ئـەو مەجلیسـەی لـە ئەنقـەرە دادەمەزرێـت ، سـنووری ئـەو وڵاتـە نوێیـەی کـە دادەمەزرێـت ، ئـەو شـوێنانەی کـە کـورد و تـورك تێیـدا دەژیـن، یاخـود ئەنـادۆڵ و کوردسـتانیان دەستنیشـان کردبـوو. مسـتەفا کەمـال، لـە یەکـی ئایـاری 1920دا لـە وتارەکەیـدا لـە پەرلەمـان گوتـی: "سـنووری نەتەوەیـی ئێمـە بـە ئەسـکەندەروونددا تێدەپەڕێـت، بـەلای ڕۆژهـەڵات درێژدەبێتـەوە، مووسـڵ، سـلێمانی و کەرکـووك دەگرێتەخـۆی".

لـە پرۆسـەی کۆنگـرەی لۆزانیشـدا، سـەرۆکی شـاندی تورکیـا عیسـمەت ئینونـۆ بـەردەوام لەسـەر ئـەو بنەمایـە داوای موسـڵی دەکـرد:" ئێمـە مووسـڵمان دەوێـت، چونکـە ئێمـە دەزانیـن زۆرینـەی دانیشـتووانی مووسـڵ کـوردن. دەوڵەتـی ئێمـە دەوڵەتـی کـورد و تورکەکانـە."

لـە سـاڵی 1918دا کاتێـك کـە ئینگلیـزەکان موسـڵیان گـرت، ئەوکاتـە پارێزگایـەك (ویلایەتێـك)ی نوێیـان لـە ئەربیل دروسـتکرد. بەپێـی هەڵسـەنگاندنی ئینگلیزەکان، لەسـاڵی 1921دا ژمـارەی دانیشـتووانی کەرکـووك 75000 کـورد، 35000 تورکـمان، 10000 عـەرەب، 1400 جـوو و 600 کلدانـی بـوون. لـە سـاڵی 1925دا لیژنەیـەك لـە کۆمەڵـەی نەتـەوەکان Leaguge of Nation بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـی موسـڵ هاتبـووە ناوچەکـە و لەسـەر چۆنیەتـی دیمۆگرافیـای ناوچەکـە لێکۆڵەینـەوەی کردبـوو. بەپێـی زانیارییەکانـی ئـەو لیژنەیـەش 63%ی دانیشـتووانی کەرکـووك کـورد، 19% تورکـمان و 18%یـش عـەرەب بـوون.

## خێڵەکانی کورد

هەر کەسێك کەمێك لێکۆلینەوەی لەسەر کۆمەڵناسیی کورد کردبێت ، کورد راستییەکی "خێڵەکی"یان هەیە، بەتایبەت لە سەدەی 19 و 20 دا، ئەو سەردەمانە خێڵگەرایی لەنێو کورددا هەبووە. دەکرێ بگوترێت شوێن و واری خێڵەکان ئاشکران و خێڵە کوردییەکان بە سەرانسەری کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە. خێڵە کوردییەکان، چ ئەوانەی نیشتەجێبوونە چ ئەوانەی کۆچەر و نیمچە کۆچەر بوونە، هیچ کاتێك سنووری کوردستانیان تێنەپەڕاندووە. بێجگە لەو خێڵانەی کە بە ئامانجێکی سیاسی لەسەر خاکی خۆیان راگوێزراون، هەموو خێڵە کوردییەکان سیستەمی خۆیان لەسەر خاکی کوردستان درێژەپێداوە. لە راپۆرتێکی سوپای عوسمانیدا (عوسمانلی ئۆردویو- هومایون راپۆرو) کە لە ساڵی 1905 ئامادەکراوە، ناوی ئەو خێڵە کوردانەی لە ویلایەتی مووسڵ و شارەزوور (کەرکووك) هەبوونە بەوشێوەیە ناویان دەهێنرێت:

**ناوی خێڵەکانی کورد لەساڵی 1905دا کە لە موسڵ و شارەزوورن: کۆچەرییەکان، نیمچەکۆچەر و نیشتەجێبووەکان:[1]**

| ناو | تیرە | ژ. دانیشتووان | ناوچەکانیان |
|---|---|---|---|
| تیاری | 14 | 48.100 | ئامێدی |
| سوورچی | 4 | 14.900 | ئاکرێ، رواندز |
| سوورچی | 1 | 250 | ئەربیل، ئاڵتون کۆپری |
| کاکەیی | 1 | 220 | ئەربیل، کەرکووك |

1 سەرچاوە: (عوسمانلی ئۆردو-یو هومایون راپۆرو) - 1905

| | | | |
|---|---|---|---|
| کاکەیی | 1 | 850 | داقووق |
| زراری | 12 | 630 | رواندز |
| هەرکی | 12 | 12.270 | ئاکرێ، رواندز |
| شێروانی | 1 | 4.670 | رواندز |
| مزووری | 2 | 4.400 | رواندز |
| برادۆست | 3 | 4.500 | رواندز |
| خۆشناو | 2 | 7.500 | کۆی سەنجاق |
| پشکەڵی | 1 | 3.500 | رانییە |
| بەزیری | 1 | 2.140 | رانییە |
| ماندیمیرا | 1 | 430 | رانییە |
| بڵباس | 7 | 1.800 | رانییە |
| ئاکەر | 5 | 2.610 | رانییە |
| یەرلی بابۆڵی | 2 | 435 | رانییە |
| سونی | 1 | 260 | رانییە |
| کۆرك | 1 | 431 | رانییە |
| باڵەکی | 2 | 1.360 | رواندز |
| شێخ بزێنی | 2 | 2.710 | ئەربیل |
| پشدەر | 3 | 5.260 | م. حامد |
| کافرۆش | 1 | 1.588 | چەمچەماڵ |
| بانە | 1 | 2،310 | بانە |
| سمایل عوزیری | 7 | 2.275 | سلێمانیە |
| بەرزنجی | 2 | 2.730 | سلێمانیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گوڤارا | - | 650 | سلێمانیە |
| جاف | 25 | 45.460 | سلێمانیە |
| پاڵانی | 7 | 1.330 | قەرەتەپە |
| هەمەوەند | 6 | 840 | چەمچەماڵ |
| شوان | شوان | 4.500 | شوان |
| تاڵەبانی | 1 | 1.670 | قەرەتەپە |

**محەممەد ئەمین زەکی، لە کتێبەکەیدا (مێژووی کوردستان) ناوی خێڵە کوردییەکانی دەوروبەری کەرکووک بەوشێوەیە دەهێنێت:[1]**

**تابلۆی 2**
**هەرێمی ئیداری خێڵ**

| ناوچەی ئیداری | خێڵ | شوێنکەوتەیان |
|---|---|---|
| مەندەلی | قەرەلوس | گەش، کایتوون، چارمەوەند، کاوەند، نەفتچی، گاوسواری |
| خانەقین | شەرەفبەیان | کەلهوورِ، تووتك، مامەجان، عەینە، عەنتاری |
| شاری کەرکووك | شەرەفبەیان | کۆرەکی، ئەمیرخانبەگی، عەزیزبەگی، گاخار، نادری |
| ناوچەی خانەقین | باجەلان | جموور، کازانلو |

1 سەرچاوە: محەممەد ئەمین زەکی بەگ، کورد و کوردستان. ل. 348-345

| | | |
|---|---|---|
| ناوچەی خانەقین | دەلۆ | جامرێزی، پەنجانکەشتی، کاش |
| ناوچەی خانەقین | دەلۆ | تارکۆوەند، سالموەیسی |
| ناوچەی خانەقین | کاخوار | |
| ناوچەی خانەقین | کەزە | سەدەڵلا بەگ، کۆداخ، بارام، سەرکاڵ |
| ناوچەی خانەقین | پاڵانی | |
| ناوچەی کەرکووك و سەنجەقی خانەقین | بەرزنجی | |
| ناوچەی کەرکووك و سەنجەقی خانەقین | عومەر مل | |
| ناوچەی کەرکووك و سەنجەقی خانەقین | تیلشان | |
| ناوچەی کەرکووك و سەنجەقی خانەقین | زەنگەنە فارس ئاغا، روستەم ئاغا | |
| ناوچەی کەرکووك و سەنجەقی خانەقین | زەند | محەممەد ساڵخ ئاغا، تاهیرخان، عولیان، خەنی |
| ناوچەی کەرکووك و سەنجەقی خانەقین | داوودە | |
| ناوچەی کەرکووك و سەنجەقی خانەقین | لەیلان | |
| ناوچەی کەرکووك و سەنجەقی خانەقین | تاڵەبانی | |

| | | |
|---|---|---|
| ناوچەی کەرکووك و سەنجەقی خانەقین | جەباری | |
| ناوچەی کەرکووك و سەنجەقی خانەقین | سەوان | |
| ناوچەی کەرکووك و سەنجەقی خانەقین | ساڵحیە | |
| ناوچەی کەرکووك و سەنجقی خانەقین | شێخ بزێنی | |

یەکێك لەو کەسانەی کە بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەبارەی خێڵە کوردەکان نووسیویەتی مارك سایك بوو. بەر لەوەی وتارەکەی لەبارەی خێڵە کوردەکان لەساڵی 1908 لە گۆڤاری "The Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland" بڵاوبکاتەوە مارك سایکس 7 هەزار 500 میل بەنێو خاکی کوردانـدا دەگەڕێ و گفتوگۆ لەگەڵ زۆر کەسدا دەکات. مارك سایکس دەکرێ بڵێین ناوی هەموو ئەو خێڵە کوردانەی کە لەسەر واری خۆیان دەژین دەهێنێت، ئەو تەنیا بە ناوهێنانی ئەو خێڵە کوردانەی لەسەر خاکی کوردستان دەژین ناگیرسێتەوە، هەروەها باسی ئەو خێلە کوردانەش دەکات کە لەسەر خاکی ئەنادۆڵدا دەژین. مارك سایکس لە وتارەکەیدا ناوی هەندێك لە خێڵەکانی کەرکوویش دەهێنێت. بێگومان یەکێك لە خێڵە هەرە گەورە و بەربڵاوەکانی کەرکووك شێخ بزێنییە. سایکس زۆر پەسنی ژیرێتی و مێرخاسی شێخ بزێنییەکان دەدات و ئاماژە بەوە دەکات ئەوان شەڕوان و سوارچاکی باشن. سایکس دەنووسێت ئەوان هێندە ژیرن تفەنگی مارتینی هێنری دروستدەکەن . بەشێك لە شێخ بزێنییەکان لە چەند شارێکی ئەنادۆڵدا بڵاوبوونەتەوە و سایك پێیوایە ئەو خێڵە لە سەردەمی یاوز سوڵتان سەلیم لەسەر خاکی خۆیانەوە راگوێزرابن.

## ئەنجام

هەمــوو زانیارییــە مێژووییــەکان جەخــت لەســەر راســتییەك دەکەنــەوە: کەرکــووك شــارێکی کوردییــە و دەکەوێتــە چوارچێــوەی ســنووری کوردســتانەوە. ئەگــەر لــە ســەدەکانی نێوەڕاستیشــدا هەندێکجــار، یــان بڵێیــن زۆر جاریــش کەرکــووك کەوتبێتــە دەســتی ژێــر دەســتی تورکــمان یــان تورکنەژادەکانیــش، بــەڵام بــەردەوام زۆرینــەی دانیشــتووانی ئــەو شــارە کــورد بوونــە. ئەگــەر لــە ســەردەمی ســەدەکانی نێوەڕاســتدا تورکمانــەکان و دواتریــش عوســمانییەکان لــە کەرکــووك دەســەڵاتدار بووبــن و کــورد لــە بەڕێوەبردنــی شــارەکە وەدواکەوتــوون، ئەوەبــووە کــە ناســنامەی موســڵمانێتی زاڵبــووە بەســەر ناســنامەی نەتەوەییــدا . ئــەودەم تورکــەکان بێجگــە لــە خاکــی کوردســتان بەتایبەتــی لەســەردەمی عوســمانییەکاندا دەســەڵاتیان بەســەر خاکــی عەرەبــان و لەســەردەمی سەلجووقییەکانیشــدا تــەواوی خاکــی ئێــران لەژێــر دەســتی تورکەکانــدا بــووە. وەك چــۆن دەســەڵاتدارێتی تورکــەکان لەســەر خاکــی عــەرەب و ئێرانییــەکان ناســنامەی جوگرافــی ئەوانــی نەگــۆڕی، بەهەمانشــێوەش دەســەڵاتدارێتی تورکــەکان لەســەر خاکــی کوردســتان ناسنامەی خاکــی کــوردان ناگۆڕێــت. وەك چــۆن ســەرداری عوســمانییەکان بەســەر خاکــی عەرەبــەکان، عەرەبســتان ناکاتــە تورکســتان، بەهەمــان شــێوەی ســەرداریی عوســمانییەکان بەســەر خاکــی کوردانــەوە ناســنامەی نەتەوەیــی کــورد ناگۆڕێــت. ئەگــەر لــە ســەدەکانی نێوەڕاســت تورکمانــە ســەلجووقییەکان و دواتریــش عوســمانییەکان دەســەڵاتیان بەســەر کوردســتان، ئێــران و عەرەبســتاندا شــکابێت ئەمــە ئــەو واتایــە دەگەیێنێــت: ئــەودەم تورکــەکان بە ناوی ئیســلام و بــە هەڵگرتنی ئامانجــی ئیســلامەوە خزمەتیــان کــردووە و ئــەو وڵاتانەیــان بەڕێوەبــردووە. چونکــە ئــەو ســەردەمە ناســنامەی ئیسلامێتی بەهەمــوو شــێوەیەك لەســەرووی ناســنامەی نەتەوەییــەوە بــووە. تورکبــوون، کوردبــوون، فــارس و عەرەببــوون لــە

دوای ناسـنامەی ئیسـلامبوونەوە دەهـات. ئیسـلامبوون و خزمەتکـردن بـە ئیسـلام لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوەبووە. ئەگـەر وانەبووایـە سـەڵاحەدینی ئەیوبـی کاتێـك لـە سـاڵی 1183 دا ئامـەد (دیاربەکـر)ی گـرت، چـۆن ئـەو شـارەی دەدایـە نوورەدینـی کـوڕی قەڕەئەڕسـڵان؟ سـەڵاحەدین کوردبـوو، دیاربەکـر شـارێکی کـوردی بـوو، بـەڵام سـەڵاحەدین دیاربەکـری رادەسـتی میرێکـی تورکمانـەکان کـرد.

ئەگـەر سـەرۆك، رێبـەر یـان دەسـەڵاتدارییەك ناسـنامەی شـارێك یـان وڵاتێـك کـە بەڕێوەیدەبـات بیگۆڕیبووایـە، ئەوکاتـە لەسـەردەمی ئەیوبییەکانـدا میـسر، یەمـەن، لیبیـا، سـوودان، سـعودیە، سـووریا، عێـراق و زۆر وڵاتـی دیکـە دەبوونـە خاکـی کـورد. ئەگەرچـی ئەیوبییـەکان ماوەیەکـی زۆریـش لـەو وڵاتانـەدا دەسـەڵاتداربوون، بـەڵام ناسـنامەی ئـەو شـوێنانە نەگـۆڕا. وەك چـۆن ئەمـڕۆ هیچ کوردێـك ناتوانـێ بانگەشـەی ئـەوە بـکات بڵـێ ئـەو وڵاتانـە وڵاتـی کوردانـن، بەهەمانشـێوە نـە تورکـمان نـە عـەرەب کـە دواتـر هاتنـە کەرکـووك یاخـود بـە زۆری زۆرداری لـە کەرکـووك نیشـتەجێکران، ناتوانـن بڵێـن کەرکـووك کوردسـتان نییـە. کوردێـك لـە بەغـدا یـان لـە ئەنقـەرە چەنـد خاوەندارێتـی لـەو شـارانە دەکـەن، تورکمانێکـی کەرکـووك یـان عەرەبێکـی کەرکـووك هێنـدە خاوەندارێتـی لـەو شـارە دەکـەن.

ئـەوەش دەزانیـن ئەگـەر ئەمـڕۆ کەرکـووك نەوتـی نەبووایـە، نـە تـورك نـە عەرەبـەکان داوای کەرکووکیـان نەدەکـرد. بـەڵام لەبەرئـەوەی کەرکـووك لەسـەر گۆمێکـی نەوتـە و 6 %ی نەوتـی جیهـان لـەو شـارەدایە، بۆیە هەموویـان دەیانەوێ خۆیـان بکەنـە خاوەنـی. چونکـە ئەگـەر کەرکـووك لەژێـر دەسـەڵاتی کورددابێـت، ئەوکاتـە کـورد سـەربەخۆیی ئابـووری بەدەسـتدەهینێت، وەك دەشـزانرێت تاوەکو سـەربەخۆیی ئابـووری وەدەسـتنەیێت ، سـەربەخۆیی سیاسـیی بەدەسـتنایێت. ئەمـەش هۆکاربـووە کـە رژێمـی سـەدام و هەمـوو رژێمـە زۆردارەکانـی دیکـەی عێـراق ویسـتویانە پێکهاتـەی دیمۆگرافـی کەرکـووك بگـۆڕن.

لـە کەرکـووك پاکتـاوی نەتەوەیـی لـە دژی گەلـی کـورد لەسـاڵی 1963ــەوە بەشـێوەیەکی سیسـتماتیك دەسـتیپێکردووە. لـە مانگـی تەمـمووزی سـاڵی 1963دا عەلـی سـاڵح ئەلسـەعدی بـە نـاوی رژێمـی بەعسـەوە 13 گونـدی کـوردی لـە دەوروبـەری کەرکـووك رووخانـدن و لـە دوبـزی سـەر بـە کەرکـووك 34 گونـدی راگواسـتن و لە شـوێنی ئـەوان عەرەبی نیشـتەجێکردن. بێگومان ئەوە دەسـتپێکبوو. دوای ئـەوەی رژێمـی بەعـس شـوێنی خـۆی گـرت و تـەواوی دەسـەڵاتەکەی گرتـە دەسـت خـۆی، لـەو کاتەشـەوە سـەرکوتکردنی کـوردان بەبێوەسـتان درێـژەی کێشـا. لەنێـوان سـاڵانی 1963 و 1988 دا 779 گونـدی کـوردان لـە دەوروبـەری کەرکـووك وێرانکـران. بـۆ ئـەوەی رێگـە لـە گەڕانـەوەی گوندییـەکان بگیـرێ ، زەوی و باخەکانیـان سـووتاندن، مێگـەل و ماڵیاتەکەیـان تاڵانکـران، بیرەکانـی ئـاو کوێرکرانـەوە و گۆڕسـتانەکانی کـوردان تێکـدران. لـەو هەڵمەتـی پاکتـاوی نەتەوەییـەدا 37 هـەزار و 726 خێزانـی کـورد لـە گوندەکانیـان وەدەرنـران، ئەگـەر هـەر خێزانێـك بـە 5-4 کـەس حسـاب بکرێـت ئەوکاتـە نزیکـەی 200 هـەزار کـەس لـە جێگـە و واری خۆیـان دەرکـراون. رژێمـی بەعـس تاوەکـو دەسـتپێکردنی شـەڕی نێـوان عێـراق و ئێـران دەسـتی لـە تورکمانەکانـی کەرکـووك نـەدەدا، بـەڵام لـە کاتـی شـەڕدا گوندەکانـی تورکمانـە شـیعەکانیش وێرانکـران.

بێگومـان دەوڵەتـی عێـراق تەنیـا ئـەو کوردانـەی لـە گوندەکانـدا دەژیـان رانەگواسـت، بەڵکـو ئـەو کوردانـەی لـە شـارەکانیش دەژیـان ئامانجـی ئـەوان بـوو. ئـەو کرێکارانـەی لـە کارگەکانـی بەرهەمهێنانـی نـەوت کاریـان دەکـرد، کارمەنـد و مامۆسـتایانی کوردیـش بەشـێك لـەو تووندوتیژیـە هۆڤێتیەیـان بەسـەردا بـڕا. رژێمـی بەعـس نـاوی هەمـوو کووچـە و قوتابخانەکانـی گـۆڕی و نـاوی عەرەبـی لێنـان. ئـەو کوردانـەی لـە شـارەکە باریـان دەکـرد تەنیـا دەیانتوانـی موڵکەکانیـان بـە عەرەبـەکان بفرۆشـن و ئـەو کەسـانەی عـەرەب نەبـوون نەیاندەتوانـی موڵـك بکـڕن. بـۆ عەرەبـەکان بـە سـەدان و هـەزاران شـوێنگەی نیشـتەجێبوون کرانـەوە. پاکتـاوی نـەژادی دوای شـەڕی کوێـت لـە سـاڵی 1991یـش هـەر درێـژەی هەبـوو.

حکومەتـی عێـراق لـە سـاڵی 1997 قـەڵای کەرکووکی بە دێـر و مزگەوتەکەیشـیەوە هەڵوەشـاندەوە. بەپێـی کۆمیتـەی چاودێـری مافەکانـی مـرۆڤ ، حکومەتـی عێـراق لەنێـوان سـاڵەکانی 1991 تاوەکـو سـاڵی 2003 دا 120 هـەزار تاوەکـو 200 هـەزار کەسـی لـە کەرکـووك دەرکـردووە.

لـە مـاوەی 40 تاوەکـو 50 سـاڵی کۆتاییـدا بـە کارەسـاتی هەڵەبجـە و ئەنفالکردنیشـەوە، کوشـتن، راگوێـزان، ئاوارەبـوون، ماڵوێرانـی و هەرچـی دیکـە بەسـەر کوردانـی باشـووردا هاتـووە، هەمـووی لەپێنـاو کەرکـووك بـووە. لـە 11ی ئـادای 1974دا کـوردەکان لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق لەسـەر ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد رێککەوتـن. بـەڵام لـە پەیمانـی جەزائیـر، کاتێـك سـەدام حوسـێن و شـای ئێـران لـە 6 ی ئـاداری 1975 لـە کۆبوونـەوەی ئۆپێـك رێککەوتـن ، رۆژی دواتـر عێـراق هێرشـیکردە سـەر کـورد و ئۆتۆنۆمـی بۆ کـورد هەڵوەشـایەوە. لەوکاتەوە سیاسـەتی بەعەرەبکـردن لـە کەرکـووك و گۆڕینـی دیمۆگرافیـای شـارەکە بەشـێوەیەکی سیسـتماتیك زیاتـر پەرەیسـەندووە. ئەگـەر سـەرۆکی کـورد مـەلا مسـتەفای بارزانـی رازیبووایـە کەرکـووك بـە نیوەییـش بداتـە عـەرەب ، لەوانەیـە هیـچ کام لـەو کارەسـاتانەی بەسـەر کـورددا هاتـن روویـان نەدابووایـە. بـەڵام کاتێـك سـەدام حوسـێن پێشـنیازی دابەشـکردنی کەرکووکـی دایـە مـەلا مسـتەفا بارزانـی، ئـەو پێشـنیازەکەی رەتکـردەوە. دوای مـەلا مسـتەفا بارزانـی ، کێشـەی کەرکـووك بـۆ هەمـوو سـەرکردەکانی دیکـەی کـورد بـووە پرەنسـیپ. ئـەو سـەرۆکەش کـە یەکەمجـار گوتـی "کەرکـووك قودسـی کوردسـتانە" مـام جـەلال بـوو.

کـورد هیـچ کاتێـك وازیـان لـە دۆزی کەرکـووك نەهێنـاوە. دوای ئـەوەی ئەمریـکا لەسـاڵی 2003دا کۆتایـی بـە رژێمـی سـەدام حوسـێن هێنـا، هەرچەنـدە کـورد نەیتوانـی راسـتەوخۆ کەرکـووك بگەڕێننـەوە سـەر خاکـی کوردسـتان، بـەڵام لەسـاڵی 2005دا لـە دەسـتووری عێراقـدا لاپەڕەیەکـی نـوێ بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـی کەرکـووك کرایـەوە. بەپێـی دەسـتووری عێـراق کـە لـە 15ی ئەیلوولـی

2005 لـە رێگـەی گشتپرسـییەکەوە پەسـندکرا، هەرسـێ پارێـزگای کوردسـتان وەك هەرێمێـك دەستنیشـانکران و لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە بەڕێوەدەبرێـن. لـە مـاددەی 113دا هاتـووە کـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ئاسایشـی ناوخـۆی کوردسـتان دەپارێزێـت و پێشـمەرگە بەشـێوەیەکی فەرمـی هێـزی پاراسـتنی هەرێمـی کوردسـتانە. هەروەهـا بەپێـی مـاددەی 140 ی دەسـتووری عێـراق پێویسـتبوو لەکۆتایـی سـاڵی 2007 دا گشتپرسـییەك لـە کەرکـووك بەڕێوەبچێـت و بەپێـی ئەنجامەکـەی بڕیـاری ئـەوە درابووایـە کەرکـووك لەگـەڵ حکومەتـی ناوەنـدی عێـراق بمێنێتـەوە یاخـود بگەڕێتـەوە سـەر کوردسـتان.

عێـراق بەڵێنەکـەی خـۆی جێبەجێنەکـرد و نەیویسـت گشتپرسـی لـە کەرکـووك ئەنجامبدرێـت، چونکـە بـاش دەیزانـی بـە ئەنجامدانـی گشتپرسـی خەڵکـی کەرکـووك بڕیـاردەدەن بگەڕێنـەوە سـەر کوردسـتان. لـە حوزەیرانـی سـاڵی 2014 دا کاتێـك داعـش مووسـڵی داگیرکـرد تاوەکـو نزیـك بەغـدا چـوو و سـوپای عێـراق لـە کەرکـووك کشـایەوە، ئـەودەم کەرکـووك کەوتـەوە دەسـت کـورد. بـە فیـداکاری و گیانبازیـی پێشـمەرگە و لـە ئەنجامـی شـەڕ و بەرخودانـدا داعـش سـەرەتا لـە کوردسـتان و دواتریـش لـە تـەواوی عێـراق دەرکـرا.

لـە حوزەیرانـی سـاڵی 2017دا هەرێمـی کوردسـتان بڕیاریـدا کـە گشتپرسـی بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان ئەنجامبدرێـت و کەرکووکیـش بەشـداری تێـدا بـکات. هەرچەنـدە ئەمریـکا و وڵاتانـی دەوروبـەر و زۆربـەی وڵاتانـی دنیـا لـە دژی وەسـتانەوە، گشتپرسـی بەوشـێوەیەی کـە پلانـی بـۆ داڕێژرابـوو لـە 25ی ئەیلوولـی سـاڵی 2017 ئەنجامـدرا. دوای 20 رۆژ لـە ئەنجامدانـی گشتپرسـی، سـوپای عێـراق و بەشـێك لـە هێـزە میلیتاریزەکراوەکانـی سـەر بـە ئێـران بـە هـاوکاری چەنـد کەسـێکی نـاو یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان ، کەرکوویـان داگیرکـرد و دووبـارە لەدەسـت کـورد هاتـەدەرەوە. دوو هەڵـەی سـەرەکی لـە کەوتنـی کەرکووکـدا رۆڵیـان بینـی: 1 - هەرچەنـدە مـاوەی 26 سـاڵ بـوو هەرێمـی کوردسـتان لەژێـر دەسـەڵاتی هێـزە کوردییەکانـدا بـوو، بـەڵام کـورد نەیتوانیبـوو هێزێکـی

هاوبـەش و نیشـتمانی بـۆ کـورد پێکبێنـن. 2 - ئـەو رۆژەی مووسـڵ کەوتـە ژێـر دەسـتی داعـش، کەرکـووك گەڕابـووەوە سـەر هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق هەڵوەشـابووەوە، ئەوکاتـە کـورد دەیتوانـی بـێ ئـەوەی گشتپرسـی ئەنجامبـدەن سـەربەخۆیی خۆیـان رابگەیێنـن، بـەڵام ئەمـەش ئەنجامنـەدرا.

کاتێـك کوردسـتان بڕیـاری گشتپرسـیدا، داعـش بەتـەواوی تێکشـکابوو و هەموو کـەس دەیزانـی کـە عێـراق هێرشـدەکاتە سـەر کەرکـووك، ئەگـەر نەشـتوانێ بێتـە نێـو شـارەکە دەتوانـێ بیـرە نەوتـەکان لەدەسـت کـورد دەربێنێـت. کاتێـك هەندێك کـەس لـە یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان هـاوکاری عێراقیـان کـرد، ئەوکاتـە عێـراق تـەواوی شارەکەیشـی داگیرکـرد. ئەگـەر پاراسـتنی کەرکـووك لـە دەسـتی هێـزە چەکدارەکانـی حیزبـەکان نەبووایـە و لەدەسـت پێشـمەرگەی نەتەوەییـدا بووایـە، عێـراق زاتینەدەکـرد هێرشـبکاتە سـەر کەرکـووك و کـورد ئاوەهـا تێکنەدەشـکا.

هەرچەنـدە دانیشـتووانی کەرکـووك لـە گشتپرسـی 25 ی ئەیلـوودا بـە رێـژەی 80 % گوتیـان بەڵـێ بـۆ سـەربەخۆیی، دواتـر کەرکـووك بـە زۆری زۆرداری لەدەسـت کـوردان دەرهێـنرا. ئەگـەر ئەمریـکا و وڵاتانـی دراوسـێ بیانـەوێ دەسـتووری عێـراق جێبەجێبکرێـت، جارێکیـتر کەرکـووك بەشـێوەیەکی یاسـایی دەگەڕێتـەوە سـەر خاکـی کوردسـتان. چونکـە ئەگـەر رۆژێـك کـورد لەگـەڵ یـەك راسـتگۆبن و یەکێتـی خۆیـان پێکبێنـن، ئـەو رۆژە کەرکـووك دەگەڕێتـەوە سـەر خاکـی کوردسـتان.

# سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان بیبلیۆگرافیای کوردستانێتی کەرکووك

بەهرۆز شوجاعی

## سەرەتا

لەسەر ناسنامەی کەرکووك ، ماوەی سەد ساڵە ناکۆکی لەنێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و کوردانی باشووری کوردستاندا هەیە. ئەم ناکۆکییە بووەتە هۆی تێکچوونی ڕێکەوتنەکانی کورد و بەغدا و، هەرلایەك بەگوێرەی خۆی ناسنامەیەك بۆ کەرکووك دادەنێت . ئەوەی خوارەوە هەوڵێکە بۆئەوەی، بەپێی هەندێك سەرچاوەی ڕۆژئاوایی، لە ناسنامەی کەرکووك وردببینەوە. ئەم توێژینەوە کورتە، لەجیاتی پەیکەرێکی تیماتیك، پەیکەرێکی کرۆنۆلۆژیکی هەڵبژاردووە، بەڵام لە هەمانکاتدا هەندێ تێماشی تێدا هەن. بۆ نموونە هەندێك سەرچاوە لەڕووی جوگرافیای سیاسی عوسمانی و پارچەکانی، باسی کەرکووك دەکەن، هەندێکی دیکەش مژاری دیمۆگرافیای کەرکووك لە ناوەندی سەرنجیاندایە.

بەشێکی زۆریشیان کانزاکانی کەرکووکیان وەك نەوت کردووەتە مژاری سەرەکی ناساندنی کەرکووك. بەڵام تەوەری سەرەکی توێژینەوەکە ناسنامەی جوگرافی و نەتەوەیی کەرکووك بوو، بۆیە داڕشتنێکی کرۆنۆلۆژیك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، وەك پەیکەری سەرەکی هەڵبژێردرا و بەپێی

سەرچاوەکانی بەردەست لە ساڵی 1722وە تاوەکو کۆتایی سەدەی 19 واتە هەتا سەرەتای 1890 خۆی سنووردار دەکات . بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی فەرەنسین، بەڵام سەرچاوەی ئەمریکی، ئەڵمانی، بەلژیکی، ئیسپانی و ئیتاڵیش لە خۆی دەگرێت . بەشێك لە سەرچاوەکان کتێبی شیکردنەوەی جوگرافیان، بەشێکییان مێژوو و بەشێکی دیکەش شایەتحاڵی گەڕیدە رۆژئاواییەکانن کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان گەشتییان کردووە. پێشتر دەقەکان وەرنەگێڕاون، بۆیە دەقە ئەسڵییەکان وەك خۆیان لە پەراوێزدا نووسراون و بیبلیۆگرافیای سەرچاوەکانیش لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دانراون.

## دەقەکان

پێتی دوولا کروا ((de la Croix، 1722:222)، پرۆفیسۆری کۆلێژی شاهانەی فەرەنسا، کە مێژووی تەیموری لەنگی بەقەلەمی شەمسەددینی یەزدی وەرگێڕاوە بۆ فەرەنسی، لە پەراوێزێکدا باسی کەرکووك دەکات و دەڵێت:"کورکورا کە هەمان کەرکووکە بورجێکی نزیك شارەزوورە لە کوردستان." [1]

یوهان هوینەر (Hübner، 1745475 ،474:) لە بەرگی دووەمی کتێبە مێژووییەکەیدا باسی کوردستان دەکات و وێڕای ئاماژە لەسەر ناوی وڵاتەکە و رووبەری جوگرافییەکەی لەسەر میرنشین و شارەکانی کوردستان دەدوێت و دەڵێت: "سەبارەت وڵاتی کوردستان، زۆربەی رووبەری وڵاتەکە بێ دانیشتووانە و خەڵکەکەی ئایینی خۆیان هەیە لەگەل ئایینی کریستیان، بێدین و موسڵمان". لەسەر زاڵبوونی تورکەکان بەسەر کوردستاندا هوینەر باسی ئەوە دەکات کە "تورکەکان کۆنترۆڵێکی ئەوتۆیان بەسەر ئەم ویلایەتانەدا نییە، بەشێکی ئەم

1 (b) Coura Courga, Bourg près de Chehrezour en Courdistan (c) Chehrezour , Ville de Couheftan, frontiere de Courdistan.

وڵاتـە لەلایـەن فارسـەکانەوە داگیرکـراوە کـە دەکەوێتـە ئەوبـەری شـاخەکان، بۆیـە شـاری بتلیـس، لـە قەراخەکانـی دەریاچـەی وان، میـری خـۆی هەیـە کـە ئـازاد و سـەربەخۆیە. بـەڵام شـارەکانیتر لەژێـر هەژموونـی تورکەکانـدان". لێرەدا نووسـەر ئامـاژە بـە شـەڕی نادرشـای ئەفشـار دەکات کـە هێرشـی هێنایەسـەر باشـووری عوسـمانی و بەشـێك لـە خاکـی ئەوکاتـەی عێـراق و کوردسـتانی داگیرکـرد. لەوبـارەوە هویینـەر ئامـاژە بـەوەدەکات کـە "سـەرەڕای شـەڕەکەی 1734 کـە فارسـەکان لـەو شـەڕەدا شـارەزوور و کەرکووکیـان – باشـترین شـار و گوزەرگایەکـی گرنـگ – داگیرکـرد، بـەڵام پـاش ئاشـتییەکەی 1736، تورکـەکان پاشـایەکیان لـەوێ دانـاوە." [1]

یوهـان گێیـۆرگ هاگـەر (Hager، 1747:540) لـە مێژووییەکەیـدا لـەو بەشـەی کـە باسـی کوردسـتان دەکات لـە خاڵـی یەکەم لەسـەر شـارەکان ، باسـی شـارەزوور دەکات و دەڵێـت "لەبـارەی وڵاتـی کوردسـتان [...] شـارەزوور یـان هـەر کەرکـووك شـارێکی خۆشـە و یەکـەم وێسـتگەیە لـە بەرامبـەر موسـڵ و پادشـایەکی تـورك لێیدادەنیشـێت. هەرچەنـدە فارسـەکان لەسـاڵی 1734دا ئـەو شـارەیان داگیرکـرد، بـەڵام لـە سـاڵی 1736 دا شـارەکەیان ئاشـتیانە رادەسـتکردەوە." [2]

ئۆتـر (Otter، 1748:150) گەڕیـدەی فەرەنسـی، ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسـا، لـە گەشـتنامەکەی بـە نـاوی گەشـتێك بـۆ تورکیـا و پەرسـیا، باسـی شـەڕەکانی نادرشـاهی ئەفشـار لـە باشـووری کوردسـتان و عێـراق دەکات . لەسـەر کەرکـووك رایدەگەیێنـێ کـە "کەرکـووك ئەمـڕۆ مەڵبەنـدی ناوچـەی شـارەزوورە و پاشـایەك

1 Von der Landschaft Curdistan. Das Land ist mehr wüste als bewohnt, und die Einwohner haben ihre eigene Religion, der Christlichen, Heydnischen und Mahomethanischen zusammen gesicket ist. Es haben aber die Türcken diese Provinzeben nicht ganz: Denn erstlich gehet ein Streiffen davon ab, welchen sich die Persianer zugeeignet haben,weiler jenseit des Gebirges liegt. Darnach hat die Stadt Betlis, am See Van gelegen,ihren besondern Emir, der einfreyer und souverainer Fürst ist. Das andere gehört noch itzo den Türcken, denn obgleich im letzten Kriege A. 1734. die Persianer Scherazur oder Scheheresoul oder Kerkuk die beste Stadt und wichtigen Paß darinne einnahmen, in welcher ein Türcki scher Bascha residirte: so haben sie doch im Frieden A.1736. dieselbe wieder restituiren müssen.

2 Von der Landschaft Curdistan […] Scherazur, oder Scheheresoul, auch Kerkuk genennet, ist eine gute Stadt und vester Paß der Stadt Mosul gegen über, es ist die Residenz des türkischen Basss. Im Jahre 1734 haben zwar die Persianer diesen Ort weg genommen aber auch 1736. im Frieden wieder hergegeben.

لێــی حوکــم دەکات". بەوشــێوەیە کەرکــووك لــە چوارچێوەیەکــی کوردســتانیدا دەکاتــە بەشــێك لــە شــارەزوور.

نیکــۆل دوولا کــروا (de la Croix، 1752: 129، 130) لــە کتێبــی جوگرافیایــی مۆدێرنــدا لــەو بەشــەی کــە باســی "کوردســتان یــان وڵاتــی کــوردان" دەکات، ئامــاژە بــەوەدەکات کــە کــورد لــە رۆژئــاوای پەرســیا، لــە دیاربەکــر و عێــراق هــەن و چەندیــن میــر و بەگیــان هەیــە، کــە هەندێکیــان دان بــە دەســەڵاتی ســوڵتانی عوســمانی دادەنێــن و هەندێکیشــیان بــە شــاهی ئێــران، بــەڵام هەندێکیشــیان ســەربەخۆن". دوو لا کــروا باســی ســێ شــاری ســەرەکی کوردســتان دەکات کــە بریتیــن لــە بتلیــس، وان و کەرکــووك و لەمــەڕ کەرکــووك دەستنیشــان دەکات کــە "کەرکــووك پایتەختــی کوردســتانی تورکیایــە، لــە باشــوور - رۆژئــاوای شــاخەکانە، شــارێکی گەورەیــە، پاشــایەك لێیدادەنیشــێ و 20 ســەنجەق بــە کەرکووکــەوە گرێــدراون. فارســەکان لــە ســاڵانی 1734 تاوەکــو 1736 کەرکووکیــان داگیرکردبــوو."[1]

یەکێکــی دیکــە لــە کۆنتریــن ســەرچاوە رۆژئاواییــەکان لەســەر کەرکــووك، ئــەو مێژووەیــە کــە لەســاڵی 1766 زایینیــدا لەلایــەن فرانســوا - مــاری دوو مارســیەوە (De Marsy، 1766:304-305) نــووسراوە. دوو مارســی بەگشــتی باســی کوردســتان و شــارەکانی دەکات و لــە خاڵــی یەکــەم لەســەر شــارەکاندا دەڵێــت "کوردســتان ویلایەتێکــە لــە باکــووری عێراقــی عەرەبــی و بەشــێکی گــەورەی ئاشــووری کــۆن دەکەوێتــە کوردســتان. بەشــێوەیەکی خــوار لــە رۆژهەڵاتــی رووبــاری دیجلــە درێــژەی هەیــە و کەوتووەتــە ســەر هێڵــی ئەســتوونی 35 و 38 و درێژییەکــەی

1 Du Curdistan, ou pays des Curdes. On le nommoit autrefois Corduenne, d'où est venu le nom des Curdes. Ces peuples sont répandus dans la partie occidentale de la Perse, dans le Diarbeck & l'Yrac : ils ont plusieurs Princes appellés Beys ou Emirs. Les uns reconnoissent le Grand-Seigneur, d'autres le Persan; quelques-uns sont indépendants.

- Betlis , sur la Riviere de Bendmahi, résidence du plus puissant des Emirs des Curdes. C'est une Ville forte, défendue par une bonne Citadelle.
- Kierkiouk, Capitale du Curdistan Turc. Elle est située au Sud-Est vers les montagnes. C'est une Ville considérable, où réside le Bacha, qui a sous lui vingt Sangiacs. Les Persans l'ont prise en 1734. & 1743.
- Van, au bord d'un Lac de même nom. Plusieurs Auteurs rapportent cette Ville à la Turcomanie : il y a une forte Citadelle où réside un Bacha.

350 کیلۆمەتـرە. شـارەکانی شـارەزوور و کەرکووکـن کـە پایتەختـی وڵاتەکەیـە و لەسـەر گردێکـی بەردیـن دروسـتکراوە ."[1]

جوگرافیناسـی بەنێوبانگـی فەرەنسـی ژان باپتیسـت بورگینیـۆن دانڤیـل (d'An-ville، 1773:81) لـە پێداچوونەوەکانـی جوگرافیایـی ئەکادیمیایـی فەرەنسـیدا دیاریـدەکات کـە "شـارەزوور لـە دەشـتێکە کـە دەوروبـەری شـاخە بەرزەکانـی کوردسـتانی لێیـە. شـاری سـەرەکی حکومەتێکـە لـە عوسـمانی، بـەڵام ئێسـتا ئـەو پاشـایەی کـە حوکمڕانـی دەکات، پایتەختەکـەی بردووەتـە کەرکـووك".[2] هەمـان نووسـەر (d'Anville، 1786:34) لـە ئەتڵەسـی مۆدێرنـی دەسـتیدا دەستنیشـانیدەکات کـە "کوردسـتان وڵاتـی کوردانـە و پایتەختـی کەرکووکـە و شـارە گەورەکـەی ئەربیـل یـان هەمـان ئاربێلـە." [3]

ئابووریناسـی فەرەنسـی ژان باپتیسـت ئانتوان مالیسـێ دێرتێرۆ (d'Hertereau، 1785: 158) لـە کتێبـی زانیـاری ئابـووری وڵاتانـی جیهانـدا دەڵێت:"کوردسـتان وڵاتـی کوردانـە، [شـارەکانی بریتیـن لـە] کەرکـووك، کـە مەودایەکـی کـەم لـە بتلیـس دوورە. بتلیس لەسـەر رووبـاری بەندماهییـە و هەولێـر شـارێکە بازرگانـی زۆرە".[4] زانـای فەرەنسـی، دوولامـارش (Delamarche، 1799:399) وێـڕای هەنـدێ زانیـاری لەسـەر جوگرافیـای مرۆیـی و سیاسـی کوردسـتان، لەسـەر کوردسـتانیبوونی کەرکـووك دەڵێـت کـە "کەرکـووك، پایتەختـی کوردسـتانی تورکیایـە کـە کەوتووەتـە باشـوور - رۆژهەڵاتـی شـاخەکان، شـارێکی شـایانی باسـە، پاشـا لێیدادەنیشـێ و

1 Le Curdistan, Cette province, situé au Nord de l'Irak-Arabi, est une portion considérable de l'ancienne Assyrie. Elle s'étend obliquement à l'Orient du Tigre, entre 35 & 38 degré de latitude, dans la longueur d'environ soixante lienes. Ses villes son 1°. Cherasoul ou Kerkiouk (1), capitale du pays, bâtie sur un grand rocher, dans l'épaisseur duquel ses maisons sont taillées.

2 La situation de Shehr-zour, dans une plaine qu'environment les hautes montagnes du Kurdistan. [...] Sher-zoul, le même que Sher-zour est le chef-lieu d'un Gouvernement particulier. Mais aujourd'hui le Pacha qui commande dans ce Gouvernment, a transféré sa résidence à Kerkouk.

3 Le Curdistan, ou Pays des Curdes, […] cap. Kerkouk: Erbil, autrefois Arbelle…

4 3. Curdistan, ou Pays des Curdes. Kerkouk, à peu distance de Betlis. Betlis .. sur la Rivier Bendmahi. Erbil, Ville de peu de Commerce.

32 سـەنجەقی هەیـە." [1] هەرلەسـەرەتای سـەدەی 19 دا دیاردەبێ کـە دەوڵەتـی عوسـمانی جوگرافیـای سیاسـی کوردسـتان دەگۆڕێـت و بـەرە - بەرە دابەشـیدەکات و هەنـدێ پارچـەی بـە ناوچـە ناکوردییەکانـەوە دەبەسـتێت. گیـۆم - ئانتـوان ئۆلیڤیـێ (Olivier، 1801:300)، گەڕیـدەی فەرەنسـی کـە لـە کۆتایـی سـەدەی 18دا لـە وڵاتـی عوسـمانی، میـسر و ئێرانـدا گەشـتێکی درێـژی کـردووە، لەسـەر رەوشـی کەرکـووك دیاریـدەکات کـە "کەرکـووك بـۆ ماوەیەکـی درێـژ بەشـێکبووە لـە پاشانشـینی شـارەزوور، بـۆ دوو مـاوە پاشـای خـۆی هەبـووە، بـەڵام ئێسـتا شـارەزوور و هەمـوو ناوچەکانـی رۆژهەڵاتـی دیجلـە، بە زێی مەزن و کوردسـتانەوە گرێـدراون بـە پاشانشـینی بەغـداد. ئێسـتا کەرکـووك تەنیـا موتەسـەلیمێکی هەیـە کـە پاشـای بەغـدا بـۆی دەنێرێـت." [2]

مالتێـبروون (Malte-Brun، 1801:413) لـە جوگرافیـای ماتماتیـك، فیزیـك و پۆلیتیکـدا، لەسـەر ئـەو بەشـەی باسـی کوردسـتان دەکات، شـارەکانی کوردسـتان دەناسـێنێت و دەڵێـت " کەرکـووك لـە نزیـك شـاخەکانی بـەرز [...] پایتەختـی راسـتەقینەی کوردسـتانە." [3]

Rühs، Friedrich & Spiker، Samuel Heinrich. (1814). Zeitschrift für die neueste Geschichte die Staaten- und Völkerkunde، Vol I. Berlin: Realschulbuchhandlung.

Saint-Martin de، M.Vivien.(1878). L'Année géographique، Issues 15-16. Paris: Lahure.

Saint-Martin de، Louis Vivien . (1887). Nouveau dictionnaire de géographie universelle. Vol III. Paris: Libraire Hachet Cie.

Silliman، Benjamin et al. (1839). The American journal of science، Vol 37، no 2. New Haven: B. L. Hamlen.

Smet de، J.J. (1842). Nouvelle Géographie Elémentaire. Bruxel : Gand.

Sommerville، Maxwell. (1894). Encyclopedia Britannica، vol XIV. Philadelphia: Sherman & Co.

Sternschuss، P. H. (1848). Journey to Kerkuk، Jewish Missionary intelligence. Vol XIV. London: London Society House.

Thacker، William. (1823). The Oriental magazine، and Calcutta review، Vol I. Calcutta: St. Andrew's Library.

Wahlen، Auguste & van Beveren Jacques Joseph. (1843). Mœurs، usages et costumes de tous les peuples du monde، Vol II. Bruxelles: Librairie Historique-Artistique.

Wilkes، John. (1812). Encyclopædia Londinensis، Vol XI. London: Adlard.

William Guthrie، Langlois. (1819). Abrégé de la Nouvelle Géographie Universelle، Vol II. Paris: Langlois.

Wright، Thomas. (1862). The royal dictionary-cyclopædia، for universal reference، vol III. London: London Printing and Publishing Company.

# ژێـدەرەکانی کوردستانیبوونی کەرکووک: سەرنجێکی مێژوویی

**پ. ی. د. عوسمان عەلی**[1]

کەرکـووك یەکێکـە لـە شـارە دێرینەکانـی ئـەم ناوچەیـە، کـە بـە درێژایـی چـوار بـۆ پێنـج هـەزار سـاڵ ژیانـی تێدابـووە و نـاوی جیـاوازی لـە مێـژوودا هەبـووە. هەڵبەتـە ئـەم نـاوەی دوایـی لـە کۆتایـی سـەدەکانی نێوەڕاسـتدا بەبەردا بـڕاوە. هەروەهـا ئـەوەی گرنگـە بـۆ مێـژوو باسـبکرێت ، ئەوەیـە کـە هەمـوو ئـەو سـەردەمە مێژووییانـەی کـە لەبـارەی کەرکووکـەوە زانـراون، ئـەو شـارە بەشـێکبووە لـە کۆمەڵگـەی کـوردی یـان بەشـێکبووە لـەو ناوچەیـەی ئێمـە ئێسـتا تێیـدا دەژیـن و پێیدەگوترێـت کوردسـتان . کەرکـووك بەشـێکبووە لەهەمـوو ئـەو دەسـەڵات و ئیمپراتۆرییەتانـەی کـە لـە ناوچەکـەدا بوونـە و هەمـوو کوردسـتانیان لەژێـر دەسـتدابووە. بەبـێ ئـەوەی مـرۆڤ بچێتـە نـاو وردەکارییەکانـەوە، تەنانەت لەسـەردەمی میرنشـینەکاندا کەرکـووك یـان لەژێـر دەسـەڵاتی میرنشـینی بابـان بـووە، یـان بەشـێکبووە لەمیرنشـینی ئـەردەڵان.

سـەرەڕای بوونـی چەندیـن بەڵگە و دیکیۆمێنتـی جۆراوجۆر کە کوردسـتانییەتی کەرکـووك دەسـەلمێنێت، ئـەوا دەبینیـن بـە ئامانجـی سیاسـی هەریـەك لـە بـرا عـەرەب و تورکمانـەکان دەیانـەوێ حاشـا لـە کوردسـتانییەتی ئـەم شـارە بکـەن.

1 مامۆستا لە بەشی مێژووی زانکۆی زانکۆی صلاح الدین، زانکۆی ساکاریا، تورکیا. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆی تۆرینتۆ لەکەنەدا.

لەگـەڵ ئەمەشـدا پێویسـتە وەڵامـی زانسـتیانە و مێژووییانـەی ئەوجـۆرە کەسـانە بدرێتـەوە کـە ئایا بەدرێژایـی مێـژوو کـێ لـەم خاکـە ژیـاوە؟ ئایـا کۆنتریـن نەتەوە لـەم خاکـە کێیـە؟ ئایا مێـژووی هاتنـی بـرا عـەرەب و تورکمانەکانمـان دەگەڕێتـەوە بـۆ کـەی؟ ئەمـە و چەندیـن پرسـیاری ئەم بابەتـە کە ئایا گەڕیدەکان و نووسـەرانی بیانـی چ لـە بـارەی ئـەم شـارەوە دەڵێـن؟ ئـەم شـارە کـێ تێیـدا حاکمبـووە و کـێ زۆرینەیـە و خاکـی کێیـە؟

لـە هەوڵـی گـەڕان بـەدوای وەڵامـی ئەمانـە، لـەم تۆژینەوەیـەدا بەشـێوەیەکی سـەرەتایی، ئـەوا پێویسـتە کـە هەنـگاوی یەکـەم نـاوی شـاری کەرکـووك یەکلابکەینـەوە. دواتـر لـە هەنـگاوی دووەمـدا ئامـاژە بکەیـن بـە مێـژووی کۆنـی کـورد لـەم ناوچەیـەدا . لەهەنـگاوی سێیەمیشـدا باسـی مێـژووی هاتنـی عـەرەب و تورکمانـەکان بەگشـتی بـۆ میزۆپۆتامیـا و خاکـی کەرکـووك بەتایبەتـی دەکەیـن.

### شاری کەرکووك لەڕووی ناونانەوە :

توێـژەری شـوێنەوارناس ئوسـتن لایـارد لـە سـەدەی نوزدەیەمـی زاینی سـەردانی کوردسـتانی کـردووە و دەڵێـت: "سـەنحاریب مەلیکـی ئاشـووری هێرشیکردەسـەر گونـد و شـارەکانی باکـووری رووبـاری وڵاتـی رافیدەیـن و توانـی دەسـت بەسـەر ناوچەکـەدا بگرێـت و لـە شـاری ئارابخـا نیشـتەجێبوو و کۆشـکێکی لـە شـاری ئارابخـا بـۆ بەرێوەبردنـی شـارەکە بنیاتنـا کـە ئـەم حاکمـە سـەر بـە ئاشـوورییەکان بـووە" .[1] ئەمـەش ئاماژەیەکـی روونـە بـۆ ئـەوەی کـە شـاری ئارابخـا هـەر لـە کۆنـەوە دانیشـتووانەکەی بـە خەڵکـی ناوچـەی چیانشـین نـاسراون. ئەمـەش ئاماژەیـە بۆئـەوەی کـە باپیـرەی گـەورەی ئـەم ناوچەیـە کـوردە و ئـەم شـارە پێـش ئاشـوورییەکان هەبـووە.

1 Layard، Austen Henry، Sir، 1817-1894.Discoveries in the ruins of Nineveh and Babylon; with travels in Armenia، Kurdistan and the desert: being the result of a second expedition undertaken for the Trustees of the British Museum. New york ، Harper publishers ، 1873 ، p.120، by Layard، Austen Henry، Sir، 1817-1894.

هەندێك لـە بەڵگـە مێژوویـیـەكان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەكـەن كـە دانیشـتووانی ئـەم شـارە لـە نـەوەی گوتییەكانـن ، لەگـەڵ ئەمەشـدا لێكۆلینـەوە ئاركیۆلۆژییەكان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەكـەن كـە ئـەم شـوێنە نـاسراوە بـە ئارابخـا و یاخـود ئارفـا، كـە ئـەم راسـتییەش لەلایـەن دائیـرەی مەعارفـی ئیسـلامی لەبـارەی كەركووكـەوە لەلایـەن شـوێنەوارناس سـس ستریك، كـە ئامـاژەی بـە شـاری ئاریخـا (كەركووكـی ئەمـڕۆ) كـردووە. هەروەهـا سـیدنی سـمیپ ( Sidney Smith) و ئێـچ گـەد (H Gadd .) لەبـارەی كەركووكـەوە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەكـەن كـە شـاری كەركـووك ئـەو شـارەیە كـە لـە مێـژوودا بـە "ئارابخـا" نـاسراوە .[1] هەروەهـا لەسـەردەمی بابلییەكانـدا بـۆ نـاوی ئـەم شـارە، ئامـاژە بـە (ئامیخـە) هاتـووە.

هەروەهـا دەزانیـن زانایانـی بەریتانـی بەتایبەتـی ئیـدوارد شـێری و برادەركانـی كـە هەلكۆلێنیەكانیـان لەسـاڵی 1925 ئەنجامـداوە دەربـارەی تابلـۆ مێژوویـیـەكان، ئـەوا شـاری كەركـووك بـە گرووپـی نـوزی ناودەبـەن لـە گونـدی یوغـان تەپـە (تركـەلان ) كـە 10 میـل لـە باشـووری رۆژئـاوای كەركووكـەوە دوورە. ئـەم تابلۆیـەش ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی كـە شـێوەزاری قسـەكردنی گەلـی ئارابخـا لـە شـێوەزاری گەلەكانـی كـە لـە باكـووری رووبـاری دیجلـە وەك گوتییـەكان و حورییـەكان و میتانییـەكان نزیكبـووە .[2] بـەڕای گشـتی مێژوونووسـان كـە ئـەم خەڵكـە چیانشـینانە، باپیرانـی كـوردن و هـەر كوردیشـە لـەم ناوچەیـە (كەركـووك) دا ژیـاون .[3]

هەروەهـا نـاوی كۆنـی كەركـووك نـاوی یەكێـك لـە خواوەندەكانـی ئاشـوورییە. لەسـەردەمی پارپـی نووسـەر بەتلیمـۆس باسـی كوركـورا/ كـور كـورا (بـە یۆنانـی كـۆن Kóρκυρ) دەكات كـە ئـەم ئاماژانـە هەمـووی دەگەڕێنـەوە بـۆ نـاوی

1 LES CONTRATS DE KERKOUK AU MUSÉE BRITANNIQUE ET AU MUSÉE DE L 'IRAK. C. J. Gadd. Tablets from Kirkuk. (Extrait de la Revue cTAssyriologie el ... publiée par V. Scheil en 1925 (Rev. d'Assyr.، XXII. 143)،

2 C. J. Gadd، "Tablets from Kirkuk، " royal Asiatic society( RA) XXIII (1926) 49-161.

3 Gernot Wilhelm ، THE HURRIANS ، translated from German by ، JENNIFER BARNES ، with a chapter by DIANA L. STEIN Aris & Phillips Ltd- Warminster- England. 1989 p.59.

کەرکـووك. یاخـود بـۆ ناوچـەی باباگوڕگـوڕ کـە نزیکـەی پێنـج کیلۆمەتـر لـە سـەنتەری شـاری کەرکووکـەوە دوورە. لەسـەردەمی سـلوکییەکان نـاسراوە بـە (کردخـادی بیـت سـلوق، واتـە: قـەڵای ماڵـی سـلوقییەکان) دەکەوێتـە نێـوان دوو رووبارەکـە" نـاوی کهردخـای بیـت سـلوق ئـەو ناوەیـە کـە بـە زمانـی ئارامـی بەمانـای قـەڵای سـلوقیە دێـت . ئـەو زمانـە لەوکاتـەدا زمانـی هاوبەشـی نێـوان باکـووری عێـراق و وڵاتـی شـام بـووە. [1]

ناوچـەی کەرکـووك لەسـەرچاوە مێژووییەکانـدا بەتایبەتـی لـە سـەرچاوەکانی مێـژووی ئاراميیەکانـی رۆژهـەڵات و سریانییـەکان و ئاشـوورییەکان نـاسراوە بـە (ماڵـی غرمـای) (السريانيـة: ܒܝܬ ܓܪܡܝ). یاخـود "بیـپ غارمـای" یـان "بیـت غـارم". هەروەهـا ئەسـڵی وشـەی سریانـی بـە مانـای (ماڵـی گەورەیـی) هاتـووە. لـە سـاڵانی 150-226 پێـش زایینـی، نـاوی کەرکـووك بـە ئارخیـا، دیـپ سـلوخ هاتـووە کـە ناوەنـدی پایتەختـی غارمـای بـووە . لـە سـەردەمی حوکمڕانـی ساسـانییەکان (226-651) شـاری کەرکـووك بـە شـاری غارمـاکان نـاسراوە. لەسـەرچاوە سریانییەکانـدا ئامـاژە بەنـاوی بیـت غارمـای کـراوە. ئەمـەش خـودی شـاری کەرکـووك دەگرێتـەوەو بەنـاوی کردخـا نـاسراوە. هەروەهـا لـە بـاپ سـیلخ داهاتـووە کـە ئـەم نـاوە لەسـەردەمی مەلیـك سیلیوکوسـی یەکـەم (نزیکـەی 280-225 پێـش زایینـی) کـە بورجێکـی دروسـتکردووە لەنـاو قـەڵا . لـە مـاوەی حوکمڕانـی ساسـانییەکان ئـەم شـارە ناوەنـدی نەسـتوورییەکان بـووە. شـاری کارمایـا شـوێنی نیشـتەجێبونی پادشـای سـلۆقی یەکـەم بـووە.

مەسـیحییەکان لەسـەردەمی شـاپووری دووەم (279-310) و لـە سـەردەمی حوکمڕانـی یەزدگـوردی دووەم، هـەزاران نەسـتووری شـارەکە کـوژراون. لەوکاتـە بـەدواوە باردۆخـی مەسـیحییەکان باشـتر بـووە، چونکـە لەوکاتـەدا کەسـایەتییەکی مەسـیحی دەبێتـە راوێـژکاری خـوسرەوی دووەم (591-628)، کـە دواتریـش

1 مدینه کرکوك کوردیه . بالمراجع والوثائق | piv one - اغانی mp3 ..
.https://www.piv.one/vb/t30821.html

شـارەکەی ئـەم ڕاوێـژکارە (یازدیـن) بـە شـاری کەرخـی یازدیـن ناسـێنراوە.[1]

هەروەهـا مێژوونووسـە عەرەبـەکان لـە سـەرچاوە سریانییەکانـدا بۆیـان دەرکەوتـووە کـە لـە هەرێمـی بیـت غارمـا شـارێك هەبـووە بەنـاوی کارخینـا کـە دەتوانیـن بڵێیـن تاوەکـو ڕادەیەکـی زۆر مەبەسـتیان لـە نـاوی کارخینـا شـاری کەرکووکـە.

مامۆسـتا عەونـی داوودی لـە تۆفیـق وەهبییـەوە دەگوازێتـەوە کـە کەرکـووك شـارێکی کۆنـە کـە لـە یەکێـك لـە کۆنتریـن دەستنووسـە بزمارییـەکان لـە شـاری هەولێـر لـە بـارەی شـاری کەرکووکـەوە زانیـاری تایبەتمـان لـە ڕۆژمێـری جوگرافـی نـاودار لـە بـارەی سـەرجۆنی ئەکەدییـەوە (2473-2530 پێـش زاییـن) پێـدەدات. هەروەهـا لـە ڕۆژمێـری ناوبـراو وشـەی وڵاتـی ئەربـخ لەنێـو نەوەکانـی ئاسـووری، لۆلۆیـی، گوتیـۆم، ئەکـەدی و تـاد.. هاتـووە کـە تێیـدا وشـەی ئەربخـە بـە مانـای شـاری کەرکـووك دیاریکـراوە.[2] لـە کتێبـی (فاتحـة انتشـار المسـيحية فـی إمبراطورية الإيرانييـن)، " ميسـوبوتاميا وإيـران " 100 ـ 537) وشـەی ئارابخـا بـە مانـای شـاری کەرکـووك هاتـووە.

دکتـۆر شـاکر حەسـباك لـە کتێبـی (العـراق الشـمالي)دا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە: سـۆمەرییەکان و دواتریـش ئەکەدییـەکان و دواتریـش حوکمڕانـی گۆتییـەکان پایتەختەکەیـان شـاری ئارابخـا بـووە کـە دەکەوێتـە نزیـك شـاری کەرکووکـی ئێسـتا. هەروەهـا دکتـۆر شـاکر خەسـباك لـە کتێبـی (الکـورد و المسـألة الکـوردية)دا[3] دەڵـێ یەکەمجـار ئـەو نـاوەی کـە بـە شـوێنی ئێسـتای کەرکـووك هاتـووە، لەسـەردەمی تەیمورییـەکان لـە کتێبـی: شرف الديـن علـی یـزدی (ظفـر نامـە) کـە لەدەوروبـەری سـاڵانی 1424-1425 نـووسراوە.[4]

---

1 Kramers، J.H." Kirkuk".

2 عونی الداودی "کرکوك" المدينه الضاحکه بالنار والنور "
http://cabinet.gov.krd/articles/detail.asp?lngnr=14&smap=01010400&rnr=84&anr=514

3 کژلك الدکتور شاکر خصباك فی " الکورد والمسئله الکوردیه " ، ص ، 51 بیروت ، ط 2 ، 1959

4 جبار قادر "کرکوك ، تاريخ عريق و واقع مرير".

لـە خوێندنـەوەی مێـژووی ئـەم شـارەدا (شـاری ئارابخـا) دەردەکەوێـت کـە لەلایـەن گوتییەکانـەوە دروسـتکراوە. لـە تۆمـارە مێژووییەکانـی پاشـای ئاشـووری (تکلـت- نـزت الأول1255 1218- پێـش زاییـن)دا هاتـووە کـە ئـەو وڵاتـی ئارابخـای دەستبەسـەرداگرتووە .[1] بـەڵام سـەبارەت بـە زانـای زمانەوانـی مسـتەفا جـەواد کـە بەشـێوەیەکی زمانەوانـی دەیـەوێ لەبـارەی مێـژووی کەرکووکـەوە بدوێـت ، دەڵێت:"مێـژووی شـاری کەرکـووك بـەو نـاوەی نـاوی لێـنراوە کەرخێنـی یـان کارخانـی یـان کارخیـن وەك زۆربـەی شـارەکانی جیهـان تائێسـتا نادیـارە کـە پێویسـت دەکات دەرفەتێـك برەخسـێنین ئـەم ناڕوونییـە بـە دەسـکەوتێکی ئارکیۆلـۆژی یاخـود داتایەکـی تـازە بێتەکایـەوە و ئـەم ناڕوونییـە یەکلاببێتـەوە"، بـەڵام تائێسـتا ئـەو بۆچوونانـەی هـەن گشـتیان هەڵـەن، چونکـە لەسـەر پیتـی وشـەکان یاریدەکـەن کـە جارێـك پێیدەڵێـن کـەرخ سـلۆقا و جارێکیـتر پێیدەڵێـن کەرخـا بیـت سـلۆق (شـاری سـلۆکییەکان). ئەوانـەی بـەم بۆچوونـەوە کاردەکـەن، دەبـێ بەشـێویەکی ورد و بابەتیانـە بـاس لـە خـودی کەرکـووك بکـەن و خۆیـان نەخەڵەتێنـن بـە لێکنزیکبوونـی چەنـد ناوێـك".[2]

لەبەرئـەوەی مسـتەفا جـەواد سـەرلەنوێ دەڵێـت:" هیـچ پەیوەندییـەك لەنێوان کـەرخ و کـەرخ سـلۆقی نییـە و شـاری کەرخینـی شـارێکی تایبەتـە کـە خـودی شـاری کەرکـووك دەگرێتـەوە. هەروەهـا هەنـدێ نووسـەر هـەن، ئامـاژە بـە وشـەی بابـە و گوڕگـوڕ دەکـەن، ئـەو وشـەیەی کـەوا بەتلیمـۆس باسـیکردووە کـە بـە تورکـی بـە مانـای رووناکـی و ئاگـر دێـت. ئـەم وشـەی بابەگـوڕ گـوڕە بەهیـچ

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=46585

الحوار المتمدن-العدد: 1331 - 2005 / 9 / 28 - 13:53

المحور: القوميه ، المساله القوميه ، حقوق الاقليات و حق تقرير المصير

1 عونی الداوودی - کرکوك - المدينه الضاحکه بالنار والنور.

www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=2157

2 کرکوك فی التاريخ - mesopot.com

www.mesopot.com/old/adad5/74.htm

کرکوك فی التاريخ د. مصطفی جواد/ بغداد ـ کرکوك

شـێوەیەك لـە پێـش هاتنـی عوسـمانییەكان بەكارنەهێـنراوە، چونكـە وشـەی بابـا لـە زمانـی توركیـدا بەمانـای بـاوك دێـت. هەروەهـا وشـەی گوڕگـوڕ لـە توركیـدا بـە مانـای نـوور و ئاگـر دێـت".

ئـەوەی ئێمـە لێیتیدەگەیـن وشـەی بابـا گوڕگـوڕ نـاوی مرۆڤـە و هیـچ پەیوەندییەكـی بـە سـەردەمی ئاشـوورییەكانەوە نییـە. هەروەهـا تەنیـا چوارسـەد سـاڵ پیـش ئەمـڕۆ ئـەم نـاوە هاتووەتەكایـەوە. [1]

یەكەمجـار نـاوی كەركـووك وەك نـاو كـە بەكارهاتـووە، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی نۆیەمـی كۆچـی، بەرامبـەر بـە سـەدەی پانزەیەمـی زایینـی كـە لەلایـەن قەرەقۆینلوەكانـەوە بـۆ یەكەمجـار ئـەم نـاوە بەكارهاتـووە. لە یەكەم پەرتووكیشـدا هاتـووە كـە ئـەو پەرتووكـە فارسـییە بـە نـاوی زەفەرنامـەوە نـووسراوە لـە سـاڵی 1393ی زایینـی،[2] كـە باسـی هێرشـی تەیمـووری لەنـگ دەكات بـۆ شـاری كەركووك ، ئـەو نـاوە بـۆ یەكەمجـار لـەو كتێبـەوە هاتـووە، سـەبارەت بـە ناوەكـەش وەكـو نێـوی كەركـووك هەندێـك دەڵێـن وشـەیەكی ئارییـە و بـە مانـای" قـەڵا "دێـت، بـەڵام بەهـۆی پاشـگرەوە گۆڕانـی بـە سـەرداهاتووە و بەشـێوازی "كەركـووك" چەسـپیوە، هەندێـك دەڵێـن وشـەی كەركـووك لـە "كاری كۆكـەوە" هاتـووە، بـەڵام بـە تێپەڕبوونـی كات گۆڕانـی بـە سـەردا هاتـووە و لـە ئاكامـدا وشـەی كەركـووك چەسـپیوە. [3]

بـو یەكلاییكردنـەوەی ناوەكـە دەتوانیـن بڵێین ئارابخـا ناوە كۆنەكـەی كەركووكە و كەرخیـن لـە چاخەكانـی ئیسـلام لـە پێـش قەرەقۆینلـو بەكارهاتـووە بـۆ شـارێك لـە هەرێمـی كرمـەكان ( باجرمـی) كـە پێدەچێـت كەركـووك بێـت.

---

1 عونی الداودی "كركوك" المدینه الضاحكه بالنار والنور. "
http://cabinet.gov.krd/articles/detail.asp?lngnr=14&smap=01010400&rnr=84&anr=5 14

2 G. Le Strange، The Lands of the Eastern Caliphate. Mesopotamia، Persia، and Central Asia from the Moslem conquest to the time of Timur، (Cambridge: Cambridge University Press، 1905)، 92 note 1.

3 Kramers، J.H. ، Kirkuk ، Encyclopdeia of Islam ، 2nd Ed. http://referenceworks.brillonline.com/entries/encyclopaedia-of-islam-2/kirkuk-SIM_4390?s.num=0&s.rows=20&s.f.s2_parent=s.f.book.encyclopaedia-of-islam-2&s.q=kirkuk.

## کەرکووك لە چاخە کۆنەکانی مێژوودا :

کەرکووك یەکێکە لە شارە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەر لە کۆنەوە ناوەندێکی بازرگانی گرنگبووە. ئەگەر زۆر بۆچوون و بیروڕای جیاواز لەبارەی مێژووی دروستبوونی شار و قەڵاکەیەوە هەن، بەڵام زۆربەی زانیارییەکان ئەوە دەردەخەن کە قەڵای کەرکووك لەنێوان ساڵانی (3500-4500 ) پێش زایین دروستکراوە. لە دەقە دۆزراوەکانی نوزی ئاماژەیەکی روون دەدرێت کە گوتییەکان یەکێك لە دانیشتووانە کۆنەکانی کەرکووکی ئێستا و هەرێمەکانی دەوروبەری بوون. گوتییەکان لقێکن لەو دانیشتووانە کۆنەی کوردستان کە رۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە بنیاتنانی شاری کەرکووك.[1] مێژوونووسان هەموو لەسەر کوردبوونی ئەم نەتەوەیە کۆدەنگن. رەنگە ئەم چەند دێرەی سەرەوە ئاماژەیەکی زۆر روونبن لەسەر کوردستانیبوونی ئەم شارە.

بەپێی بەڵگە شوێنەوارناسی و مێژووییەکان و پاشماوەکانی کۆنە شاری ئارابخا لە باکووری رۆژهەڵاتی شارەکەدا دەکەوێتە ژێر کەلاوەکانی قەڵای کەرکووکی ئێستا و لەژێر گردێکی نیمچە بازنەیی کە نزیکەی 120 مەتر لەسەر ئاستی دەوروبەریدا بەرزبووەتەوە و لە لێواری رۆژهەڵاتی رووباری خاسەدا بنیاتنراوە. بەشی خوارووی قەڵاکە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە، سەرەوەشی دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی ئیسلام . [2]

ئارابخاییەکان (خەڵکی کەرکووك) لە ماوەی گەورەتربوون و مەزنبوونی دەسەڵاتی گوتییەکان حوکمی سۆمەری و ئەکەدییەکانیان کرد بۆ زیاتر لە سەدەیەك: واتە ساڵی 2116 پ.ز . لەبەرئەوە لە دەوروبەری رووباری خابوورەوە پادشای حوری ( کیکلب اتل 2116-2230 پ . ز ) کە لە پایتەختەکەیدا نزیك

1 گۆران ئیبراهیم ساڵەح، کەرکووك لە سەردەمی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی 1909-1876ز، 18 -17.

2 . کامەران کویخوا : کەرکوك لە ژێر رۆشنایی دەقەکانی نوزیدا ، 2007 ، 38.

ئامــوودە دادەنیشــت لــە باكــووری ســووریا، هەوڵیــدا ســنووری شانشــینەكەی فراوانــتر بــكات هــەروەك تۆمارەكانــی (بوغــاز كۆیــی) بۆمانــی ڕووندەكەنــەوە. ئــەم هەوڵانــەش لەســەر دەســتی (اتــل _ شــین) كــە لــە پارچەیەكــی برۆنــزی بۆمانــی تۆماركردبــوون و لــە بناخــەی پەرســتگەی نــزكال لــە وڵاتــی سۆمەر دۆزرایــەوە. لەو پارچەیــەدا كــە بــە خەتــی بزمــاری نووسرابــوو بــە زمانــی ئەكەدیــش دەڵــێ: ( اتــل - شــینی كــوڕی ایــن شــترمات، پادشــای وڵاتــی ئوركیــش و نــاوازە كــە هەمــوو ئــەو زەویانــەی دەگرێتــەوە كــە دەكەونــە نێــوان ڕووبــاری خابــوور و دیالــە). [1]

كەركــووك لــە دوای ڕووخانــی نەینــەوا لەســەر دەســتی میدییــەكان لەســاڵی 612 پ. ز لــە ئاكامــدا ســەرجەم ئــەو هەرێمانــەی كــە دەكەوێتــە ڕۆژهەڵاتــی دیجلــە و باكوورییــەوە كەوتووەتــە نــاو سنووری دەســەڵاتی میدییەكانــەوە. ئەمــە كەركــووك و هەولێــر و هەرێمەكانــی سەربەوانیشــی دەگرتــەوە. [2]

دوای هاتنــی ئەســكەندەری مەكدۆنــی بــۆ ئــەم ناوچانــە لەســاڵی 331 پ . ز لــە ڕووبــاری زێــی بچــووك پەڕییــەوە لــە ســەرچاوەی نەوتــی ئارابخــا نزیكبــووەوە. نووســەری یۆنانــی پلوتــارك ئامــاژە بــەوە دەكات كــە ئەســكەندەر دوای شــەڕی گۆگامــلا لەرێگــەی ئارابخــاوە بــەرەو بابــل ڕۆشــیتبوو. لەوێــش لەســەر ڕێ قــەڵای كەركووكــی چاككردبــووەوە. [3]

## كەركووك لە سەردمی ئیسلامیدا

لــە بــارەی ســەرەتای هاتنــی ســوپای ئیســلام بــۆ شــاری كەركــووك، هەمــوو ســەرچاوەكان لەســەر ئــەوە كۆكــن كــە عەرەبــەكان لەگــەڵ هاتنــی ئیســلام لــە ســەردەمی عومــەری كــوڕی خەتتــاب لەســاڵی 637 هاتوونەتــە كەركــووك كــە

1 . جمال رشید ، مێژووی كۆنی كەركوك ، موكریان 2008 : 32.

2 گۆران ئیبراهیم ساڵەح، كەركوك لە سەردەمی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی 1909-1876ز، 24.

3 جمال رشید ، مێژووی كۆنی كەركوك ، موكریان 2008 : 55.

ئـەو ناوچانـەش لەلایـەن هاشـمی کـوڕی عوتبـەی کـوڕی فەرقـەد فەتحکـراون . تەنانـەت بـلازەری لـە کتێبـی (فتـوح البلـدان) لـە فەتحکردنـی ناوچەکـەدا ئامـاژە بـە رۆڵـی هاشـمی کـوڕی عوتبـە و ئەشمەسـی قەیسـی کەنـدی دەکات. [1]

بەگشـتی مێـژووی هاتنـی عـەرەب و تورکمانـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای مێـژووی ئیسـلام و بەهـۆی ڕووداوە جیاوازەکانـەوە هاتوونەتـە ناوچەکـەوە. بـەڵام ئـەوەی جێگـەی بایەخپێدانـە بـەر لـەو مێـژووەی ئـەوان ئایـا دانیشـتووانی شـاری کەرکـووك و ناوچەکانـی دەوروبـەری کـێ بـوون؟ بێگومـان دانیشـتووانی ڕەسـەنی ناوچەکـە کـورد بـوون.

بـۆ ئەمـەش دەتوانیـن سـوود لـە مێـژووی چەندیـن شارسـتانییەت و دەوڵەتـی جیـاواز ببینیـن کـە هەموویـان لـە خاکـی کوردسـتاندا ژیـاون و بـە باپیرانـی کوردیـان دادەنێیـن. هـەروەك دەوڵەتـی سـۆمەری، گوتـی، میتانـی، میـدی و ..تـاد. تەنانـەت لـە سـەردەمی هاتنـی سـوپای ئیسـلام بـۆ فەتحـی ناوچەکـە بەگشـتی، ئـەوا هیـچ ئاماژەیـەك بـۆ بوونـی عـەرەب لـەم ناوچەیـەدا نییـە، بەڵکـو ئـەوەی هەیـە ئـەم ناوچانـە بـە (اقلیـم جبـال - هەرێمـی چیـا) نـاسراون کـە ئەمـەش شـوێنی نیشـتەجێبوونی کـورد بـووە.

خسـتنەڕووی بۆچوونـی گەشـتیارە جوگرافییـەکان لەبـارەی کەرکـووك کـە لـە کتێبـی مەسـعوود عەبدولخالـق (ناسـنامەی کەرکـووك) وەرگیـراوە، بەوشـێوەی خوارەوەیـە:

ا- گەڕیدەکانـی جیهانـی ئیسـلامی، لەوانـە: ئیـبن بەتووتـە ئـەو ناوچانـەی بـە دانیشـتووی کـورد وەسـفکردووە لـە کتێبێـك بەنـاوی (تحفـە النضـار فـی غرائـب الامصـار- ص208) و دەڵـێ: "کـە سـەردانی ئەسـفەهانم کـرد، ڕێگـە پڕبـوو لـە ڕەشـماڵی کـوردەکان". [2]

---

1 فتـوح البلـدان، دار الکتـب العلمیـە، القاهـرە، 1957، ص407، بەوەرگرتـن لـە: پشـکۆ حەمەتاهیـر ئاغجەلـەری، "شـاری کەرکـوك" لـە نێـوان سـاڵانی 1926-1917"، ل34.

2 بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی مێژووی دەسەڵاتداران و حوکمڕانانی شاری کەرکوك، بڕوانە: پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکوك لە نێوان ساڵانی 1926-1917"، ل42-21.

ب- قلقشــندی لــە (نهایــة الارب فــی أنســاب العــرب) دەڵــێ کــورد لــە 20 شــوێن هــەن، لەوانــەش: بــلاد کرخینــی (کەرکــووك) و داقــوق .

ت- (ابن حوقل - 977 پ ، یاقوت حموی-1178 م).

ج- ابن مهلهل، قزويني، أبو الفدا (732ك لەبەرامبەر1331ز).

خ- ابن فضل العمري ، ابن خلدون ( 1406)ز.

د-  ئیستەخری (346-ك بەرامبەر957ز).

ئەمانــە هەموویــان باســی کوردیــان کــردووە لەســەرووی جەبــەل حەمریــن، بــەڵام باســی عــەرەب و تورکمانیــان نەکــردووە .

ئــەوەی لــە نــووسراوی ئــەم گەشــتیارە غەیــرە کوردانــەدا تێبینیدەکرێــت، ئەوەیــە کــە جوگرافیــای کەرکــووك بەشــێکبووە لــە کوردســتان و کــورد زۆرینــەی نیشــتەجێبووانی لــەو ناوچەیــە پێکهێنــاوە لــە هەمــوو ســەدەکانی ئیســلامدا . بــەڵام ئەمــە بــە مانــای ئــەو نایێــت کــە ئینــکاری ئــەوە بکەیــن کــە میللەتانــی دیکــەش لــەم شــارە ژیابــن و رەگ و میژوویــان بســڕینەوە. ئــەم ناوچانەش چەندیــن میللەتی ناکــورد حوکمیــان کــردووە کــە تورکــمان و عــەرەب بــوون، بــەڵام لەگــەل ئەوەشــدا نابــێ ئــەوەش بکەنــە پێــوەری مافــی خۆیــان و حاشــا لــە مافــی کــورد بکــەن. ئەگــەر لۆژیکــی ئــەم پێــوەرە نازانســتییە بەکاربێنیــن، کەواتــە ئــەوکات بــۆ عــەرەب رەوایــە بڵــێ ئەندەلــووس و باشــووری ئیســپانیا وڵاتــی عەرەبــە، چونکــە خۆیــان تێیــدا حوکمیــان کــردووە. یاخــود بڵێیــن شــاری ئیســتەنبوول و ئەدەنــە شــارێکی تورکــی نییــە چونکــە کوردێکــی زۆری تێــدا دەژیــن!

نابــێ ئــەوەش لــە یادبکەیــن کــە شــاری کەرکــووك بەشــێکبووە لــە ســنووری حوکمڕانــی میدییــەکان. دوای ئــەوەی هاوپەیمانێتیــان لەگــەڵ ئیمپراتۆریەتــی بابــل بەســت دژی ئاشــوورییەکان، لــە ئەنجامــدا توانییــان شــاری موســڵی پایتەختــی ئاشــووری بگــرن و کۆتایــی بــەم ئیمپراتۆرییــە بەهێــزە بێنــن. میدییــەکان بــە کەرکووکیــان دەگــوت (کــی هــەرك).

هــەر ســەبارەت بــە ناوەکــەی، یاقــوت حەمــەوی نــاوی کەرکووکــی بــە کەرخینی

هێنـاوە کـە لـە وەسـفی شـارەکەدا دەڵێـت: شـارەکە لەسـەر گردێکـە کـە کەمێك زەوی داپۆشـیوە و قەڵایەکـی لەسـەر بنیاتـنراوە کـە دەکەوێتـە نێـوان داقـوق و ئەربیـل.

لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە ئەنجامـی لێکۆڵینـەوە و پشـکنینێك کـە بریتییـە لـە تابلۆیەکـی شـوێنەواری لـە گونـدی ترکـەلان کـە سـەر بـە کەرکووکـە و 10 میـل لـەو شـارەوە دوورە، بەشـێکبووە لـە سـنووری جوگرافـی کاشـییەکان (هەنـدێ مێژوونـووس دەیانگەڕێننـەوە سـەر باپیرانـی کـورد) کـە دەسـتیانگرتووە بەسـەر بابـل لـە سـاڵی 1600 پ ز.

بەکورتـی و پووختـی کەرکـووك ناوێکـی مێژوویی ڕەگ داکوتـاوەو هەرێمەکەش هەمـوو مێژوونووسـە عـەرەب و موسـڵمانەکان پێیانگوتـوە (باجرمـی) یـان (گەرمیـك) و دواتـر بەشـێوەیەکی پلەبەنـدی بەشـێك لـە وشـەکانی گـۆڕاوە بـە کەرخینـی و دواتـر بـووە بـە باجرمـی و ئـاوا بەکارهاتـووە.

دوای ئـەوەی ناوچەکانـی باشـووری کوردسـتان بـە چەنـد ماوەیەکـی جیـا - جیا لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی شـانزەهەمدا واتـە دوای شـەڕی چاڵدێـران لـە 1514 بوونـە بەشـێك لـە ئیمپراتـۆری عوسمانی،دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی زۆربـەی ئـەم ناوچانەیـان لـە چوارچێـوەی ویلایەتێکـدا ڕێکخسـتووە کـە نـاوی شـارەزوور بـووە، چونکـە لـە سـەرەتادا مەڵبەندەکـەی لـە دەڤـەری شـارەزووردا بـووە و پایتەختـی ئـەم ئەیالەتەیـان سـەرەتا لـە قـەڵای زەڵـم دانـاوە، بـەڵام دواتـر عوسـمانییەکان پایتەختـی ئـەم ئەیالەتەیـان گواسـتەوە بـۆ گوڵعەمبـەر.

لـە سـاڵەکانی کۆتایـی سـەدەی شـازدەهەمدا عوسـمانییەکان مەڵبەنـدی ئـەم ویلایەتەیـان لـە قـەڵای گوڵعەنبـەرەوە گواسـتەوە بـۆ کەرکـووك. بەمـەش کەرکووك بـووە مەڵبەنـدی ئەیالەتـی شـارەزوور و ئەمـەش بـە خاڵێکـی وەرچەرخانـی گرنـگ لـە مێـژووی شـاری کەرکـووك و ئەیالەتـی شارەزووریشـدا دادەنرێـت. هـۆکاری ئـەم گواسـتنەوەیە دەگەڕایـەوە بـۆ نزیکـی سـەنتەری پێشـووی ئەیالەتەکـە واتـە

گوڵعەنبـەر لـە ئێرانـەوە. ئەمـەش وایکردبـوو ئـەم دەڤـەرە ببێتـە شـانۆی سـەرەکی زۆربـەی شـەڕ و کـردەوە سـەربازییەکانی نێـوان هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمانی و سـەفەوی. ئیـتر بەوگواسـتنەوەیە کاری ئـەم ئەیالەتـە کـە مەڵبەندەکـەی شـاری کەرکـووك بـووە، لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ئێرانـەوە گـۆڕا بـۆ سەرپەرشـتیکردنی دەڤـەری فراوانـی شـارەزوور. [1]

ئەیالەتـی شـارەزوور تـا سـاڵی 1779 بـەردەوام دەبێـت. دواتـر لەگـەڵ شـاری بـەسرە خرانـەوە سـەر ویلاتـی بەغـدا. لـە کاتـی حوکمڕانـی سـلێمان پاشـای گـەورە تاوەکـو سـاڵی 1849 جارێکـی تـر ئەیالەتـی شـارەزوور دادەمەزرێتـەوە کـە لیواکانـی کەرکـووك، سـلێمانی و ڕەواندزیـان پێکدەهێنـا. شـاری کەرکـووك ناوەنـدی ئەیالەتەکـە بـووە، بـەڵام ئەمـە بـەردەوام نەبـووە، بەڵکـو دووبـارە و جـاری دووەم ناوچـەی شـارەزوور و کەرکـووك بـووەوە بەشـێك لـە ویلاتـی بەغـدا.

لـە کاتێکـدا ئـەوە ڕوون و ئاشـکرایە کـە ویلایەتـی شـارەزوور یەکێکبـووە لـە گەورەتریـن ویلایەتەکانـی نیـوەی یەکەمـی سـەدەی حەڤدەیـەم. [2]

هەرچەنـد بەڕێـز دکتـور فـازڵ بەیـات دەیـەوێ ئـەوە بسـەلمێنێ کـە کەرکـووك و هەولێـر لـە چوارچێـوەی ویلایەتـی شـەهرەزووردا نەبـوون، چونکـە زۆرینـەی دانیشـتووانی تورکمانـی بـوون، بـەڵام نووسراوەکانـی کارگێـڕی عوسـمانی و مێژووی ویلایەتـی شـارەزوور ئـەوە دەچەسـپێنن کـە پێچەوانـەی بۆچوونەکەیەتـی. بەڵکـو ویلایەتـی شـارەزوور بـە کەرکووکـەوە، بـۆ ماوەیەکـی درێـژ لەژێـر فەرمانڕەوایـی میرنشـینی بابـان بـووە و زۆربـەی کات نـاوی شـارەزوور و کەرکـووك بەیەکـەوە هاتـوون، وەك ڕۆژهەڵاتناسـە شـارەزاکانی، مینۆرسـکی و بۆسـوۆرت لـە بابەتێکـدا لـە ئەنسـکلۆپیدیای ئیسـلام دەربـارەی شـارەزوور گوتوویانـە کـە ئـەم ناوچەیـە بـەر لـە هاتنـی ئیسـلام بەشـێکی مێژوویـی و کولتـووری و نـەژادی لـە ویلایەتـی گەرمایـە (کەرکـووك).

1 د.بەختیار سەعید مەحمود شوانی: کەرکوک و ویلایەتی شارەزوور لە سەردەمی عوسمانی، http://www.gulan-media.com.

2 فاضل بيات ، الدوله العثمانيه فى المجال العربى - دراسه تاريخيه فى الأوضاع الإداريه / مطلع العهد العثمانى- أواسط القرن التاسع عشر من مركز دراسات الوحده العربيه بيروت 2007. ص ص 350-348.

**ئەوان لەوبارەوە دەڵێن:**

لـە کۆتاییـدا حوکمـی ئەردەڵانییـەکان لـە شـارەزوور سـڕایەوەو لەمـەودوا شـارەزوور دەبێتـە بەشـێك لـە حوکمـی بابانییـەکان و شـەرعیەت لـە ئیسـتەنبۆل وەردەگرێـت. لـە سـەرەتای سـەدەی 18دا، ئیبراهیـم پاشـای بابـان ناوچەکانـی ئەربیـل، کۆیسـەنجەق، شـارباژێڕ، روانـدز، هەریـر، گوڵعەنبـەری یەکخسـت و میرنشـینی بابانـی لـە کوردسـتان بەرفـراوان کـرد، کـە ئەوسـا بەشـێك لـە شـارەزوور بـووە.[1]

وەك چـۆن لـە قانووننامـەی سـوڵتان سـلێمانی قانوونیـدا هاتبـوو کـە دەوڵەتـی عوسـمانی لـە عێـراق حوکمیـان دەکـرد، بەگوێـرەی ئـەم قانوونـە، کەرکـووك بەشـێکبووە لـە ویلایەتـی شـارەزوور.

لـە سـەردەمی شـاڵاوی سـوڵتان سـلێمانی قانوونـی لەسـاڵی 1534 کە بەمەسـتی دەرهێنانـی بەغـدا لەژێـر دەسـتی سـەفەوییەکان بەڕێگـەی کەرکووکـدا تێپـەڕی و بـۆ پتەوکردنـی ئیـدارەی تورکـەکان لـە عێـراق هەنـدێ لـە بنەماڵـەی تورکەکانـی لـەم شـارە نیشـتەجێکردووە. عوسـمانییەکان پۆسـتی سـەرۆك ئیـدارەی شـارەکەیان بەخشـی بـەو بنەماڵانـە (بابانییـەکان).[2]

گەڕیـدەی بەناوبانگـی عوسـمانی ئەولیـا چەلەبـی کـە لەسـاڵی 1655 بـە کوردسـتاندا تێپەڕیوە،کاتێـك لـە بەغـداوە بـەرەو کوردسـتان تێدەپەڕێـت، لەسـەرەتای باسـی بابەتەکەیـدا دەڵێت:"ئـەو دەروێشـە بـێ ریـا فەقیـرە لەگـەڵ یوسـف کەتخـودا لـە خاکـی کوردسـتاندا زانیـاری سـەبارەت شـەهرەزوول دەدات: "شـەهرەزوول، لوڕسـتان، وڵاتـی عیمادییـە (ئامێـدی) کـە گوزەرمـان پێیـدا کـرد" . ئـەوەی جێگـەی ئاماژەیـە لـە باسـی ئـەم شـوێنانەی سـەردانیکردن، ئـەوا باسـی

1 . V. Minorsky-C.E. Bosworth]،Shahrazūr ،http://referenceworks.brillonline.com/entries/encyclopaedia-of-islam-2/shahrazur-SIM_6772?s.num=17&s.q=+S%CC%B2h%CC%B2ahriz%C5%ABr.

2 گۆران ئیبراهیم ساڵەح، کەرکوك لە سەردەمی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی 1909-1876ز، 33-32.

یەکە بە یەکەی ئەو قەڵا و شارانەی سەر ڕێگەی دەکات. یاخود باسی ئەو قەڵایانە دەکات کە لە خاکی کوردستاندا هەن . بۆ ئەمەش لە لاپەڕە 184ی دەقی دەستنووسەکەدا ئاماژە بە قەڵای کەرکووك دەکات و قەڵای کەرکووکی بە (کەرکووکی شارەزوور) ناوبردووە.[1]

سنووری ویلایەتی شارەزوور کە مەڵبەندەکەی کەرکووك بووە، لە باشوورەوە ویلایەتی بەغداو لە باکوورەوە موسڵ و حکومەتی ئامێدی کە خۆی لە میرنشینی ئامێدیدا دەبینیەوە، هەڵکەتبوون. هەکاری و ئازەربایجانیش لە باکوور و وڵاتی فارس لە ڕۆژهەڵاتی ویلایەتەکەدا بوون. هەندێجار بەم ویلایەتە دەگوترا ئەیالەتی* کەرکووك و، ژمارەی سەنجەقەکانی کەرکووك لە 20 ئەیالەت کەمتر نەبوون.

ژمارەی سەنجەقەکانی ئەم ئەیالەتە کە پایتەختەکەی کەرکووك بووە، ڕووی لە زیادبوون کرد. ئەوەتا گەشتیاری فەرەنسی ئۆتێر کە خۆی دووجار لە ساڵانی (1735_1739) هاتووەتە شاری کەرکووك دەڵێت:" کەرکووك پایتەختی شارەزوورە کە شارەزووریش خۆی بەشێکە لە کوردستان و حکومەتی شارەزوور لە 32 سەنجەق پێکهاتووە".[2]

ئەم ئەیالەتە لە سەرەتادا سەر بە ئەیالەتی لوڕستان بووە و دوای چەند کاتێکی کەم سەربەخۆ بووە و هیچ جۆرە دەسەڵاتیکی ویلایەتی بەغدا و موسڵی بەسەرەوە نەبووە، بەڵکو وەك تەواوی ئەیالەتەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی لە ئیستەنبووڵەوە حوکمڕانی دەکراو و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەوێوە والی بۆ دادەنرا. ئەم بارودۆخە سەبارەت بە ئەیالەتی شارەزوور بەدرێژایی هەردوو سەدەی شانزە و حەڤدە بەردەوام بووە. لە کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا کەرکووك جارێکی دیکە دەبێتە گۆڕەپانی ڕووداوەکان

1 بڕوانە دەقی کتێبە دەستنووسەکەی ئەولیا چەلەبی، بەرگی چوارەم، ل184.

د.بەختیار سەعید مەحمود شوانی: کەرکوک و ویلایەتی شارەزوور لە سەردەمی عوسمانید http://www.gulan-media.com.

2 بیات ، ص 49-348.

لـە ئەنجامـی بەهێزبوونـی میرنشـینی بابـان، بەهـۆی یەکێـك لـە میـرە هـەرە بەهێزەکانـی ئـەم میرنشـینە کـە سـلێمان پاشـای بەبـە بـووە.

ئەمـەش بەهـۆی ئەوەی سـلێمان پاشـای بەبە توانـی هەندێ لە سـەنجەقەکانی کەرکـووك دەستبەسـەردا بگرێـت ، لەوانـە: درنـە، زەنگەنـە، هەریـر، کۆیـە، هەولێر و قـەرەداخ. تەنانـەت پاشـای بابـان توانـی والـی شـارەزووریش بەنـاوی دلاوەر پاشـا بکوژێـت. هاتنـی ئـەم میـرەی بابـان بـووە هـۆی ئـەوەی بیـر لـە گرتنـی شـاری کەرکـووك بکاتـەوە. ئەمـەش لەبەرئـەوەی ئـەم میـرە دەیویسـت شـاری کەرکووکیـش بخاتـە ژێـر قەڵەمـڕەوی خۆیـەوە. دوای ئـەوەی لـە کۆتایـی سـاڵی 1689 دەسـتی بەسـەر ناوچـەی شـارەزووردا گـرت، بـەڵام دلاوەر پاشـای والـی شـارەزوور ویسـتی بەرگـری بـکات دژی خواسـتەکانی میـری بابـان و لـە ئەنجامـدا لەسـاڵی دواتـر لەلایـەن سـلێمان بەبـەوە کـوژراوە. بەوشـێوەیە کەرکـووك کەوتـە نێـو بازنـەی دەسـەڵاتی میـری بابـان. لەبەرانبـەر ئـەم پێشـهاتانەدا حەسـەن پاشـای والـی بەغـدا لـە ئیسـتەنبووڵەوە بەسـیفەتی موتەسـەلیمی کەرکـووك دانـراوە. ئـەم کارەش لەپێنـاو گەڕانـەوەی ئارامـی بـووە بـۆ ناوچەکـە . هـەر بۆیـە دواتـر لـە ئەنجامـی هاریـکاری نێـوان هـەردوو دەوڵەتـی عوسـمانی و سـەفەوی، ڕاپەڕینـی سـلێمان پاشـای بابـان لـە سـاڵەکانی کۆتایـی سـەدەی حەڤدەیەمـدا لەنێوبـراوە. [1]

کەرکـووك لەسـەرەتادا مەڵبەنـدی ویلایەتـی شـارەزوور بـووە تاوەکـو سـاڵی 1879و پاشـان مەڵبەنـدی ئـەو ویلایەتـە گوێزراوەتـەوە بـۆ شـاری موسـڵ . شـێخ ڕەزای تاڵەبانـی ئـەو ڕاستییەی بـۆ چەسـپاندووین لـە بەیتـە شـیعرێکدا بـە زمانـی تورکـی و دەڵـێ: " موسـڵ ئۆغلـو ویلایـەت، نافعـە ئەفەنـدی والـی، وەیلـون لەکوم ڕەعیـەت، چولپاشـو ئەهالـی". واتـە موسـڵ بـووە پایتەخـت و نافیـع ئەفەندیـش کرایـە والـی، لەوەدەچـێ ئـەم نافیـع ئەفەندییـە والـی بووبـێ لـە کەرکـووك یـان کاربەدەسـتێکی گـەورە بووبـێ، بـەڵام زۆر سـتەمکاربووە. دەڵـێ موسـڵ بـووە

1 د.بەختیار سەعید مەحمود شوانی: کەرکوک و ویلایەتی شارەزوور لە سەردەمی عوسمانیدا. http://www.gulan-media.com.

ویلایـەت و نافیـع ئەفەندیـش کـرا بەوالـی، ئەوجـا قوڕتـان بەسـەر خەڵکـی ناوچـەی شـارەزوور و کەرکـووك . پێشـتر شـێخ ڕەزا لـە قەسـیدەیەکدا کـە باسـی ناوچـەی کەرکـووك و میرنشـینی بابـان دەکات و لـەو قەسـیدەیەدا باسـی خـۆی دەکات کـە منداڵـی دەبسـتان بـووە، دەڵـێ:

لە بیرم دێ ســــولەیمانی کە داروملولکی بــــابــــان بوو
نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهــید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو....

شـێخ ڕەزا لـە تەمەنی سـی سـاڵیدا بـۆ یەکەمجار سـەفەری ئیسـتەنبووڵ دەکات کـە دەگاتـە دەڤـەری بادینـان لـەوێ دەچێتـە گونـدی بریفـکان . لـەوێ مەرقـەدی شــێخ نوورەدینــی بریفکانــی لێبــووە کــە زۆر دۆســتی شــێخ عەبدوڵڕەحمانــی خاڵسـی باوکـی بـووە. لەوێـدا بـە قەسـیدەیەك بـە زمانـی فارسـی باسـی ئـەوە دەکات و دەڵێـت: "مـن لـە ویلایەتـی شـارەزوورەوە هاتـووم و ئەچـم بـۆ وڵاتـی ڕۆم". ئـەوە دەلیلـی ئەوەیـە کـە لـەو سـەردەمەدا کەرکـووك مەڵبەنـدی ویلایەتـی شـارەزووربووە. لای ئێمـەی کـورد ئێسـتاش بـە تورکیـا دەڵێیـن وڵاتـی ڕۆم. ئـەم بەیـت و قەسـیدەیەی شێخ ڕەزا ئەوەمـان بۆ دەسـەلمێنێ کە سـەردەمێك کەرکووك پایتەختـی ویلایەتـی شـارەزوور بـووە. پاشـان لەسـاڵی 1879دا ئـەو مەڵبەنـدە لـە کەرکووکـەوە گوێزراوەتـەوە بـۆ شـاری موسـڵ. ئەمـە لـەڕووی مێژووییـەوە کۆمەڵێـك دیکیۆمێنتـی دیکـەش هـەن، یەکێـك لەوانـە نەخشـەیەکە کـە لـە سـاری 1794 لـە فەڕەنسـا ئامادەکـراوە و لـە لەنـدەن بڵاوکراوەتەوە، کەرکـووك کەوتووەتە ناوجەرگـەی کوردسـتانەوە. بەپێـی ئـەو نەخشـەیە کوردسـتان دووبـەش بـووە، ئـەو بەشـەی کـە سـەر بەدەوڵەتـی عوسـمانییە و لەگـەڵ بەشـە بچووکەکـەی کـە سـەر بـە دەوڵەتـی قاجـارەکان بـووە.[1]

1 چاوپێکەوتنـی هـەر یەکـە لـە بەڕێـزان د. جەبـار قـادر,د. نـوری تاڵەبانـی، م.جـەلال جەوهـەر لـە سـایتی خـاك http://www.

## کوردستانیەتی کەرکووک: نووسینی گەڕیدەکان و ئینسکلۆپیدیا جیهانییەکان

لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیدا ئاماژە بۆ کوردستانییەتی کەرکووك دەکرێت و تێیدا هاتووە "کەرکووك شارێکە دەکەوێتە باکووری عێراق، (145میل/223کم) لە باکووری بەغدا، پایتەختی نیشتمانییە و بەهۆی رێگەی زەوینی و شەمەندەفەرەوە بە بەغداوە دەبەسترێتەوە. دەکەوێتە نزیك زنجیرە چیای زاگرۆس لە هەرێمی کوردستانی عێراق". [1]

ئینسکلۆپیدیای دانیمارکی لەبارەی کەرکووکەوە بەوشێوەیە نووسیویەتی "کەرکووك شاری کێڵگەی نەوتییە، دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی عێراقەوە. بەشێکە لە کوردستان و 250کم لە بەغداوە دوورە."

ئینسکلۆپیدیای ئەڵمانی لە دواناساندنی شاری کەرکووکدا بەوشێوەیەی نووسیوە "کەرکووك بەپێی مێژوو دەگەڕێتەوە بۆسەر کوردستان. کوردستان و عێراق لەساڵی 1638 کەوتنە ژێر رکێفی عوسمانییەکان و لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا کەوتە ژێر رکێفی بەریتانیاوە".

هەروەها ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی لەبارەی کەرکووکەوە نووسیویەتی: "دەسەڵاتی راستەقینەی ئەم ناوچەیە،لە سەرۆکە کوردە خۆجێیەکانی ناوچەی ئەردەڵان بوون. دەوڵەتی عوسمانیش دواتر توانی بە پشتبەستن بە چالاکی پاشاکانی شارەزوور دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم شارەدا بسەپێنێت".

هەروەها لە ساڵنامەی ژمارە پێنجی ویلایەتی موسڵ لەساڵی 1912دا ئاماژە بە ژمارەی دانیشتووانی کەرکووك کراوە و تێیدا ژمارەی دانیشتووانی بە (94.588) کەس خەمڵاندووە و دانیشتووانی ناوەندی قەزای کەرکووکیشی

/http://kurd1.ir و khaktv.net

1 31. A. Clément، "Excursion dans le Kourdistan Ottoman Méridional de Kerkout à Ravandouz، " Le Globe. Journal Géographique organe de la Société de Géographie de Genève pour ses Mémoires et Bulletin، t. V، fasc. 3، (1866): 198-200.

بـە 41.137 هەژمارکـردووە و ئامـاژەی بەوەکـردووە زۆرینـەی خەڵکەکـەی بـە پلـەی یەکـەم کـوردن و بـە پلـەی دووەم عـەرەب و تورکمانــن.

لەگـەڵ ئەمەشــدا نووســەری فەرەنســی (ژان ئۆنــارە) لەســاڵی 1774دا کـە بـە کوردسـتاندا تێپەڕیـوە، لەبـارەی کەرکووکـەوە دەڵێـت "کەرکـووك پایتەختـی ویلایەتــی شــارەزوورە و بەشــێکە لــە کوردســتان".

نووسـەری ئەڵمانـی د.رۆهـەر لـە کۆتایـی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا سـەردانی کوردسـتانی کـردووە و دواتریـش کتێبێکـی نووسـیوە بەنـاوی (رێگـەی بەغـدا)، کـە لـەم کتێبـەدا دەربـارەی پەترۆڵـی کوردسـتان نووسـیویەتی "خـۆم سـەردانی سـەرچاوە پەترۆلییەکانـی کەرکووکـم کـرد. هەروەهـا سـەردانی سـەرچاوەکانی دیکەشـم کـرد لـە دەوروبـەری بابـە گوڕگـوڕ..." . ئـەوەی لێـرەدا جێگـەی ئاماژەیـە شـاری کەرکووکـی خسـتووەتە چوارچێـوەی کوردسـتانەوە.

شەمسـەدین سـامی، زانـا و گەڕیـدەی تـورك لـە کتێبەکەیـدا (قاموسـی ئەعلام)، لـە بەرگـی پێنجەمـی کتێبەکەیـدا لـە لاپـەڕە 3845 دا باسـی شـاری کەرکووکـی کـردووە و تێیـدا ژمـارەی دانیشـتووانەکەی بـە 30 هـەزار کـەس هەژمارکـردووە کە لـەم ژمارەیـەدا سـێ لەسـەر چـواری خەڵکەکـەی بـە کـورد دانـاوە و بەشـەکەی دیکـەی بـە کەمەنەتـەوە و ئایینەکانـی دیکـەی وەك عـەرەب و تورکـمان دانـاوە . تەنانـەت ئامـاژە بـۆ ژمـارەی جوولەکـە و کلدانییـەکان کـردووە کـە 760 جوولەکـە و 460 کلدانــی تێدابــوون.

لەگـەڵ ئەمەشـدا عەلـی جـەواد لـە کتێبـی (ممالك عثماننك تاریخـا و جغرافیـا لغـاتي) ئامـاژە بـۆ ئـەوەدەکات کـە "کەرکـووك، مەڵبەندی سـەنجەقی شـارەزوورە."

هەروەهـا ئەندازیـاری رووسـی یوسـیب یوسـف، کـە نـاسراوە بـە (چیرنیـك) لــە گەشــتەکەیدا بــۆ ناوچەکانــی کوردســتان لەنێــوان ســاڵانی (1873-1872) سـەردانی شـاری کەرکووکـی کـردووە و ژمـارەی دانیشـتووانەکەی بەنزیکـی 15-12 هـەزار کـەس هەژمارکـردووە. جەختیشـی لـەوە کـردووە کـە جگـە لـە 40 خێزانـی ئەرمەنـی ، دانیشـتووانی شـاری کەرکـووك بەگشـتی کـورد بـوون.

## هاتنی تورکمانەکان بۆ عێراق:

سەبارەت بە سەرەتای هاتنی تورکمانەکان بۆ خاکی عێراق بەگشتی و هەروەها کەرکووك بەتایبەتی ئەوا دەبینین کە مێژوونووسی گەورەی بە رەگەز تورکمان بەڕێز پ.د.سینان مەعروفئۆغلۆ ، کە ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی جەلال بایار لە تورکیا، لە کتێبە بەنێوبانگەکەی سەبارەت (باکووری عێراق لە سەردەمی عوسمانییەکاندا)، لە لاپەڕە 54 ئاماژە بە سەرەتای هاتنی تورکمانەکان بۆ عێراق دەکات . بۆ ئەمەش سوودی لە رای زۆربەی مێژوونووسان و شارەزایانی مێژووی تورکمانان وەرگرتووە و مێژووی هاتنیان بۆ خاکی عێراق دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی ئومەوییەکان لەساڵی 674ز/54ك. لەم کاتەدا فەرمانـدەی ئومەوییەکان عوبەیدوڵای کوڕی زیاد دوو هەزار سەربازی تورکمانەکانی لە بوخاراوە هێناوەتە شاری بەسرە بەمەبەستی سەرکوتکردن و لەنێوبردنی جووڵانەوەی زەنجییەکان. ئینجا دواتر بەپێی گۆڕانکاری و رووداوە مێژووییەکانی نێو دەوڵەتە ئیسلامییەکانی دیکە ، ژمارەی تورکمانەکان لە عێراق زیادیان کردووە تاوەکو گەیشتووەتە ئەمڕۆ.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆن، لەو شارە ناوی تورك و ناوی عەرەبیش نابینی جێگیربووبن، تاوەکو نیوەی سەدەی نۆزدەهەمیش هیچ بەڵگەنامە و سەرچاوەیەکی زانستی وامان لەبەردەستدا نییە کە ژمارەی کەرکووکمان بە تەواوی بخاتە بەردەست. بەڵام لە نیوەی دووەم بەدواوە، دەبینین لە رێگەی نووسراوی چەند گەڕیدەیەکەوە، یاخود چەند رۆژهەڵاتناسێکەوە کە سەردانی شاری کەرکووکیان کردووە، یاخود گەڕاونەتەوە بۆ سەرچاوە تورکییەکان یان چوونەتە دەوڵەتی عوسمانی، باسیان لە ژمارەی شاری کەرکووك کردووە، بەڵام هەروەك مامۆستای بەڕێزم دکتۆر جەبار قادر دەڵێ ئێمە لێرەدا دەبێ

ئـەوە بزانیـن ناتوانیـن بەشـێوازێکی تـەواو وەك بنەمایەکـی زانسـتی پشـت بـەو سـەرچاوانە ببەسـتین. لەبەرئـەوەی ئـەو سـەژمێرییەی گەڕیـدەکان کردوویانـە، سـەرژمێرییەکی گشـتی نەبـووە، ئەمـە خاڵـی یەکەمـە.

خاڵـی دووەم ئـەو گەڕیدەیـە یـان ئـەو ڕۆژهەڵاتناسـەی هاتووەتـە شـاری کەرکـووك لـە چەنـد ڕۆژێـك زیاتـر نەماوەتـەوە. یـان زۆر زۆر مابێتـەوە پانـزە بـۆ بیسـت شـەو ماوەتـەوە. بەوشـێوەیە ناکـرێ لەمـاوەی ئـەو پانـزە بـۆ بیسـت شـەوەدا سـەرژمێری هەمـوو شـارەکەی کردبێـت. لە هەمـوو ڕووێکەوە سـەرژمێری کردبـێ و چەنـد نەتـەوەی تێدایـە، ئـەوە کاتـی دەوێـت.

خاڵـی سـێیەمیان ئەوەیـە سـەرژمێرییەکانی بەشـێوازی بـازاڕی کـراون. ئـەو کەسـەی کـە سـەرژمێرییەکەی کـردووە چووەتـە نێـو بـازاڕەوە و سـەیری بـازاڕی کـردووە و لەوێـوە بڕیـاری لەسـەر پێکهاتـەی ڕەگەزی،یـان ژمـارەی شـارەکە داوە.

لـە نیـوەی لـە دووەمـی سـەدەی نۆزدەهەمـەوە سـەرژمێرییەکان زیاتـر دەرکەوتـوون . بـۆ نموونـە یەکێـك لەوانـە یوسـپ یوسـفە کەسـێکی ڕووسـە کـە بـە چیرنیـك نـاسراوە. لـە گەشـتێکیدا بـۆ ناوچەکانـی کوردسـتان لەنێـوان سـاڵانی 1872بـۆ 1873دا سـەردانی شـاری کەرکووکـی کـردووە. ژمـارەی دانیشـتووانی شـاری کەرکووکـی بـە 12 بـۆ 15 هـەزار کـەس دانـاوە. جەختیشـی لەسـەر ئـەوە کـردووە کـە زۆرینـەی خەڵکـی شـارەکە کـوردن. 40 خێزانـی تێدایـە کـورد نەبـوون، ئەوانـەش مەسـیحی یاخـود ئەرمەنیبـوون.

هەرچـی بـارۆن ئیـدوارد نۆدایـە لەبـارەی سـەرژمێری کەرکووکـەوە دەڵـێ:" بەپێـی ئـەو ڕاپۆرتانـەی لـە تورکیـا بەرچـاوم کەوتـوون، دانیشـتووانی کەرکـووك لـە 17 هـەزار و 500 کـەس پێکدێـن. لـەو ژمارەیـەش 4500یـان سـەربازی دەوڵەتـن. لێـرەدا مەبەسـتی سـەربازی دەوڵـەت ئـەو تورکانـەن یـان ئـەو تورکمانانـەن کـە لـە کەرکـووك ژیـاون و وەك لایەنـی سـەربازی هێـنراون بـۆ شـارەکە. واتـە تاوەکـو ئەوکاتـەش بـە خەڵکـی کەرکـووك هەژمارنەکـراون.

لەگـەڵ گـۆڕانـکاری دەسـەڵاتەکان لـە ناوچەکـەدا، بەگشـتی دەبینیـن

فەرمانڕەوایانی کورد لەم شارە هەردەم باڵادەستبوون. هەروەك لە سەرچاوە و بەڵگەنامە عوسمانییەکاندا ئاماژە بە هەبوونی فەرمانڕەوایی میرەکانی ئەردەڵان و دواتریش هەبوونی فەرمانڕەوایی میرەکانی بابان لە شاری کەرکووك دەکات .

لە زۆر شاری کوردستاندا سەربازگەی عوسمانی پەیدا بووە، لەوانە قشڵەی کەرکووك بوو کە بۆ ئەو کارە دروستکراوە. کەرکووك بۆخۆی بووە ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەی کاربەدەستانی سەربازی، کاربەدەستی ئیداریشی تێیدا سەربە دەوڵەتی عوسمانی بووە. لێرەوە ئەو پرۆسەیە دەستپێدەکات. وەك دەبینین لەساڵی 1873دا باسی کەس ناکرێ لە کورد زیاتر. لەساڵی 1895دا باسی ئەوە دەکرێ چارەکێکی دانیشتووانی کەرکووك کورد نین. مەسەلەیەکی دیکە هەیە زۆرجار لە بیردەکرێ ئەویش ئەوەیە سەربازانی عوسمانی و کاربەدەستانی دەوڵەت لە کەرکووکدا وەك بەشێك لە دانیشتووانی شار حیساب نەکراون لە هیچ سەرژمێرییەکدا، چونکە ئەوانە خەڵکانێکی بێگانە بوون و سەردەمی سەربازییان تەواوبووە و ڕۆیشتوونەتەوە. کاتێك کارمەندێتی و مەئموورییەتیان تەواوبووە، ڕۆیشتوونەتەوە.

## هاتنی عه رەب وتورکمان بو کەرکووك:

بەشـێوەکی گشـتی لـە ناوچـەی کەرکـووك دوو هـۆزی سـەرەکی عـەرەب هـەن، ئەوانیـش هـۆزی تکریتـی و عەشـیرەتی عوبێـدن. سـەبارەت بـە عەشـیرەتی تکریتـی لـە کەرکـووك، ئـەوە لەسـەدەی 16 لـە سـووریا لەگـەل سـوڵتان مـورادی چـوارەم بـوون. لەبەرامبـەر ئـەوە بـە بەخشـینی زەوی لـە گوندەکانـی باشـووری ڕۆژئـاوای کەرکـووك لەگـەڵ شـاری تکریـت نیشـەجێبوون، وەك عەشـیرەتەکانی دیکـە نشـیتەجێکراون لـە کەرکـووك کـە لەسـەردەمی مەلیکـی لـە عێـراق و هـۆزی عوبێـد و جبـوور. هـۆزی عوبێـد هاتـن بـۆ کەرکـووك لـە دوای ئـەوەی لـە موسـڵ کەوتنـە کێشـەوە و لـە ناوچـەی حەویجـە نیشـتەجێبوون لەسـاڵی 1935 و لەسـەردەمی حکومەتـی یاسـین هاشـمیدا. [1]

ئـەوە ئاماژەیـەك بـووە لـە بەشـی دووەمـی کتێبـی ( القضیـة الکردیـة العراقیـة) ی مامۆسـتا نـبراس کازمـی. ئـەو ئامـاژە بـە سیاسـیەتی بەعەرەبکردنـی کـرداری دەکات لەسـەردەمی حکومـی پاشـایەتیدا کـە سـەرەتا لەمـاوەی نیشـتەجێکردنی هۆزەکانـی عوبێـد و ئەوانـەی دیکـە لـە پـڕۆژەی ئـاوی حەویجـە کراوەتـەوە و جێبەجێکـراوە. بـەڵام عوبێدیـش 400 سـاڵ پێـش ئیسـتا لـە نەجـدە کۆچیـان کـردووە و دواتـر بـۆ باکـووری چیـای شـنگال کـە بەشـێکە لـە هەرێمـی جەزیـرە کـە دواتریـش لـە کەرکـووك گیرسـاونەتەوە. شـەمەریش کـە لـە جەزیـرەی عەرەبی هاتوونەتـە ئـەم ناوچەیـەوە. بەچەنـد شـەپۆلێکەوە شـەمەر پاڵدەنێـن بـە عوبێـد کـە بێنـە دەشـتی حەویجـە و دواتـر عوبێـد دەبنـە ئـەرك بەسـەر بەیـات و عـەزە (عەزاوییـەکان) کـە ئەوانیـش ناچاردەبـن بێنـە کەرکووك و لـە ئەنجامدا بەشـێکیان

1 یناقـش اسـتاژی الفاضـل جبـار قـادر حمـلات التعریـب بدقـه الیاحـث والاکادیمـی النزیـه کرکـوك : قـرن و نصـف مـن التتریـك و التعریـب، المنشـور فـی (الملـف العراقـی ) ، العـدد 99 ، اژار 2000 ، ص 46-42 ؛وکژلـك بحثنـا الموسـوم ، السیاسـات الحکومیـه فـی کرکـوك خـلال العهـد الملکـی (1921 - 1958 ) ، فـی کتـاب: کرکـوك ، مدینـه القومیـات المتآخیـه ، لنـدن 2002 ص -151 189 ، نـوری الطالبانـی ، کرکـوك ، ومحـاولات تغیـر واقعهـا ، ص 7 ، لنـدن 1997

بوونـە تورکـمان و تاوەکـو لەسـەرەتای پاشـایەتی عوبێدییـەکان لـەو قەزایـەدا بەشـێوەیەکی رەسـمی نەبوونـە. [1]

سـەبارەت بـە هاتنـی تورکمانـەکان، بەشـێوەکی گشـتی تورکـمان ئـەوە بەحیسـابی ئـەوان باپیرانیـان لـە عێـراق بـوون و لەسـەردەمی فتوحاتـی ئیسـلامی و مـاوەی حوکمڕانـی ئەمەوییـەکان و عەباسـییەکان و بـەر لەوکاتـەش و بەتایبەتـی دواتریـش لەژێـر حکومڕانـی سـەلجوقییەکان کـە لەسـەرەتادا لـەو شـارە نیشـتەجێبوون. سـەلجوقییەکان لەسـاڵی 1055 و بەسـەرکردایەتی توغـروڵ بـەگ هاتنـە عێـراق و بـۆ مـاوەی 63 سـاڵ حوکمـی عێراقیـان کـرد. مێژوونووسـی عێراقـی (عبدالـرزاق الحسـيني) رای وایـە کـە تورکمانەکانـی عێـراق بەشـێکبوونە لـە سـوپای سـوڵتان مـورادی چـوارەم و کاتێـك عێراقیـان گـرت، دوای دەرکردنـی سـەفەوییەکان لەسـاڵی 1638 بەشـێکبوون لـەو سـەربازانەی کـە بـۆ پاراسـتنی رێگـەی نێـوان ویلایەتـەکان مابوونـەوە. [2]

دوای زیادبوونـی نفـوزی تورکـی لـە عێـراق، گرتنـی شـاری بەغـدا لەسـاڵی 1115، ئـەو ناوچانـە لـە ژێـر فەماندەیـی توغـرول بـەگ، توانـی بکشـێت تاوەکـو باکـووری میزۆپۆتامیـا وەك ناوچەکانـی موسـڵ، ئەربیـل و کەرکـووك . ئەمـەش بـووە هـۆی دروسـتبوونی چەندیـن میرنشـین و دەوڵەتـی تورکمانـی، لەوانـە ئیمارەتـی موسـڵ، ئەربیـل و کەرکـووك . لەنێـوان هـەردوو دەوڵەتـی قەرەقۆینلـۆ و ئـاق قۆینلـۆ و کریسـتانەکان و بەشـێك لەوانـە دەبنـە مەسـیحی .

ئـەو نەوچانـە لەژێـر فەرمانڕەوایـی تورکمانـەکان بـە دوو سـەدە بـووە پێـش لەدایکبوونـی دەوڵەتـی عوسـمانی لەسـاڵی 1515. ئـەو میرنشـینە تورکمانیانـە بوونـە بەشـێك لـە دەوڵەتـی عوسـمانی و بـە تێپەڕبوونـی سـەردەم بوونە بەشـێکی گرنـگ لـە پیکهاتـەی شـاری کەرکـووك .

1 بقلـم نـبراس الكاظمـی/ القضيـه الكرديه-العراقيـه مـن خـلال أربعـه كتـب (4-2) الجـزء الأول والثانـی الصـادر سـنه 1946 عـن مطبعـه الزمـان ببغـداد،

.https://www.alhurra.com/a/iraqi-kurdish-story/400801.htm

2 Turkmenlerin Rolu Irakta Nasıl Okunmalı...

لـە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا، کەرکـووك بەشـێك لـە ویلایەتـی شـارەزوور بـووە.[1] بەوشـێوەیە عوسـمانییەکان هاتنـە سـەر شـانۆی حوکمڕانـی و توانیـان فەرمانڕەوایـی عێـراق بگرنـە دەسـت بـە درێژایـی چوارسـەد سـاڵ بـە کەرکووکیشـەوە لـەڕووی ئیـداری وەك قەزایەکـی سـەر بـە موسـل کـە لەکۆتایـی دەوڵەتـی عوسـمانی بـووە ئیدارەیەکـی سـەر بـە شـارەزوور و تاوەکـو ئەوکاتیـش نەببـووە لیـوا= پارێـزگا، تەنیـا لـەدوای داگیـرکاری بەریتانیـا نەبێـت لـە عێـراق لـە 1918 کـە دواتـر بـووە بەشـێك لـە دەوڵەتـی پاشـایەتی عێـراق لـە 1921.

### سەردمی ئینگلیز و پاشایەتی لە عێراقدا :

لەسـاڵی 1921دا کـە یەکەمیـن کابینەی حکومەتی عێراقی دروسـتبووە،کەرکووك و ویلایەتـی موسـڵ هێشـتا یەکلایـی نەکرابوونـەوە، بۆیـە ئـەو ماوەیـە 1917-1925دەتوانیـن بڵێیـن دەسـەڵاتی راسـتەوخۆی ئینگلیـزەکان بەسـەر کەرکووکـدا هەبووە،تاوەکـو رادەیـەك خۆیـان بەڕێوەیانـبردووە، هەرچەنـدە ئێمـە لێـرەدا شۆڕشـی شـێخ مەحموودمـان هەیـە کـە لـە هەمانکاتـدا لەسـاڵی 1919دا بەرپابـووە. لەئەنجامـی شۆڕشـەکەدا ئینگلیـز دان بـە دەسـەڵاتی خۆجێیـی شـێخ مەحمـوددا دەنێـن، بـەڵام ئـەوان لـە نیـازی شـێخ مەحمـود تێگەیشـتبوون کە لە بەرنامەیدابـووە کەرکووکیـش بخاتـە سـەر ئـەو یەکەمیـن حکومەتـە کوردییـەی کە دەیەوێـت . دیـارە ئـەوان پێشـتر سیاسـەتیان وابـووە کـە ویلایەتـی موسـڵ بخرێتـە سـەر عێـراق، بۆیـە بەرژەوەندییەکانـی شـێخ مەحموودیـان بـۆ هەزمنەکـراوە. ئەوەبـوو دەسـتگیرکرا و دوورخرایـەوە بـۆ هیندسـتان و پاشـان جارێکـی دیکـە گەڕاندیانـەوە. ئـەوەش لـە ئەنجامـی گوشـاری شۆڕشـگێڕانی کورد، شـێخ مەحموود کابینـەی دووەمـی 1924-1922 مەملەکەتەکـەی دروسـتدەکاتەوە و جارێکـی دیکە تەماحـی ئـەوەی هەبـووە کەرکـووك بەشـێکبێت لـە حکومەتەکـەی . ئەوەبـوو

1 عباس العزاوی، تاریخ العراق بین احتلالین، الجزء الخامس ص104.

توانـی بەشـێکی نزیکـی ناوچـەی کەرکـووك تاوەکـو چەمچەماڵـیش بخاتـە ژێـر دەسـتی خۆیـەوە، بـەڵام نەیتوانـی کەرکـووك بخاتـە ژێـر دەسـەڵاتەکەیەوە.[1]

لەگـەڵ ئـەوەی بەریتانیـا هەوڵێکـی گەورەیـداوە کەرکـووك لـە کوردسـتان جیابکاتـەوە، بـەڵام چەنـد ئامـاژە هەبـوون کـە پیشـانیدەدا ئـەوان دەیانزانـی کـە کەرکـووك بەشـێکبووە لـە کوردسـتان. لـە زسـتانی سـاڵی 1919 ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکووکـی پێکهێنـاوە لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی و ئایینـی کـە پێکهاتبوو لـە 12 ئەنـدام، 6 کـەس لـە نەتـەوەی کـورد و 3 کـەس لـە نەتـەوەی تورکـمان و عـەرەب و مەسـیحی و جولەکـەش هـەر یەکـەو بـە یـەك ئەنـدام بەشـداربوون.

لەسـاڵی 1921 دەنگـی کـورد بەشـێوەیەکی گشـتی دژی دانانـی مەلیـك بـوو بـۆ عێـراق. لەوبارەیـەوە ئەفسـەرێکی سیاسـی بەریتانـی لـە کەرکـووك لـە راپۆرتکێـدا دەڵێـت: دەنگـی کـورد لـە کەرکـووك زۆرینـەی دەنگەکانـە . لەسـاڵی 1919 زۆرینـەی نوێنەرانـی کـورد لـە کەرکـووك لـە بەرژەوەنـدی شـێخ مەحمـوود کـە کەرکـووك ببێتـە بەشـێك لـە کوردسـتانی سـەربەخۆ، دژی ئەوەبـوون بخرێتـە سـەر بەغـدا . سـەبارەت بـەوە هەرچەنـدە ئیدمۆنـدز هەمـوو رێگەیـەك بـۆ دژایەتیکردنـی شـێخ مەحمـوود و کوردسـتانی سـەربەخۆ دەگرێتەبـەر، بـەڵام وەك ئەفسـەرێکی سیاسـی لـە کەرکـووك بـووە. دەڵێـت: هەرچەنـدە خانەدانەکانـی کەرکـووك لـە ئیـدارەی شـارەکە زۆرینـەن، بـەڵام لەڕاسـتیدا زۆرینـەی شـارەکە کـوردن. زۆربـەی خانەدانەکانـی کەرکـووك تورکمانـن، بـەڵام لەڕاسـتیدا زۆربەیـان لـە ئەسـڵدا کـوردن وەك خانەدانەکانـی نەفـزی و تـەرزی.[2]

لـە لێکۆڵینەوەیەکـی قەیـس قەرەداخیدا لەسـاڵی 2007دا هاتووە کـە نوێنەرانی کـوردی کەرکـووك لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی بەغـدا لەسـەردەمی پادشـایەتی لەنێـوان 1958-1925 و دەلێـت: "بـە ئیسـتنادکردن لەسـەر لێکۆڵینەوەیـەك

1 Othman Ali، "British Policy and the. Kurdish Question in Iraq: 1918-1932" (Ph.D. Dissertatii، University of. Toronto، Toronto، 1992).

2 KURDS TURKS & ARABS. Home. POLITICS، TRAVEL & RESEARCH IN NORTH-EASTERN IRAQ.. LONDON: First Edition 1957.p.266.

لەوماوەیـەدا واتـە پێـش بەعەرەبکردنـی ئـەو ناوچانـە، ڕێـژەی کـورد لـە کەرکـووك لەنێـوان 80-75 % بـووە".

**وەك لەم خشتەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو :**

**نسبه ممثلی القوميات فی مجلس النواب العراقی اثناء العهد الملکی :**
**1925-1958**

| رقم الدورة | السنة | اعضاء الكورد | التركمان | العرب | غيرهم |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | (1925) | 4 | 1 | صفر | صفر |
| 2 | (1928) | 3 | 1 | صفر | صفر |
| 3 | (1930) | 3 | 1 | صفر | صفر |
| 4 | (1933 | 2 | 1 | 1 | صفر |
| 5 | (1935) | 3 | 2 | صفر | صفر |
| 6 | (1937) | 4 | 1 | 1 | صفر |
| 7 | (1937) | 4 | 1 | 1 | صفر |
| 8 | (1939) | 5 | 1 | صفر | صفر |
| 9 | (1943) | 5 | 1 | صفر | صفر |
| 10 | (1947) | 6 | 2 | صفر | صفر |
| 11 | (1948) | 6 | 2 | صفر | صفر |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 12 | (1953) | 5 | 3 | صفر | صفر |
| 13 | (1954) | 4 | 3 | صفر | صفر |
| 14 | (1954) | 4 | 4 | صفر | صفر |

**ئەنجام:**

لـەو لێکۆڵینەوەیـەدا دەگەینـە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە کەرکـووك شـارێکی کوردسـتانییە و ئـەم شـارە پێـش ئاشـوورییەکان هەبـووە و بەدرێژایـی مێـژوو، دانیشـتووانەکەی زۆرینـە کـورد بـوون و پێکهاتەکانـی دیکـەی شـارەکە وەك تورکـمان، عـەرەب، کلـدان، جوولەکـە و مەسـیحی بـە پلـە دوو و پلـە سێ لـە شـارەکەدا هاتـوون. بەتایبەتـی بـرا عـەرەب و تورکمانـەکان کـە لەسـەردەمە جیـاوازەکان و لەئەنجامـی رووداوە جیاوازەکانـدا هاتوونەتـە ئـەم شـارە و تێیـدا ماونەتـەوە.


راسـتیی کوردسـتانیبوونی ئـەم شـارەش لـە سـەرچاوە بیانییـەکان و سـەرچاوەکانی وەك قانوننامـەی سـوڵتان سلێمانی قانونیـدا هاتـووە و بەڵگەکانـی ئەولیـا چەلەبی(گەڕیـدە و کاربەدەسـتی بـاڵای دەوڵەتـی عوسـمانی) باشـترین و گرنگتریـن دانپێدانانـن سـەبارەت کوردسـتانیبوونی ئـەم شـارە، چونکـە ئـەو خـۆی سـەردانی ئـەم شـارەی کردووە.لەکاتێکـدا دەوڵەتـی عوسـمانی لەوپـەڕی بەهێزیـدا بـووە و خـودی ئەولیـاش زۆرجـار وەك نوێنـەری تایبەتـی سـوڵتان و نوێنـەری والـی ویلایەتـی وان (مەلیـك ئەحمـەد مسـتەفا) لـە ناوچەکانـی ناوخـۆی دەوڵەتـی عوسـمانی و دەرەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی کاریکـردووەو زۆر راسـتی سـەبارەت کوردسـتانیبوونی کەرکـووك دەخاتـەڕوو. تەنانـەت ئینسـکلۆپیدیا جیهانییـەکان و دەقـی نووسـەرە بەنێوبانگـە بیانییـەکان باشـترین شـایەتی دروسـتی قسـەکەمانن.

• د.بەختیار سەعید مەحمود شوانی: کەرکووك و ویلایەتی شارەزوور لە سەردەمی عوسمانیدا ¸ http://www.gulan-media.com
Sinan Marufoğlu، Osmanlı döneminde Kuzay Irak 1831-1914، İstanbul: Eren yayıncılık، 1998، s. 54.
William Benton & Helen H.B.Benton، Encylopadia Britannica، 15 EDITION، Prined in - U.S.A- 1974، P 834.
بە وەرگرتن لە (گۆران ئیبراهیم ساڵەح، کەرکووك لە سەردەمی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی 1876-1909ز، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری ی.ن.ك، 2007، ل48.)


• بڕوانە دەقی کتێبە دەستنووسکەی ئەولیا چەلەبی، بەرگی چوارەم، ل184.
• بڕوانە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ 1330ك/1912ز، ل229.
• بڕوانە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ 1330ك/1912ز، ل229.
• بۆ بینینی دەقی دەستنوسەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (دوو).
• بۆ بینینی دەقی دەستنوسەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (یەك).
• بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە بەڵگەنامەی عوسمانی (BOA. I__DEH_00203) کە تیایدا ئاماژە بە دەسەڵاتدارییەتی میرەکانی بابان لە کوردستان دەکات و بارودۆخی ئەوکاتی ویلایەتی کوردستان شیدەکاتەوە.
• بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی مێژووی دەسەڵاتداران و حوکمڕانانی شاری کەرکووك، بڕوانە: پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکووك لە نێوان ساڵانی 1926-1917"، ل42-21.
• بۆبینینی دەقی لاپەڕەی ساڵنامەکە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (سێ).
• بۆبینینی دەقی لاپەڕەی ساڵنامەکە بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (سێ).
• جمال رشید ، مێژووی کۆنی کەرکووك ، موکریان 2008
• چاوپیکەوتنی هەر یەکە لە بەڕێزان د. جەبار قادر، د. نوری تاڵەبانی، م.جەلال جەوهەر لە سایتی خاك http://www.khaktv.net و http://kurd1.ir/
• فتوح البلدان، تحقیق: صلاح المنجد، دار الكتب العلمیة، القاهرة، 1957، ص407، بەوەرگرتن لە: پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکووك لە نێوان ساڵانی 1926-1917"
• کامەران کویخوا : کەرکووك لە ژێر رۆشنایی دەقەکانی نوزیدا ، 2007
• کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا "قاموس ئەعلام- شەمسەدین سامی"، م.ئەمین بوز ئەرسلان لە تورکی عوسمانییەوە وەریگێراوە بۆ تورکی نوێ، وەرگێرانی بۆ کوردی: ئەحمەد تاقانە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008
• گۆران ئیبراهیم ساڵەح، کەرکووك لە سەردەمی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی 1909-1876ز
• مجموعە باحپین: کرکوك مدینە القومیات المتأخیە، گ1، محفوچە مرکز کربلاو للبحوپ و الدراسات، لندن، مملکە ممتحدە، 2002
• بڕوانە دەقی کتێبە دەستنووسکەی ئەولیا چەلەبی، بەرگی چوارەم، ل187.

## پاشکۆکان:

نەخشەی ویلاتی کوردستان لە سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم



## پاشکۆی ژمارە (یەک): دەقی دەستنووسەکەی ئەولیا چەلەبی کە ئاماژە بە خاکی کوردستان دەکات



**پاشکۆی ژمارە (دوو):** دەقی دەستنووسەکەی ئەولیا چەلەبی کە ئاماژە بە قەڵای کەرکووك دەکات و بە کەرکووکی شارەزوور ناویبردووە.



# کەرکووك:
# لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

محمەد بایراک

بەهـۆی ئـەوەی کـە کەرکـووك لـە سـەردەمی عوسـمانیدا پێگـەی ئیـداری سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ بـووە، هەمیشـە نـاوی هەردوو شـارەکە پێکـەوە باسـدەکرێن. لـە چوارچێـوەی ویلایەتـی موسـڵدا هاوشـێوەی یەکـەی ئیـداری شـاری زور کـە ناوەندەکـەی کەرکووکـە، یەکـەی ئیـدارەی مووسـڵیش هەبـووە. بەوهۆیـەوە، هەرێمـی موسـڵ - کەرکـووك لـەڕووی هەڵکەوتـەی جوگرافـی کـە کەوتووەتـە نێـو میزۆپۆتامیـاوە، هەروەهـا لـەڕووی سـەرچاوە نەوتییـەکان و لـەڕووی پیکهاتـەی مرۆییـەوە هاوبەشـی نیشـاندەدەن. ئـەم شـارانەی کـە لـە مێـژوودا بـە جەزیـرەی سـەروو ناوبـراون، لـە جوگرافیایەکـدا بنیاتـنراون کـە درێژکـراوەی سرووشـتی کوردسـتانە.

پرۆفیسـۆر د. بەسـیم دارکـۆت جوگرافیناسـی نێـوداری تـورك، بەوشـێوەیە جەخـت لـەم راسـتییە دەکاتـەوە: "موسـڵ و دەوروبـەری لـەڕووی سرووشـتە سەرسـامەکەیەوە، چ لـەڕووی ئاووهـەوا و خاکەکـەی کە لەئەنجامـی کەڵەکەبوونی بەڵخـەوە هاتووەتەئـاراوە، بـاران باریـن تێیـدا بەپێـی پێویسـت نییـە. هـاوکات لـە بابـەت جیهانـی رووەکـە خۆڕسـکەکانییەوە هـەوەك چـۆن زۆر جیـاوازە لـە عێراقی نیـوە بیابـان، بـە هەمانشـێوە لـەڕووی پێکهاتـەی دانیشـتووان و شـێوازی بـاران

بارینـەوە زیاتـر لـە دیاربەکـر (ئامـەد) دەچێت. لـە بنەڕەتـدا موسـڵ و دەورووبەی تاوەکـو کۆتایـی جەنگـی جیهانـی یەکـەم بەگشـتی لـە سـەرچاوە رۆژئاواییەکانـدا لـە دەرەوەی عێـراق و لـە چوارچێـوەی جەزیـرەی ژوورودا هەژماردەکـرا."[1]

گەڕیـدە کاتـب چەلەبـی لـە کۆتایـی سـەدەی شـازدەهەمدا هـاوڕێ لەگـەڵ سـوپای عوسـمانیدا بـە ناوچەکـەدا دەگەڕێـت و لـە پەرتووکـی سـەرچاوەی کشـف الزنونـدا: ناوچـەی میزۆپۆتامیـا بـۆ سـێ بـەش جیادەکاتـەوە کـە کوردسـتان و جەزیـرە و عێراقـە. لەبـەر رۆشـنایی ئـەم سـەرچاوەیە و هاوشـێوەکاندا دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە ئەمـڕۆ بـاوە: "هەرێمـی جەزیـرە، ئـەو ناوچەیەیـە کـە موسـڵ و شـارە - زوور و عوسـمانی و باکـووری عێراقـی ئەمـڕۆ لەخۆدەگرێـت".

ئـەم خاکانـە هـەر لـە کۆنـەوە وەك ناوچەیـەك کـە زۆر لـە شارسـتانییەتەکان هاتـوون و رۆیشـتوون، دواتـر بەهـۆی نەوتەکەیـەوە هەمیشـە بۆتـە سـەرچاوەی بەرژەوەنـدی رۆژئاواییـەکان. گرنگترینیـان شارسـتانی ئاشـوور و بابـل بـوو. پـاش ئـەوەی ئاشـوورییەکان 1300 سـاڵ لێـرە فەرمانڕەواییـان کـرد، ناوچەکـە یـەك لـە دوای یـەك دەکەوێتـە دەسـت سـەفەوییەکان و ئەسـکەندەری گـەورە و سەلۆکسـییەکان و ساسـانییەکان. ئـەم ناوچەیـەی کـە لەسـەردەمی خەلیفـە عومـەردا خرایـە سـەر خاکـی ئیسـلام، دوای ئـەوەی کەوتە دەسـت عەباسـییەکان و سـەلجوقییەکان و ئاتابەگـەکان و ئەیوبییـەکان و جەنگیزییـەکان و تەیموورییـەکان و ئاققۆینلـو و قەرەقۆینلـو و سـەفەوییەکان، لـە ئەنجامـی شـەڕی چاڵدێرانـدا لەسـەردەمی یـاوز سـەلیمدا دەبەسـترێتەوە بـە عوسـمانییەکانەوە.[2]

شەمسـەدیین سـامی کـە یەکێکـە لـە زانایانـی عوسـمانی / تـورك، ئامـاژە بـەوەدەکات ئەیوبییـەکان کـە دەوڵەتـی خانەدانـی کوردانـە لەسـەرووی هەموویانـەوە لـە سـەردەمی سـەرجەم دەسـەڵاتەکاندا زۆر میرنشـینی کـوردی لـە

1 پرۆفیسۆر د. بەسیم دارکۆت ، لەم رووەوە زانیاری گرنگی پێشکەشکردووە کە شایانی ئەوەیە وەك سەرچاوەی گرنگ لەقەڵەمبدرێت.

2 کاتب چەلەبی ، سەبارەت بە کوردستانیبوونی کەرکوك زانیاری زۆر ورد دەخاتە بەردەست کە پێویستە سوودی لێوەربگرین.

ناوچــەی موســڵ و دیاربەکیــر و جەزیــرەدا دامــەزراون.[1]

بــە هەمانشــێوە بەرهەمــی (قامــوس العــالم)ی شەمســەدیین ســامی کــە بــە یەکــەم ئینســکلۆپیدیای تورکــی دادەنرێــت دەڵــێ : "ویلایەتــی موســڵ بــە کەرکووکیشــەوە لەخۆدەگرێــت، بــەو بەشــە دەوترێــت کــە (باکــووری رۆژهەڵاتــی جەزیــرە و باشــووری رۆژهەڵاتــی کوردســتان) پێکدەهێنێــت و ژمارەی دانیشــتووانی بــە 300 هــەزارو 280 کــەس دادەنرێــت."[2]

لــە ژمــارەی نابــراو 159680ی موســڵ، 89000ی شــارەزوور، 51600ی لــە سلێمانی دەژیــن. لەوکاتــەوە، بــەر لــە گۆڕینــی هەیکەلــی ئیــداری، ژمــارەی ئــەم کوردانــەی کــە لــە موســڵ دەژیــن 59380ی موســڵمان، 14900ی ئێــزدی ســەجەم ژمــارەی کــوردان 74280 کەســبوون . عــەرەب، تورکــمان، سریانــی، جوولەکــە و مەزهەبەکانــی دیکــە ژمارەی دانیشــتووانی دیکــە پێکدێنێــن. (ســەرچاوەی ناوبــراو 186-187).

لــە هەمــان ســەچاوەدا کەرکــووك، بــە "یەکەیەکــی ئیــداری لەنێــو کوردســتاندا کــە شــارەزوور ناوەندەکەیەتــی" پێناســەدەکرێت و پێکهاتــەی خەڵکەکــەی بەوشــێوەیەیە: "ســێ لەســەر چــواری خەڵــك کــوردن، ئــەوەی کــە مــاوە تــورك، عــەرەب و تــاد. 760 جوولەکــە 460 کلدانــن." (ســەرچاوەی ناوبــراو، لا 151).

ئــەم تایبەتمەندییــەی کەرکــووك، لــە ســەرچاوە ســەربازییە تورکییەکانــی ســەردەمی نزیکیشــدا رەنگیداوەتــەوە: لــە باکــووری موســڵ و ناوچــەی سلێمانی عــەرەب نەبوونــە. لــەم شــێوێنانەدا کــورد دەژیــن. تورکەکانیــش لــە کەرکــووك و هەولێــر و پــردێ "ئاڵتــون کۆپــری" (...) عەرەبــی بیابانــەکان و کوردانــی ناوچەکانــی دیکــە بــەزۆری لــە شــێوەی هــۆزی کۆچــەری یــان نیوەکۆچەریــدا بــوون".[3]

---

1 شەمســەدین ســامی: قامــوس العــالم، ئیســتەنبوڵ 1896 بەرگــی - 5، لا 2843-384 گوازراوەتــەوە، م.بایــراك: کــورد و بەرەنگاربوونــەوەی نیشــتمانی دیموکراســی، دەزگای بڵاوکردنــەوەی ئۆزگــە. ئەنقــەرە. 1993، لا 39-38.

2 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

3 پرۆف. د. مکریمین خەلیل ئینانچ: تورکی ئۆغز لە موسڵ و جەزیرە، هێڵە سەرەکییەکانی مێژووی تورکە ئۆغزەکان.

لـە هەمـان سـەردەمدا لـە ناوچەکـەدا جگە لـە کـورد و عـەرەب و تورکمانەکان، ئـەوا کوردانــی ئێــزدی، کلــدان، سریانــی، ئەرمەنــی و یەهــوودی و هــاوکات ژمارەیەکـی کـەم لاتیـن و پرۆتسـتانت پێکهاتـەی کۆزمۆپۆلیتـی (فـرە نەتەوەیـی) ناوچەکـە دەخاتـەڕوو. [1]

بێگومـان لـەم خاڵـەدا ڕێـژەی دانیشـتووان گرنگـی خـۆی هەیە. کەواتـە جێگەی خۆیەتـی بـە پشتبەسـتن بـە پێکهاتـەی ئیـداری ناوچەکـە چاوێـك بـە ژمارەکانـدا بخشـێنینەوە. سـەرەتا ئەوەتـان وەبیردەهێنمـەوە کـە ئامارەکانــی عوســمانی بەگشـتی بەگوێـرەی دیـن ڕێکخـراون نـەك نەتـەوە. بـەڵام لەسـەر ئاسـتی دەزگا نێودەوڵەتییەکانـدا ژمـارەکان لەسـەر بنەمـای نەتـەوە هەژماردەکرێـن. [2]

لـە سـاڵنامەی ویلایەتـی موسـڵی 1306 \ 1890 دا: ویلایەتـی موسـڵ لـە سـێ کۆمەڵـە پێکدێـت: کۆمەڵـەی یەکـەم کـە بەشـی هـەرەزۆرن لـە کـورد پێکدێـت، لە ناوچەکانـی موسـڵ، شـارەزوور، سـلێمانی، ئاکـرێ، دهـۆك، زاخـۆ، شـنگال، هەولێـر، سـەلاحییە (کفـری)، ڕوانـدز، گوڵعەنبـەر، کۆیـە و زێبـاردا دەژیـن. بەشـێکی دیکەی کـوردان کـە لەنێـو کۆمەڵـەی دووەمـدا هەژماردەکرێـن لـە چوارچێـوەی خێـڵ و هـۆزدا بەشـێوەی نیـوە - کۆچـەری دەژیـن و سـەرقاڵی ئاژەڵداریـن. [3]

لـە هـەردوو بەرهەمـی (فەرهەنگـی جوگرافیـای مەملەکەتـی عوسـمانی 1902 و ڕاپۆرتـی سـوپای پەیوەندیـدار بـە پاشـای عوسـمانی) نووسـەری عوسـمانی عەلـی تۆفیـق زانیـاری گرنـگ سـەبارەت کوردبوونـی ناوچەکـە دەخاتـەڕوو. بـۆ نموونـە عەلـی تۆفیـق لـە سـەرچاوەی ناوبـراودا دەڵێـت: "ویلایەتـی موسـڵ کەوتووەتـە باکـووری جزیـرە، لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـە ئێـران، لـە باکـوورەوە ویلایەتەکانـی وان، بتلیـس و دیاربەکـر (ئامـەد) لـە ڕۆژئاواشـەوە بەیەکـەی ئیـداری زۆر دەورەدراوە."

1 سەنگەری ئێران – عێراق لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، دەزگای بڵاوکردنەوەی سەرۆکایەتی ئەرکان ئاتاسە، ئەنقەرە 1979 لا 24/33.

2 بـۆ هەندێـك ئامـاری عوسـمانی کـە دینـی بەبنەمـا وەرگرتووە تەماشـای بەڵگەکانی ئەرشـیڤ دەربـارەی موسـڵ – کەرکـووك (1525\1919) بکـەن، دەزگاری بڵاوکردنـەوەی بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی سـەرۆکایەتی وەزیران ئەرشـیڤەکانی دەوڵـەت. ئەنقەرە 1993.

3 ئامارەکانی ویلایەت، تۆفیق ئەفەندی: ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ، موسڵ، 1306\1890، لا 1-100.

لـە هەمـان سـەرچاوەدا ڕێـژەی دانیشـتووانی ویلایەتـی ناوبـراو بـە 500000 دادانرێـت.[1]

لێـرەدا دەمەوێـت ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە یەکـەی ئیـداری کەرکـووك تاوەکـو ساڵەکانی 1309\1893 لـە نـووسراوە فەرمییەکانـدا وەك شـەهرەزوور ناودەبـرا، بـەڵام بەهـۆی لێکچوونـی لەگـەڵ یەکـەی ئیـداری (زۆر) کـە دەکەوێتـە باشـووی دیاربەکـر و حەلەبـەوە، هەڵـەی ئیـداری لێدەکەوتـەوە. بەوهۆیەوە دواتـر بڕیاردرا کـە ناوەکـەی بگۆڕدرێـت و لەسـاڵی 1893وە نـاوی کەرکـووك بەکارهێـنراوە.

جەنگـی جیهانـی یەکـەم بـە دۆڕانـی دەوڵەتـی عوسـمانی کۆتاییهـات و لـە 20ی تشرینـی یەکەمـی 1918دا ڕێککەوتننامـەی ئاگربەسـتی مـۆدرۆس واژۆکـرا. کاتێـك ڕێککەوتننامــەی مۆنــدرۆس واژۆکــرا، ویلایەتــی موســڵ هێشــتا لەژێــر دەسـتی سـوپای عوسـمانیدا بـوو. بـەڵام لـە چوارچێـوەی ڕێککەوتنەکـەدا یەکـە سـەربازییەکانی عوسـمانی کشـانەوە و ناوچەکـە رادەسـتی ئینگلیـزەکان کـرا. کێشـە سـەرەکییەکە لێـرە بـەدواوە دەسـتیپێکرد.

"لــە ســەرەتادا بیرۆکــەی ئــەوە پەســەندکرا کــە کــورد لــە چــواردەوری ســەرکردەیەکدا کۆببنــەوە و لەژێــر چاودێــری ئەفســەرە ئینگلیزەکانــدا خۆیــان بەڕێوەببــەن. بــە تێپەڕبوونــی کات و لــە چوارچێــوەی پێشــهاتەکاندا بڕیــار لــە چارەنووســی کــورد دەدرا. لــە ســەرەتای کانوونــی یەکەمــدا کۆمیســیاری بــاڵای کاتــی ، ویڵســن دێتــە ســلێمانی و لەگــەڵ ســەرۆك عەشــیرەتە کوردەکانــدا ڕێککەوتنێکــی واژۆکــرد. بەپێــی ڕێککەوتنەکــە فیدرالیــی کــورد لــە ناوەنــدی ســلێمانیدا دروســتدەکرێت و شــێخ مەحمــوود بەرزنجــی دەکرێتــە ســەرۆك."[2]

بــەڵام ئامانجــی راســتەقینەی شــێخ مەحمــوودی بەرزنجــی دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی کــوردی ســەربەخۆ بــووە. هەربۆیــە لــە ماوەیەکــی کورتــدا نێوانــی

1 عەلی تۆفیق: فەرهەنگی جوگرافیای مەملەکەتی عوسمانی، ئیستەنبوڵ 1318\1902 لا 21.

2 بـۆ بەڵگەنامـە و راپۆرتەکانـی کۆمیسـیۆنی ئـەم سـەردەمە تەماشـاکەن: کێشـەی موسـڵ - کەرکـووك و دابەشـکردنی کوردسـتان لـە بەڵگەنامەکانـی کۆمەڵـەی نەتەوەکانـدا، دەزگای بڵاوکردنـەوەی مێـد ئیسـتەنبوڵ 1991.

لەگەڵ ئینگلیزەکانـدا تێکدەچێـت. شـێخ مەحمـوود بەرزنجـی، لـە مایسـی 1919دا بـە ئاشـکرا لەبەرامبـەر دەسـەڵاتی ئینگلیـز کـە لـە بەغدابـوو، یاخیبـوو. لـە نێوەڕاسـتی حوزەیرانـدا یاخیبوونەکـە کپکـرا و ناوبـراو دوورخرایـەوە. لەمەوپـاش ناوچەکـە راسـتەوخۆ لەلایـەن ئەفسـەر ئینگلیزەکانـەوە بەڕێوەدەبـرا.

بـەڵام ئاڵۆزییـەکان هـەر بەمەوە نەوەسـتاون . کـورد لە سـەرووی هەموویانەوە و خەڵکـی ناوچەکـە خۆیـان وەك خیانەت لێکـراو دەبینی.

وەك چارەسـەر، بڕیاردەدرێـت کـە عێـراق لەژێـر چاودێـری ئەفسـەرە ئینگلیزەکانـدا لەلایـەن سـەرۆکێکی عەرەبـەوە بەڕێوەببرێـت و لەئابـی 1921دا فەیسـەڵی کـوڕی شـەریف حوسـێن وەك مەلیکـی عێـراق رادەگەیێندرێـت.

## موسڵ - کەرکووك لە بەڵگەنامەکانی لۆزاندا

هــەم پارتەکانــی دژ بــە ئیتیحــاد و تەرەقــی لــە ئیســتەنبووڵ، هــەم ئــەو کەمالییانــەی کــە هاتبوونــە ئانــادۆڵ، پێشــنیازی "پێکــەوە رزگاری و پێکــەوە ئازادی"یــان دەکــرد. هــەروەك چــۆن لــە دواییــن ئەنجوومەنــی نوێنەرانــی عوسـمانیدا و هـاوکات لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی تورکیـا کە لـە ئەنقـەرە دامەزرا و پەسـەندکراوە، سـنوورەکانی "میسـاقی میللـی" ئـەو خاکانـە لەخۆدگرێـت کـە کـورد و تـورك تێیـدا دەژیـن.

لــە بڕگــەی یەکەمــی "میســاقی میللــی" کــە لــە کۆبوونەوەیەکــی نهێنــی ئەنجوومەنــی نوێنەرانــی عوســمانیدا کــە لــە 28ی کانوونــی دووەمــی 1920دا پەسـەندکرا دەگوتـرا، "ئـەو شـوێنانەی کـە لـە ناوخـۆ و دەرەوەی ئاگربەسـتەکەدان و ئیسـلام و عوسـمانی زۆرینـەی دانیشـتووانی پێکدەهێنـن، لـەڕووی کردەیـی و حوکمـدا بەهیـچ هۆکارێـك لـە نیشـتمانی دایـك جیاناکرێنـەوە". مسـتەفا کەمالیش لـە وتەیەکـدا کـە لە 1ی مایسـی 1920 لـە پەرلەمان پێشکەشـیکرد گوتی:"سـنووری

نیشتیمانیمان بە باشووری ئەسکەندەروونەدا تێدەپەڕێت، بەرەو رۆژهەڵات درێژدەبێتەوە و موسڵ و سلێمانی و کەرکووك لەخۆدگرێت." [1]

عیسمەت ئینۆنو بەر لە لۆزان گرنگی سنوورەکانی میساقی میللی ، کە لە بنەڕەتدا ئەو خاکەی لەخۆدەگرت کە تورك و کورد تێیدا دەژین ، بەوشێوەیە باسدەکات: "ئەو ئامانجەی کە ئێمە هەموو فیداکارییەکمان لەپێناویدا کردووە زۆر لەخۆبووردە و زۆر هەقە. ئەم ئامانجانە لەپێناو دوو وشەدایە ئەویش: میساقی میللییە." [2]

بەڵام مستەفا کەمال هەر لە کانوونی دووەمی 1923وە هەڵوێستی راستەقینەی خۆی بەرامبەر بە موسڵ بەم وتانە ئاشکرادەکات: "موسڵ بۆ ئێمە زۆر گرنگە. یەکەم، لە موسڵدا سەرچاوەی نەوت هەن کە سامانێکی بێسنوور دەستەبەردەکات. دووەم، ئەو شتەی بەئەندازەی ئەمە گرنگە کێشەی کوردایەتییە. ئینگلیزەکان دەیانەوێت لەوێدا حکومەتێکی کوردی دروستبکەن. ئەگەر ئەمە ئەنجامبدەن، ئەم بۆچوونە لەنێو کوردانی نێو سنووری ئێمەشدا بڵاودەبێتەوە. بۆ ئەوەی رێگری لەوەبکرێت پێوستە سنوورەکە لە باشوورەوە تێپەڕێنرێت." [3]

هەروەك دەبینرێت مستەفا کەمال خۆبەخاوەنکردنی موسڵی بە دوو بیانووەوە بەستووەتەوە: یەکەمیان، سەرچاوە نەوتییەکانە کە سامانێکی بێسنوور دروستدەکەن، دووەم، دۆزی کوردە.

ئەم دوو رێچکەیە، بەشێوەیەك لە شێوەکان لەسەرەتای سەرهەڵدانی کێشەی موسڵ - کەرکووکەوە تائێستا بەردەوامە. لەکاتێکدا کورد، حەیف دەخۆن بۆ پارچەبوونی بلۆکی کوردی و بەرگری لە یەکگرتنی کورد –تورك

1 سیاسەتی نەتەوەیی دەرەوەی ئەتاتورك، دەزگای بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری 1992، لا 13-132، وەرگێڕان، د. عوسمان سۆنمەز: میساقی میللی و موسڵ- کەرکووك، گۆڤاری کەرکووك. ئەنقەرە. ئادار- تەمموز.

2 عەلی ناجی کەرەجان: کۆنفرانسی لۆزان و عیسمەن پاشا/ ئیستەنبووڵ 1943 لا. 40.

3 مستەفا کەمال: وتەکانی ئەسکیشەهیر - ئیزمیت – لە 1923وە وەرگیراوە، کۆمار، 1991\6\7 لا.10 (د. پەرینچەك، کە ئەم وتانە دەگوازێتەوە بەشی یەکەمی باسناکات. تەماشاکەن گۆڤاری تیۆری شوبات 1995- ).

دەکـەن لەسـەر بنەمـای یەکسـانی، دەسـەڵاتەکانی تـورك بـە دیـدی سـەرچاوە نەوتییـەکان و ڕێگریکـردن لـە خەڵکـی کـورد تەماشـای بابەتەکـە دەکـەن!

یوسـف زیـا بـەگ، کـە لـە یەکـەم خولـی پەرلەمانـی تورکیـادا وەك نوێنـەری بتلیـس دەسـتبەکاربوو، لـە 1925دا بەهـۆی یاخیبوونـی کـوردەوە لەسـێدارەدرا. لـە سـەرەتای 1923دا لـە وتـە بەنێوبانگەگـەی کـە لـە پەرلەمـان کـردی و چەپڵەڕێـزان کـرا، سـەرنج بـۆ ئـەوە رادەکێشـێت: "تاوەکـو کێشـەی موسـڵ - کەرکـووك چارەسـەرنەکرێت هـەر ڕێککەوتنێکـی ئاشـتی لـە داهاتـوودا دەبێتـە هـۆی کێشـەی گـەورە". ئـەو بـە ئاماژەکـردن بـە ناوەنـدی موسـڵ دەڵێـت: "مـن موسـڵم ناوێـت، موسـڵ دەدرێتـە کـێ بـا بیـدەن: بـە وەرگرتنـی سـلێمانی و کەرکـووك یەکڕیـزی کـورد و تـورك دەسـتەبەردەبێت." [1]

کـورد کـە سـێڤەریان پـێ هەرسـنەدەکرا، پاڵپشـتییەکی زۆریـان لـەو شـاندە کـرد کـە بـە سـەرۆکایەنی عیسـمەت پاشـا بـوو کـە خـۆی بـە ئەسـڵ کـوردە. هـەروەك لـە یادگارییەکانـی عیسـمەت پاشـادا هاتـووە: "کـورد لـە بەردەوامـی خەباتـی نەتەوەییـدا بـە دڵ و بـە گیـان پێکەوەییـان نیشـانداوە و لـە لۆزانـدا وەك دۆزی نەتەوەیـەك و یـەك نەتـەوە بەرگرییـان لـە (ئێمـەی تـورك و کـورد) کـردووە." [2]

لـە کاتێکـدا لـە لۆزانـدا کێشـەکانی دیکـە بـە ئاسـانی چارەسـەربوون، لـە گفتۆگۆکانـدا زیاتـر لەسـەر کەرکـووك -موسـڵ دەوەسـتان. هـەردوولا، بـۆ ئـەوەی موسـڵ و دەورووبـەری لەژێـر دەسـتی خـۆی بهێڵنـەوە، شـیکردنەوەی مێژوویـی، جوگرافـی، ئەتنۆلۆژیکـی و دیمۆگرافییـان دەکـرد و بانگەشـەی تێـز و تیـۆری پێچەوانەیـان دەکـرد. لایەنـی تـورك ئاماژەیـان بـە سـەروەری چەندسـەت سـاڵە و هەندێـك سـەرچاوەی خۆجێـی دەدا. ئینگلیزەکانـش ئاماژەیـان بـە سـەرچاوە ڕۆژئاواییـەکان دەکـرد و ناسـنامەی کوردیـان وەدەردەخسـت. بەکورتـی، چ لایەنـی

1 تۆماری فەرمی پەرلەمانی تورکیا، بەرگ 4-، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئیش- بانکی تورکیا. ئەنقەرە 1985، لا 163.

2 عیسمەتت ئینۆنو، یادگارییەکان، بەرگی دووەم. ئەنقەرە 1987 لا 202.

تورکـی چ لایەنـی ئینگلیـز زیاتـر بـە کارتـی "کـورد" کاریاندەکـرد.

لایەنـی تـورك کـە بیانـووی ئەتنۆگرافـی دەهێنایـەوە، بـە پشتبەسـتن بـە دواییـن ئامـارە تورکییـەکان ژمـارەی دانیشـتووانی ویلایەتـی موسـڵی بـە 503000 کـەس نیشـاندەدا و جگـە لەمـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە عەشـیرەتە کۆچەرییەکانـی کـورد و تـورك و عەرەبـەکان ژمارەیـان دەگاتـە 170000 کەس. هەروەهـا دەربارەی یەکـە ئیدارییەکانـی سـلێمانی و کەرکـووك و موسـڵی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ ئامــاژە بــەم ژمارانــە دەکات: 263830 کــورد، 146960 تــورك، 43201 عــەرەب، ئێـزدی (کـورد) 18000، 13000 غەیـرە موسـڵمان.

لــە بەرمبــەردا ئینگلیــزەکان، بــە پشتبەســتن بــە ئامارەکانــی 1921، ژمــارەی دانیشــتووانی ویلایەتــی موســڵ کــە قەزاکانــی موســڵ، هەولێــر، کەرکــووك و ســلێمانی لەخۆدەگــرت بەوشــێوەیە دەخســتەڕوو: 185763 عــەرەب، 452720 کــورد، 65895 تــورك، 62225 کریســتیان، 16865 جــوو.

عیســمەت پاشــا، بــە توونــدی رەخنــەی لــە هەژمارکردنــی ئێزدییــەکان لــە چوارچێــوەی دانیشــتووانە کریســتیانەکاندا دەگــرت و دەیگــوت :" ئێزدییــەکان کــوردن، بەشــێوەیەکی سرووشــتی داوونەریتیــان وەك کوردانــە، لەنێوانیانــدا تەنیــا جیــاوازی مەزهــەب هەیــە. هەربۆیــە جیاکردنــەوەی ئــەم دووانــە لــە یەکــتری کارێکـی راسـت نییـە. هـەروەك چـۆن جیاکردنـەوەی تاکـی هەمـان نەتـەوە کـە هەندێکیـان کاسـۆلیکی و هەندێکیـان پرۆتسـتانتن و هەژمارکردنیـان بـە نـەژادی جیـا کارێکـی ناڕاسـتە، جیاکردنـەوەی ئێـزدی و کـورد لەیەکـدی ناهەقەییـە." [1]

1 کۆنفرانسـی ئاشـتی لـۆزان\ تۆمـاری فەرمـی: وەرگێـڕ: پـرۆف. د. سـیها ل. میـرای/ پێشـەکی عسـیمەت ئینۆنـو، بـەرگ - 1 ، پەرتـووك -1 دەزگای بڵاوکردنـەوەی زانکـۆی ئەنقـەرە، بەشـی زانسـتە سیاسـییەکان، 1969 لا 345.

## ئەنجام

هــەروەك دەبینرێــت، لــە هــەردوو ئامارەكانــدا كــورد زۆرینــەی بەرچــاو پێكدەهێنـن. سـەرجەم تەسـفییە حیسـابەكان لەسـەر كـورد دەكـران. لـە تەسـفییە حیسـابەكاندا: لایەنـی تـورك لەپێنـاو سـەرچاوەی زیاتـری نەوتـی و دۆزی كـورد كـە لـە داهاتـوودا گەمارۆیانـدەدات ، دەیەوێـت موسـڵ- كەركـووك لـە چوارچێـوەی میسـاقی میللیـدا بمێنێتـەوە. بەریتانیـاش دەیویسـت هــەم لـەڕووی پێگـەی جیۆپۆلیتیكـی و هـەم بـۆ ئـەوەی ببێتـە خاوەنـی ناوچەكـە كـە دەوڵەمەندبـوو بـە سـامانی ژێـرزەوی، پێشـنیازی دەسـەڵاتی "ئۆتۆنـۆم"ی بـۆ شـێخ مەحمـوود بەرزنجــی وەك چارەســەری ئاســانی كێشــەكە دەكات كــە هێشــتا بابەتەكــە نەچووبـووە كۆمیسـیۆنی موسـڵ و كۆمەڵـەی نەتـەوەكان. بـە هێنـان و بردنێكـی لێزانانــە، دەســەڵاتی توركــی شكســتی پێهێـنرا و كێشــەكە بــەم رۆژە گەیێنــدرا.

بـە كورتـی، باجـی لـۆزان بـە كـورد بژێـردرا. بەواتایەكـی دیكـە، دەوڵەتانـی رۆژئــاوا لەســەرووی هەموویانــەوە بەریتانیــا، ســەودایان بــە میزۆپۆتامیــا و كوردسـتانەوە كـرد و شـاندی توركیـش لەپێنـاو گەرەنتیكردنـی خاكـی ئانادۆڵـدا كـوردی كردنـە قوربانـی.

# نوێنەرایەتی لیوای کەرکووك لەسەردەمی رژێمی پاشایەتی لە نێوان ساڵانی 1921 - 1958

دکتۆر ئاری بادینانی

بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی ئەوکاتی عێراق، شاری کەرکووك بە یەکێك لە شارە گەورەکان هەژماردەکرا، نزیکەی 2500 ساڵ پێش زایین لەسەردەمی لۆلۆبییەکان کە دەسەڵاتی ناوچەکەیان بەدەستەوە بووە، سەرەتا وەکو قەڵایەك لەسەر گردێکی بازنەیی بونیادنراوە.

دواتر کەرکووك و ناوچەکانی دەوروبەری کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی خوریەکان و میتانییەکان، سەردەمێکیش لەژێر دەسەڵاتی گوتییەکان (جمال رشید احمد، 2000) بووە، دواتر لە ساڵانی نێوان 626 - 668 ی پ ز (الحسني، 1958)، لەلایەن ئاشوورییەکان کۆنترۆڵکراوە و ژمارەیەکی زۆری ئاشوورییەکانی تیایدا نیشتەجێبوونە، هەرێمەکەش هەر بەناوی حاکمەکەیەوە ناونرا.

پاشان مەقدۆنییەکان ناوچەکەیان داگیرکرد و کەرکووك کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەسکەندەری مەقدونی، دوای مردنیشی خرایە چوارچێوەی موڵکەکانی سلوکی لە ساڵی 235 - 312ی پ ز و بە کەرخا دیبیس سلوقس ناسرا، تاوەکو ساڵی 256 پ ز بەو شێوەیە مایەوە، پاشان لەلایەن فرسییەکان، ئینجا فارسەکان داگیریان کرد، تەنانەت موسوڵمانانیش هاتنە نێو شارەکە (عزيز سامي، 1973).

ناوچەکانی کەرکووك گۆڕەپانی جەنگی ئیمپراتۆڕیەتەکان و ناوچەی هاتن و

کۆچکـردنی سـوپاو هـۆزەکان و رەگـەزو دەسـتەی نـوێ بـوو، ئەمـەش کاریگـەری کـردە سـەر دیموگرافیـای شـارەکە، سـەرەڕای سـەردەمی دەوڵەتـەکانی قەرەقۆینلۆو ئـالاق قۆینلـۆو عوسـمانییەکان، و کۆچکـردنی هـۆزە عەرەبـەکان کـە لەسـەر لـەوەڕگاو ئـاو ناکۆکیـان لـە نێوانـدا بـوو و بـەردەوام هەوڵـی کۆنترۆڵکـردنی ناوچـەکانی یەکدیـان دەدا، ئەمـەش روون بـوو لـە ناوچـەکانی کەرکووك بەتایبـەتی دوای هاتنـی هـۆزەکانی عەسـاف، عوبێـد، جبـوور، ئەلبۆحەمـدان لـە ناوچـەکانی ملحـەو داقـوق.

بەپێـی بەڵێننامـەی سـاڵی 1555ی زاینـی نێـوان دەوڵـەتی سـەفەوی و ئیمپڕاتۆڕیـەتی عوسـمانلی بـە فەرمـی کەرکـووك خراوەتـە ژێـر کۆنترۆڵـی ئمپراتۆڕیـەتی عوسـمانلی(علي شـاکر علـي، 1984)، لـە سـەدەی 19میشـەوە کەرکوك بووتـە ویلایەتێـکی عوسـمانلی و بـە شـەهرەزوور نـاسراوە، سـەرەڕای لیـواکانی کەرکـووك و هەولێـرو سلێمانی (عزیـز سـامي، 1973)، تاوەکـو سـاڵی 1892 (خلیـل علـي مـراد و علـي شـاکر علـي، 1995) هـەر بـە شـەهرەزوور ناودەبـردرا، دواتـر کرایـە لیوایـەکی سـەربە ویلایـەتی موسـڵ، لـە سـاڵی 1879 موسـڵ کرایـە ویلایـەت ( إبراهیـم خلیـل أحمـد، 1982)، بـە درێژایـی مێـژوو کەرکـووك بـە چەندیـن نـاوی دیکـە نـاسراوە لەوانـە کەرخـا دیبیـس، سـلوقس، کەرخـا، کارکـووك، کاراخـوراو باجرمـی و ژمارەیـەك نـاوی دیکـە (عبدالجبـار محمـود السـامرائي، 1988).

بەپێـی ساڵنامەی سـاڵی 1911 لیـوای سـنجق لە قـەزاکانی کەرکووك و هەولێـرو رەوانـدوزو کۆیـەو رانیـەو کفـری نـاسراو بـە سـەڵاحیە پێکدەهـات (کـمال مظهـر)، هەروەهـا لەسـەردەمی حکومـەتی عێـراقیش کـە ئینگلیـز پێکیانهێنـا بەپێـی نـوسراوی وەزارەتی ناوخـۆ ژمـارە 7711 لـە 23 - 25 ی نیسـانی 1921 لیـوای کەرکـووك پێنـج قـەزای هەبـووە، سـەرەڕای ناحییـەکانی ملحـە، ئاڵتـون کۆپـڕی، شـوان، قەرەحەسـەن و تـاووق، هەروەهـا ناحییـەکانی توزخورماتـو، زەنگەنـەو قەرەتەپـەش سـەربە قـەزای کفـری بوونـە، قـەزای هەولێـریش چـوار ناحیـەی

هەبـووە مەخمـوور، قوشـتەپە، گوێـڕ و شـەقڵاوە، ناحیـەی تـەق تەقیـش سـەربە قـەزای کۆیـە بـووە، ناحییـەکانی دێــرە، برادۆسـت، شێــروان و باڵەکیـش سـەربە قـەزای ڕەواندوزبوونـە (عبداللـه غفـور، 2008)، دوای دامەزرانـدنی دەوڵەتی عێــراق لـە 21ی ئـابی 1921 کەرکـووك گۆڕانــکاری ئیـداری زۆری بەخۆیــەوە بینیــووە، عێــراقیش بەسـەر 14 لیـوا (پارێــزگا) دابەشـکراوە، کەرکووکیـش یەکێـك بـووە لـە لیـواکان و لـە ڕووی ئیداریـەوە بەسـەر چـوار قـەزا و 10 ناحیـە دابـەش کـراوە (الیاهـو دنکـور، 1937).

**ـ شوێنەوارەکانی داگیرکاری بەریتانی لە کەرکووك:**

بەریتانیـا کەرکـووکی بـە دو قۆنـاخ داگیرکـرد، تـوانی لـە مانگـی نیسـان و ئایـاری سـاڵی 1918 کەرکـووك و ناوچـەکانی سـەربە شـارەکە داگیربـکات، بـەڵام بەهـۆی ڕەوشی نالەبـار هێــزە سـەربازییەکانی بەریتانیـا ناوچەکەیـان بەجێهێشـت، ئەمـەش ڕێگـەی لەبـەردەم گەڕانـەوەی عوسـمانییەکان خۆشـکرد بـۆ ئـەوەی جارێـکی دیکـە ناوچەکـە کۆنتـڕۆڵ بکەنـەوە (محمـد امیـن العمـري، 1935).

یـۆرد لونگریـگ (Longrigg) گـوتی "کشـانەوەی بەریتانیـا دانیشـتوانی ناوچەکـەی تورەکـرد بەهـۆی سـتەمکاری تورکـەکان لـەدژی دانیشـتوان بە پاسـاوی ڕووبەڕوونەبوونـەوە ئینگلیـز." (سـتیڤن همسـله لونگریـگ، 1988)

ئینگلیــز دووبـارە پێشـڕەویکردنی بـە ئاراسـتەی کەرکـووك و ئاڵتـون کۆپـڕی بـە گرنگـزانی وەکـو هەوڵێـك بـۆ ڕێگرتـن لـە پێشـڕەوی یەکـەکانی سـوپای عوسـمانلی بـەرەو دیجلـە، لـە 18ی تشرینـی یەکەمـی 1918 هێــزێکی سـەربازی بەریتـانی بەسـەرکردایەتی لویـن (Loin) بـەرەو کەرکـووك پێشـڕەویکردو توزخورماتـوو تـاوق (داقـوق)ی کۆنترۆڵکـرد، لـە 23ی تشرینـی یەکەمیـش خورماتـووی داگیرکـردو بـەرەو شـاری کەرکـووك پێشـڕەویکرد، هێــزەکانی عوسـمانلیش نەیانتـوانی بەرگـری بکـەن و لـە کەرکـووك بـەرەو ئاڵتونکۆپـڕی پاشەکشـەیان کـرد، لـە 28ی تشرینـی

یەکــەم ئینگلیــز کەرکــووکی کۆنترۆڵیکــرد، لــە 31ی هەمــان مانگیــش ئاڵتــون کۆپڕیشــی کۆنترۆڵکــرد (محمــد أميــن العمــري، 1935).

ئینگلیــز ئیدارەیــەکی پێکهێنــا کــە 12 ئەندامــی لەخۆگرتبــوو بــۆ هاوکاریکــردنی حاکمــی سیاســی بەریتــانی کــە 6یــان کوردبــوون ئەوانیــش (ئەحمــەد خانەقــا، ئەحمــەد حەمــدی ئەفەنــدی، جەمیــل بابــان، عومەرئاغــا، شــێخ حەمیــد تاڵەبــانی و رەزا بــەگ بــوون)، 3 ئەندامیــش توروکــمان بــوون (مەجیــد ئەفەنــدی، حســێن بەگ نەفتچــی و حاجــی جەمیــل)، حوســێن عەلیــش عــەرەب بــوو هەروەهــا قوســتەنتین ئەفەندیــش مەســیحی بــوو، حەســقیل ئەفەندیــش جولەکــە بــوو (کــمال مظهــر، 2004).

بەپێــی راپۆرتەکــەی بەریتانی لەبــارەی کەرکووك، ئینگلیــز فەرمانبــەرە کۆنەکانی ســەردەمی عوســمانی و ســەرۆك هۆزەکانیــان لــە بــەگ و ئاغــەکان لەســەرکارەکانیان هێشــتوونەتەوە، چونکــە دەســەڵاتدارانی بەریتــانی سیاســەتێکی ناوەنــدی توندیــان لەناوچــەکانی کوردســتان پەیــڕەو نەکــردوە لەترســی تورەبــوونی ئــەو ســەرۆکهۆزانەی لەســەردەمی عوســمانلی جۆرێــك لــە ســەربەخۆییان هەبــوو (علـي نــاصر حسـين، 1991).

**ـ گشتپرسی ساڵی 1918:**

دوای ئــەوەی بەریتانیــا عێــراقی بــە تــەواوی کۆنترۆڵکــرد، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیــا ویســتی رای گــەلانی عێــراق لەبــارەی جۆری دەســەڵات وەربگــرێ (محمد طاهــر العمــري، 1925)، بــۆ ئــەم مەبەســتەش وەزارەتی دەرەوە لــە 30 تشرینــی دووەمــی 1918 بروســکەیەکی بــۆ ولســن (Wilson) حاکمــی گشــتی شــاهانەی بەریتــانی کــردو داوایکــرد دەســەڵاتدارانی بەریتانیــا لەســەر ئــەم خاڵانــەی خــوارەوە گشتپرســی لــە نێــو گــەلانی عێــراق بکــەن:

1 ـ پێکهێنانی حکومەتێکی عەرەبی سەربەخۆ لەژێر پارێزی بەریتانیا.
2 ـ سەرۆکایەتی حکومەت شازادەیەکی عەرەب بێت.
3 ـ ئەو کەسەی دەیانەوێ سەرۆکایەتی حکومەت بکات (عبدالله الفیاض، 1963؛ علي الوردي، 1972).

ئەدهەمی دەڵێت ئەو کات بیرۆکەی حکومەتی نیشتیمانی و دانانی شازادەیەکی عەرەبی هەبوو (محمد مظفر الأدهمي، 1989)، بەڵام ولسن ویستی پێچەوانەکەی بۆ حکومەتەکەی بسەلمێنێت، بە هەموو شێوەیەکیش هەوڵیدا رایبگەیەنێت کە گەلانی عێراق لەگەڵ بەردەوامی ئیدارەی راستەخۆی بەریتانیان, بۆ ئەم مەبەستەش حاکمە سیاسیەکانی بانگهێشت کردو داوای لێکردن لە رێگەی دیداری نهێنی لەگەڵ سەرۆکهۆزەکان و کەسایەتیە دیارەکان (عبدالله الفیاض، 1963)، لایەنگیری بۆ سیاسەتەکانی بەدەست بێنن، لە زۆربەی ناوچەکانی عێراقی گشتپرسی ئەنجامدرا، بەکەرکووکیشیەوە بە پێی ویستی ولسن لە رێگەی هەوڵی حاکمە سیاسەکان بەپێی ئەو نەخشەیەی وڵسن دایڕشتبوو (هێزو ترساندن) (محمد طاهر العمري، 1925).

**ـ گشتپرسی لە کەرکووك:**

دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بەپێی ویستی ولسن لە لیوای کەرکووك دوو پشتگیریان دەستکەوت، پشتگیری یەکەمیان 17 واژۆی سەرۆك هۆزەکانی عەرەب و کوردو ریش سپیانی ناوچەکانی کفری لەخۆ گرتبوو کە دانانی شازادەیەکی عەرەبیان پەسندکردبوو لەگەڵ دواخستنی پرسی دامەزراندن، هەروەها داوای یەکێتی عێراقیان کردبوو لەژێر پارێزگاری و هاوکاری بەریتانیا، بەڵام پشتگیری دووەم کە 17 واژۆی سەرۆکهۆزو ریش سپیانی ناوچەی کەرکووکی لەخۆگرتبوو جەختیان لەسەر یەکێتی عێراق بە هاوکاری بەریتانیا کردبووەوە." (إبراهیم خلیل أحمد، 1975)

گشتپرسییەکە گوزارشتی لە حەزی تەواوی گەلی عێراق نەدەکرد، چونکە رای ژمارەیەکی دیاریکراوی کەسایەتییەکان و سەرۆکهۆزەکان و ریش سپیانی دەستڕۆییشتوو بوو کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەژرەوەندییەکانی ئینگلیز کۆی دەکردنەوە، بۆ نموونە ناوچەی کەرکووك، گشتپرسی سەرجەم ناوچەکانی سەربە لیواکەی نەگرتەوە، پشتگیرییەکە تەنها 34 واژۆی لەخۆگرتبوو ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی لیواکە لە گشتپرسییەکە بەشدار نەبوونە بەتایبەتی لیوای کەرکووك کە دەیان هۆزی تێدایە، جگە لە رۆڵەکانی شارەکان، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پووچەڵی گشتپرسی".

لەمبارەوە عەلی وەردی دەڵێت "ئەو ئەفسەرە ئینگلیزەی سەرپەرشتی گشتپرسییەکەی دەکرد لە داقوق 2 بروسکەی پێگەییشت یەکێکیان جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێ پشتگیرییەکە بەپێی ویستی بەریتانیا بێت، ئەوەی دیکەش جەختی لەسەر قبوڵکردنی شازادەیەکی عەرەبی دەکردەوە، ئەویش جگە لە رێکخستنی پشتگیرییەکان و واژۆکردنیان لەلایەن ریش سپیان و سەرۆکهۆزەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەو کێشەی تێیکەوتوە هیچی دیکەی لەپێش نەبوو.

دوای ئەنجامدانی کۆنگرەی قاهیرە لە ساڵی 1921 و کاندیدکردنی ئەمیر فەیسەڵ بۆ عێراق، پرسەکە خرایە بەردەم عێراقییەکان، زۆربەی ئەو پشتگیریانەی لە ناوچەی کەرکووك ئامادەکران دژی کاندیدکردنی ئەمیر فەیسەڵ بوون، کەمتر لە 300 کەس دەنگیان بۆ بەرژەوەندی ئەمیر فەیسەڵدا، زیاتر لە 6 هەزار دەنگیش لەدژی بوون، واتا تەنها 5%ی دەنگەکان لەبەرژەوەندی ئەمیر فەیسەڵ بوو (کمال مظهر، 2004).

ئەمە هەمووی بەڵگەی دیارن لەسەر ئەوەی ناوچەکە کە زۆرینەی کوردبووە رازی نەبوونە بەوەی بخرێتە چوارچێوەی ناوچەی عەرەبی، ئەمەش لە گفتوگۆکانی کۆنگرەی قاهیرە بەزەقی دەرکەوت و ناوچە کوردستانییەکانی

عێـراق لـە بەرزاییـەکانی حەمریـن لـە نێوان دانیشـتوانی عـەرەب و غەیـرە عەرەب دەستنیشـانکرا، ئەفسـەری ئینگلیـز یۆنـگ کـە ئامـادەی کۆنگرەکـە بـوو لـە میـانی تاوتوێکـردنی پرسـی کـورد بـە ڕاشـکاوانە بـە ئەمیـر فەیسـەڵی ڕاگەیانـد، ئامانجـی سیاسـەتی بەریتانیـا هانـدانی نەتـەوەی عەرەبیـە نـەك داگیـرکاری عەرەبـی."( کـمال مظهـر، 2004)

بەریتانیـا تـوانی بەسـەر ئاسـتەنگەکانی بەردەمـی زاڵ بێـت، بەتایبـەتی شـۆڕشی عشریـن و یاخـی بـوونی هـۆزەکان، وەکـو بەشـێك لـە سیاسـەتی کۆنترۆڵکـردنی ڕەوشـەکە لـە ئـابی 1921 دەسـتی کـرد بـە بونیادنـانی دەوڵـەتی عێـراق، لـە پێنـاو دامەزرانـدنی دامـەزراوەکانی دەوڵـەت و دیاریکـردنی شـێوازی پەیوەندییـەکانی نێـوان عێـراق و بەریتانیـاش دەبوایـە ئەنجوومەنێـکی نوێنـەران هەبێـت بـەو کارە هەڵسـێت، بۆیـە بڕیـاری پێکهێنـانی ئەنجوومـەنی دامەزراندنیـدا بـۆ 3 مەبەسـت، پەسـندکردنی پەیماننامەی عێـراقی بەریتانی سـاڵی 1922، یاسـای بنەڕەتی(دەستوور) و دەرکـردنی یاسـای هەڵبژاردنـەکان لـە وڵات.

بەهـۆی پشـێوی ڕەوشی ئەمنـی بەتایبـەتی لـە ناوچـەکانی سـلیمانی و کەرکـووك هەڵبژاردنـەکانی ئەنجوومـەنی دامەزرانـدن کاتێـکی زۆری بـرد، ئـەو هەڵبژاردنـەی لە تشرینـی دووەمـی سـاڵی 1922 دەسـتپێکرا لـە سـاڵی 1924 کۆتاییهـات 88 نوێنـەر هەلبژێــردران، لـەو هەڵبژاردنانـەش 5 نوێنـەر لەسـەر ئاسـتی لیـوای کەرکـووك دەرچـوون، کـە سـێیانیان نوێنەرایـەتی دانیشـتوانی شـارەکانیان دەکردو یەکێکیشـیان نوێنەرایـەتی هـۆزەکان و یەکێکیشـیان نوێنەرایـەتی پێکهاتـەی جولەکـەی دەکـرد، جەمیـل بابـان نوێنـەری شـاری کفـر بـوو، لەگـەڵ دارا بـەگ داودەو ئیسـحاق ئەفرایـم (محمـد مظفـر الأدهمـي، 1989). ئەمـەش مانـای ئەوەیـە کـە کـورد نوێنەرایـەتی 75%ی ناوچەکەیـان دەکـرد، چونکـە ئیسـحاق ئەفرایـم نوێنەرایـەتی کۆتـای جولەکـەکان بـوو کـە ژمـارەی نێـرەکان دەگەییشـتە 500 کـەس، هەروەهـا 25%ش تورکمانــەکان بــوون، عەرەبــی کەرکووکیــش هیــچ نوێنەرایەتیــان لــە ئەنجوومـەنی دامەزرانـدن نەبـوو.

هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن خانەوادەی نەفتچی و هورمزی لە هۆزەکانی کورد بوونە، بەڵام رۆشنبیری تورکمانی بەسەریاندا زاڵ بووەو بەو پێیەی لە چینی ئۆرستۆقراتی نزیك لە دەسەڵات بوونە، سەرەرای خانەوادەی یەعقوبی کە لە بنەرەت کوردی مەسیحین و موسوڵمان بوونە، تاوەکو ئێستاش ئەو خانەوادەیە لە هەولێر کلتوری نەتەوەیی کوردی خۆی پاراستوە.

ئێمە لەو توێژینەوەیەدا ناوی کورەکانیان کە باسیان کراوە لە چوارچێوەی خانەوادە تورکمانەکانمان تۆمارکردون، چونکە تاوەکو ئێستاش خۆیان بە تورکمان دادەنێن.

هەروەها چەندین ناوی دیکە هەیە لە رووی رەگەزەوە گومانیان لەسەرە، وەکو خانەوادەی فەتاح پاشا کە ئینگلیزەکان بە تورکمانی دادەنێن و بە موتەسەریفی کەرکووك دیاریکراوە بەو پێیەی لەلایەن کوردەوە کەسێکی بەرێزە. (کمال مظهر احمد، 2004)، بەڵام بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو لە نەتەوەی کوردە، چونکە کورەکانی بەتایبەتی سلێمان فەتاح پەیوەندییەکی تۆکمەی بە شۆرشەکانی کوردەوە هەبوو بەتایبەتیش راپەرینەکەی کفری بەسەرکردایەتی ئیبراهیم خانی دەلۆ لە ساڵی 1920.

ئەنجوومەنی دامەزراندنی عێراقی تاوتوێی ئەو پرسانەی کرد کە لە پێناوی پێکهاتوە، ئەنجوومەنەکە لێژنەیەکی بۆ تاوتوێکردنی لیستی یاسا بنەرەتییەکان پێکهێنا کە تیایدا نوێنەری کورد دارا بەگ داوەدە (محاضر المجلس التأسیسی العراقي، 1924) نوێنەرایەتی لیوای کەرکووکی دەکردو ئەنجوومەن لیستی 10ی تەمموزی 1924ی پەسندکرد. (جریدة الوقائع العراقیة 237، 1924).

لە 21ی تەمموزی 1924 حکومەتی عێراق لیستی یاسای هەڵبژاردنی نوێنەرانی بۆ ئەنجوومەنی دامەزراندن بەرزکردەوە کە ناوی 15 کەسی لەخۆگرتبوو لە ناویاندا ناوی نوینەری کەرکووك شێخ حەبیب عەلی تاڵەبانی تێدابوو. . (جریدة الوقائع العراقیة 1924،242). لە 2ی ئابی 1924یش لیستەکە پەسندکرا. (جریدة الوقائع العراقیة 264، 1924)

یاسای بنەڕەتی (دەستوور) رژێمی دەسەڵاتی لە عێراق دیاریکرد "عێراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریە، سەربەخۆیە، دابەش ناکرێت، دەستبەرداری هیچ شتێکی نابێت، حکومەتەکەشی پادشایی بۆماوەیی پەرلەمانییە. (القانون الأساسي العراقية، المادة الأولى، 1954)

هەروەها لە مادەی 28ی یاسای بنەڕەتیدا هاتوە(دەسەڵاتی یاسادانان بە ئەنجوومەنی ئوممەو پادشا بەستراوە، ئەنجوومەنی ئوممەش لە ئەنجوومەنی ئەعیان و نوێنەران پێکدێت. (سەرچاوەی پێشوو، مادەی 28).

یەکێك لە رۆڵەکانی کەرکووك شەرەفی ئەندامیەتی ئەنجوومەنی ئەعیانی بەدەستهێنا، شا فەیسەڵی یەکەم، عەبدوڵلا سافی یەعقوبی بە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان هەڵبژارد، هەروەها لە ئەنجوومەنیش دووبارە دامەرزایەوەو ماوەی 16 ساڵ لە ساڵی 1925 ـ 1941 لە پۆستەکەی مایەوە (مجید خدوري، 1946).

نوێنەرایەتی کەرکووك لە ئەنجوومەنی نوێنەران:

بۆ بوونە ئەندام لە ئەنجوومەنی نوێنەران هەر نوێنەرێك دەبوایە 20 هەزار دەنگ بەدەست بێنێ (القانون الأساسي العراقية، المادة 36، 1954)، خولی ئەنجوومەنیش 4 کۆبونەوەیە، هەر 6 مانگ جارێك ئەنجوومەن کۆدەبێتەوە. (سەرچاوەی پێشوو، مادەی 38)

بەپێی مادەی 2 لە یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان بۆ ساڵی 1924 عێراق بەسەر 3 ناوچەی هەڵبژاردن دابەشکراوە، لیوای کەرکووکیش لە چوارچێوەی ناوچەی هەڵبژاردنی یەکەم بووە، چوار قەزای لەخۆگرتوە کەرکووك، کفری، چەمچەماڵ و توزخورماتو، لەگەڵ 11 ناحیە، هەر قەزایەك ناوچەیەکی هەڵبژاردن بووە، قەزای کەرکووك بەسەر دوو ناوچەی هەڵبژاردنەکان دابەشکراوە لەوانە شاری کەرکووك و ناحییەکانی قەرە حەسەن و ملحە، بەڵام ناوچەی دووەمیان هەردوو ناحیەی ئاڵتون کۆپری و شوان و ناوچەی گەریدەکانی هۆزی عوبێد بووە. (فهمي عرب آغا و فاضل محمد، 1957).

لە 8ی حوزەیرانی 1925 لە سەرجەم لیواکانی عێراق گەڕی یەکەمی هەڵبژاردنەکان دەستپێکرد بۆ هەڵبژاردنی 88 ئەندام بۆ ئەنجوومەن، لە لیوای کەرکووك هەر یەك لە شێخ حەبیب تاڵەبانی، سەعید حاجی حەسەن، ڕەفیق خادم سەجادەو نەشئەت ئیبراهیم (تورکی) دەرچوون. (جریدة العراق 1552، 1925)

عەبدولموحسین سەعدون هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کردە مەرج بۆ پێکهێنانی کابینەی سێیەمی حکومەت، پادشاش ڕەزامەندی نیشاندا، دوای چەند ڕۆژێك لە پێکهێنانی، حکومەت ئەنجوومەنی هەڵوەشاندەوە، وەزارەتی ناوخۆش فەرمانی بە سەرجەم موتەسەڕیفەکان کرد ئامادەسازی بکەن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ، هەروەها کار لەسەر سەرکەوتنی کاندیدانی حکومەت بکەن. (لطفي جعفر فرج، 1978)

لە 8ی شوباتی 1928 هەڵبژاردن دەستپێکراو تاوەکو 9ی ئایاری هەمان ساڵ بەردەوام بوو. (جریدة العراق 2439، 1928)، و هەریەك لە محەممەد عەلی قیڕدار، سەعید حاجی حەسەن، موستەفا یەعقوبی و محەممەد فەتاح جاف دەرچوون. (جریدة العراق 2451، 1928)

عەرەبەکان هیچ نوێنەرایەتیەکیان لە خولەکانی یەکەم نەبوو، ئەمەش بۆ کەمی ژمارەی عەرەب دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە بەو پێیەی هۆزی نیمچە چۆڵنشین بوون بۆیە ژمارەیان کەمبوو، هەروەها کەمە ئایینییەکانی دیکەش، سەبارەت بە کەمە نەتەوەییەکان یاسای هەڵبژاردنەکان لە لیوای کەرکوك سیستمی کۆتای پەسند نەکرد.

لە 23ی ئایاری 1930 نوری سەعید یەکەم کابینەی حکومەتی پێکهێنا، لە 1ی تەمموزی 1930 ڕەزامەندی پاشاشی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران بەدەستهێنا، وەکو ڕێگەخۆشکردن بۆ هەڵبژاردنی خولی سێیەم لە 1تشرینی دووەمی 1930 ـ 4ی تشرینی دووەمی 1932 بۆ پەسندکردنی

پەیماننامـەی سـاڵی 1930 ی نێـوان حکومـەتی عێـراق و بەریتانیـا، بـەو پاسـاوەی پەیماننامەکـە وڵاتی خسـتوەتە قۆناخێـکی نـوێ و پێویسـتی بـە گەڕانـەوە بـۆ گـەل هەیـە.

لـە 1ی تەممـوزی 1930 حکومـەت ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنی دەسـتپێکردو لـە 16ی ئەیلـولی 1930 تـەواو بـوو لـە سـەرجەم لیـواکانی عێـراق تەواوبـوو، لـە لیـوای کەرکووکیـش هـەر یـەك لـە محەممـەد عـەلی قیـڕدارو حەبیـب عـەلی تاڵەبـانی و موسـتەفا یەعقوبـی و سـلێمان فەتـاح (ملفـات وزارة الداخليـة، 32020/9525) سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێنا.

لــە 3ی تشرینــی یەکەمــی ســاڵی 1932 عێــراق لــە کۆمەڵــەی نەتــەوەکان بـووە ئەنـدام و بەهۆیـەوە لـە 27 تشرینـی یەکەمـی 1932 کابینـەی دووەمـی حکومەتەکـەی سـەعید دەسـتی لەکارکێشـایەوە، بـەو پێیـەی لەگـەڵ کۆتاییهاتنـی ئینتیـداب کاری حکومەتەکـەی کۆتایـی پێدێـت، لـە 3ی تشرینـی دووەمیـش شـا فەیسـەڵ کابینەکـەی رادەسـتی ناجـی شـەوکەت کـردو لـە 8ی تشرینـی دووەمیش ئەنجوومـەنی هەڵوەشـاندەوە. (ناجـي شـوكت، 1975)

شـەوکەت ویسـتی هەڵبژاردنـەکان بـە پێی حـەزی گـەل و بەبێ دەسـتتێوەردان بێلێتـەوە، بـەڵام کۆشـکی پادشـا پێیبـاش بـوو بـۆ مسـۆگەرکردنی ژمارەیـەك لـە کاندیـدەکانی لایەنگری خـۆی دەسـتتێوەدران بـکات و هەندێـك لـە هەوڵەکانیـش بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی ناکـۆکی لـە نێـوان شـەوکەت و پاشـا ئەمـەش دەسـت لەکارکێشـانەوەی شـەوکەتی لێکەوتـەوە، دوای ئـەوەی کابینەکـەی متمانـەی پێـدرا لـە 11ی ئـاداری 1933 شـەوکەت دەسـت لەکارکێشـانەوەی خـۆی پێشکەشـکرد، بۆ ئـەوەی پێـش کۆبونـەوەی ئەنجوومـەنی نوێنـەران بێلایـەنی کابینەکـەی بسـەلمێنێت (ناجـي شـوكت، 1975)، لـە لیـوای کەرکووکیـش هـەر یـەك لـە جەمیـل بابـان، شـێخ حەبیـب تاڵەبـانی، فـەوزی عـەلی و محەممـەد قیـڕدار دەرچـوون. (محـاضر مجلـس النـواب، 1933)

لــە هەڵبژاردنــەکانی خــولی پێنجــەم لــە 29ی کانــوونی یەکەمــی 1934 ـ

9ی نیسانی 1935 کە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە 4ی ئەیلولی 1934 ئەنجامدرا هەریەك لە خەلیل زەكی و محەممەد عەلی قیڕدارو محەممەد حاجی نعمان ونداوی و حەبیب تاڵەبانی و جەمیل بابان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا (محاضر مجلس النواب، 1934)، بەڵام ئەنجوومەن تەنها 20 دانیشتنی ئەنجامدا، چونکە نووسینگەی پاشا لە 29ی نیسانی 1935 ئەنجومەنەکەی هەڵوەشاندەوەو لە مانگی حوزەیرانیش هەڵبژاردن دەستپێکراو لە 4ی ئابی 1935 کۆتاییهات و هەر یەك خەلیل زەكی و سلێمان فەتاح و فائق تاڵەبانی و عەلی رەزا عەسكەری و داود جاف و دارا داودە لە لیوای کەرکووك سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. (محاضر مجلس النواب، 1935) لە ئەنجامی کودەتایەكی سەربازی لە عێراق لە 29ی تشرینی یەکەمی 1936 کابینەی دووەمی حکومەتی یاسین هاشمی دەستی لەکارکێشایەوەو کابینەیەكی نویَ بە سەرۆكایەتی حیكمەت سلێمان پێکهێندرا (حسین جمیل، 1983)، رۆژێك دوای پێکهێنانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەڵوەشاندەوە و رۆژی 10ی کانوونی یەکەمیشی دیاریکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەو پێیەی پێش 20ی شوباتی 1937 تەواو بێت (حازم المفتي، 1990). لە ئەنجامدا لە لیوای کەرکووك هەریەك لە ئەحمەد ئاغا کەرکوکلی، شێخ عاسی عەلی، عەبدولقادر تاڵەبانی، حوسێن نەفتچی، محەممەد برقی و یوسف عزەدەین ئیبراهیم سەرکەوتنیان بەدەستهێنا (جريدة البلاد، 804، 1937).

دوای تیرۆرکردنی فەریق بەکر سدقی سەرکردەی کودەتاکە لە موسڵ لە بەرواری 11ی ئابی 1937، کابینەی نوێی ئیدارەی شاهانە لە 26ی ئابی 1937 (ملفات وزارة الداخلية، 2287/32050) فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دەرکرد، خولی هەشتەمی هەڵبژاردنەکانی 23ی کانوونی یەکەم ـ 22ی شوباتی 1939 بەتەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەت و ئەو هەڵبژادنەش بە شانۆگەریەك ناوبردرا کە دەرهێنەرەکەی جەمیل مەدفەعی سەرۆکوەزیران

و موستەفا عومەری وەزیری ناوخۆیە(عبد الزهرة مكطوف يوخان الجوراني، 1983)، لە هەڵبژاردنەکەش هەر یەك لە حوسین نەفتچی و ئەحمەد یەعقوبی و جەمیل بابان و شێخ عەبدولوەهاب تاڵەبانی و ئەحمەد ئاغا کەرکووکلی و شێخ عاسی عەلی لە لیوای کەرکووك ئەندامیەتی ئەنجوومەنیان بەدەستهێنا (جريده الزمان، 1973:308).

دوای دەرکردنی فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لەلایەن ئیدارەی شاهانە لە 22ی شوباتی 1939 (عبدالرزاق الحسني، 1988). لە 12ی حوزەیرانی 1939 ـ 9ی حوزەیرانی 1943 حکومەت ئەنجامدانی خولی نۆیەمی هەڵبژاردنەکانی دەستپێکردو لە سەر ئاستی لیوای کەرکووك هەر یەك لە ئەمین هەمەوەندی، داود جاف، دارا داودی، جەمیل قیڕدار، فائیق تاڵەبانی، محەممەد نوعمان ونداوی کورسی ئەنجوومەنی نوێنەرانیان بەدەستهێنا (جريده الاستقلال، 1939:3368).

دوای تەواوبوونی ماوەی پەرلەمان لە خولی هەڵبژاردنەکان لە 9ی حوزەیرانی 1943 ئیدارەی شاهانە فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی دەرکرد.

لە 8ی تشرینی یەکەمی 1942 ـ 19ی کانوونی یەکەمی 1943 تەحسین عەسکەری وەزیری ناوخۆ لە حەفتەمین کابینەی حکومەتی نوری سەعید فەرمانی بۆ مەتەسریفەکان و موتەسەریفی لیوای کەرکووك دەرکرد ئامادەسازی بکەن بۆ هەڵبژاردنی گشتی و لە کۆتایی مانگی ئابی 1943 هەڵبژاردن لە لیوای کەرکووك تەواوبوو و لە هەمان ساڵدا 5 ئەندام بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێردران (عبدالرزاق الحسني، 1988).

ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەش لە بەرژەوەندی سیاسەتی سەعید بوو، چونکە زۆربەی نوێنەرانی خولەکانی پێشوو کورسی ئەنجوومەنیان بەدەستهێنایەوە لەسەر ئاستی لیوای کەرکووکیش هەر یەك لە جەمیل قیڕدارو عەبدولوەهاب تاڵەبانی و داود جاف و دارا داودی و سولەیمان فەتاح و محەممەد حاجی نعمان ونداوی دەرچوون (محاضر مجلس النواب، 1943). لە دوایین ڕۆژی کابینەی

وەزاری دووەمــی ســویدی لــە 23ی شــوباتی 1946 ـ 30 ئایــاری 1946 ئیــدارەی شـاهانە فەرمـانی پەکخسـتنی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی بـۆ مـاوەی 6 مانـگ دەرکـرد، بـەڵام پرسـی تاوتوێکـردنی بودجـەی گشـتی سـاڵی 1946 ئەنجوومەنـی نوێنـەرانی لـە ڕەژی دوایـی کۆکـردەوە، دوای تـەواو بـوونی کۆبونەوەکـەش نۆیەمیـن کابینـەی وزاری سـەعید کـە لـە 21ی تشرینـی دووەمـی 1946 دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت فەرمـانی شـاهانەی بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومـەن بەدەسـتهێنا، بـە پاسـاوی گـۆڕانی ڕەوشی جیهـان لـە حالـەتی شـەڕ بـۆ حالـەتی ئاشـتی و وەرگرتنـی رای گـەل لـە بەڕێوەبـردنی سیاسـەتی وڵات بەپێـی پەیـڕەوی نـوێ (عبدالـرزاق الحسـني، 1988).

هەڵبژاردنـەکانی خـولی یازدەهەمـی 17ی ئـاداری 1947 ـ 22ی شـوباتی 1948 لەگـەڵ خولـەکانی پێشـوو جیاوازبـوو، چونکـە بەپێـی ئەحکامـەکانی یاسـای نوێـی هەڵژاردنـەکانی ژمـارە 11ی سـاڵی 1946 ئەنجامـدراو بچووککردنـەوەی فەرمانگـەکانی هەڵبـژاردنی پەسـندکردو فەرمانگـەی هەڵبـژاردنی زیاتـری لـە لیـواکان کـردەوە، سـەرەڕای پشـت بەسـتن بـە بنەمـا نوێیـەکانی کاندیدکـردن و پەسـندکردن و زیادکـردنی ژمـارەی کورسـییەکانی ئەنجوومـەنی نوێنـەران لـە 115 کورسـیەوە بـۆ 138 کورسـی بەهـۆی زیادبـوونی ژمـارەی دانیشـتوان (عبدالمجید کامـل عبداللطیف، 1983)، لـە لیـوای کەرکووکیـش ژمـارەی دانیشـتوانی نێـر گەیيشـتبووە 150 هەزارو 820 کـەس، بـەم پێیـەش ژمـارەی نوێنـەرانی کـورد بـۆ 8 نوێنـەر بەرزدەبێتـەوە (ملفـات وزارة الداخليـة، 9525/32050).

هەروەهـا ئـەم خولـەی هەڵبژاردنـەکان بەهـۆی بـوونی ژمارەیـەك پـارتی ئۆپۆزسـیۆن کـە لـە نیسـانی 1946 ڕێگەیـان پێدرابـوو تامێـکی جیـاوازی هەبـوو، لـە لیـوای کەرکـووك هەریـەك لـە سـولەیمان فەتـاح، محەممـەد ونـداوی و داوود جـاف و ئەمیـن هەمەوەنـدی و دارا داودە بـە تەزکیـە دانـدران، بـەڵام ئەمیـن قیـڕدارو کامـل یەعقوبـی و فـازڵ تالەبـانی بـە هەڵبـژاردن کورسـی ئەنجوومەنیـان

بەدەستهێنا (ملفات وزارة الداخلية، 9525/32050).

کابینەی نوێی وزاری دەستیکرد بە ئەنجامدانی خولی دوازدەمینی هەڵبژاردنەکان لە 21ی حوزەیرانی 1948ـ 30 حوزەیرانی 1952 و تیایدا حکومەت چەندین ڕێگەی هونەری بەکارهێنان بۆ دوورخستنەوەی کاندیدە نەویستراوەکان، لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی دڵنیایی لە ماوەی دیاریکراوی یاسایی و هەرەشەو ڕێگەی دیکە (عبدالرزاق الحسني، 1988).

پێدەچێت حکومەت زۆر گرنگی بە بروسکەکانی ناڕەزایی دەربرین نەدابێت لەسەر هەڵبژاردنەکان و لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ دوورخستنەوەی ئەو کاندیدانەی متمانەی حکومەتیان بەدەست نەهێنابوو، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە سەرکەوتنی کۆمەڵێك نوێنەرانی کەرکووك بە تەزکیە لەوانەش ئەحمەد یەعقوبی و عەوبدولوەهاب تاڵەبانی و عەلی خادمی سجادە لە ناوچەی یەکەم، هەروەها ناجی هورمزی لە ناوچەی دووەم و عەبدوڵڵا سلێمان بەیاتی لە ناوچەی سێیەم و داوود محەممەد وندـاوی لە ناوچەی چوارەم و ئەمین هەمەوەندی لە ناوچەی پێنجەم (ملفات وزارة الداخلية، 9525/32050).

دوای تەواو بوونی خولی هەڵبژاردن لە 30 حوزەیرانی 1952 ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵوەشێندرایەوە، لە 23ی تشرینی دووەمی 1952ـ 22ی کانوونی دووەمی 1953 حکومەتی نوردەدین مەحموود بەیاننامەیەکی لەبارەی خولی سێزدەهەمی هەڵبژاردنەکانی 24ی کانوونی دووەمی 1953 ـ 28ی نیسانی 1954 دەرکردو بەپشت بەستن بە مەرسومی ژمارە 6ی ساڵی 1952 (عبدالكريم ياسين رمضان، 1987). ڕۆژی 17ی کانوونی دووەمی 1953ی بۆ دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان دەستنیشان کرد.

لەژێر سێبەری حوکمی عورفی ڕاگەیەندراو هەڵبژاردنەکان ئەنجامدران و حکومەتیش بە شێوازی پێشووی دەستتێوەردانی تێداکرد و لە ئەنجامدا پارتی دەستووری فیدراڵی بە 77 کورسی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کە 6 کورسیان بۆ نوێنەرانی کەرکووك بوو و هەریەك لە کامل یەعقوبی، داوود جاف، ئیبراهیم

نەفتچی، فازڵ تاڵەبانی، عەبدوڵڵا سلێمان بەیاتی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام ئەمین هەمەوەندی بە تەزکیە داندرایەوەو هەریەك لە ئەمین قیڕدارو مەحممود بابان کە لە سەربەخۆکان بوون لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتن (ملفات وزارة الداخلية، 9585/32050).

لە 19ی نیسانی 1954 دووەم کابینەی وەزاری جەمالی دەستی لەکارکێشایەوە، ئەمەش وایکرد لە ساڵی 1953 ـ 1958 شا فەیسەڵ بەدوای کابینەیەکدا بگەڕێت لەگەڵ ویستەکانی کۆشك بگونجێ و وەلای بۆ پاشا هەبێ، بۆ ئەم مەبەستە پاشا لەگەڵ سەرۆك حکومەتەکان و پارتە سیاسیەکان کۆبێتەوە لەبارەی سیاسەتی نوێی وڵات و جۆری کابینەی نوێ، ئامادەبوانی کۆبوەنەوەکەش لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران و دروستکردنی کابینەیەکی وەزاری بێلایەن رێککەوتن، پاشاش عەلی ئەڕشەد عومەری بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری راسپارد کە لە 29ی نیسانی 1954ی پێکهێناو یەکەم کاریشی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران بوو (عبدالرزاق الحسني، 1988).

هەڵبژاردنەکانی خولی چواردەهەمی 26ی تەممووزی 1954 ـ 3ی ئابی 1954 لە لیوای کەرکووك لە هەموو لیواکانی دیکەی عێراق گرینگتر بوو، لە ناوچەی دووەمی هەڵبژاردنەکان کە ناحیەکانی ئاڵتون کۆپڕی و شوان و گەڕیدەی عوبەیدی دەگرتەوە، حکومەت بەشێوەیەکی قێزەون دەستتێوەردانی تێداکرد (ملفات البلاد الملكي 1543/311).

دیارە هەڵبژاردنەکان لە لیوای کەرکووك هەمیشە بەپێی ویستی حکومەت کراوە کە کۆنترۆڵی تەواوی رێکاریەکانی کردبوو (ملفات وزارة الداخلية، 9527/32050).

لەو هەڵبژاردنەشدا چوار کاندیدی پارتی دەستووری فیدڕاڵی سەرکەوتنیان بەدەستهێنا کە کامل یەعقوبی و حەبیب سیاە مەنسور تاڵەبانی و داود جاف و حوسێن خانەقا بوون، بەڵام زەین عابدین قنبر ئاغا کە سەربە پارتی ئیشتیراکی

بـوو بـە تەزکیـە دانـدرا دوای کشـانەوەی کاندیـدی پـارتی دەسـتووری فیدراڵـی جیهـاد ونـداوی، هەروەهـا مەحمـوود بابـان و عەبدولـڵا حەسـەن ئاوچییـش کـە سـەربەخۆ بـوون کورسـیان بەدەسـتهێنا، بـەڵام ئەمیـن قیـڕدار بەتەزکیـە دانـدرا (ملفـات وزارة الداخليـة، 9527/32050).

دوای راگەیانـدنی ئەنجامـی هەڵبژاردنـە گشـتییەکان، لـە 17ی حوزەیـرانی 1954 ئەرشـەد عومـەری دەسـت لەکارکێشـانەوەی کابینـەی وەزارەتەکـەی پێشکەشـکرد، پاشـاش نـوری سـەعیدی بـۆ پێکهێنـانی کابینـەی حکومـەت راسـپارد، ئەویـش لـە 3ی ئابـی 1954 کابینەکـەی پێکهێنـا، دوای یـەك کۆبوونـەوەی ئەنجوومـەنی نوێنـەران لـە 26ی تەممـوزی 1954 ئیـدارەی شـاهانە فەرمـانی هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی دەرکـرد.

وەزارەتی ناوخـۆش بروسـکەی بـۆ سـەرجەم موتەسـەریفەکان کـرد بـە کەرکووکیشـەوە بـۆ گرتنەبـەری رێـکارە پێویسـتەکان بـۆ ئەنجامـدانی خـولی پازدەهەمـی هەڵبژاردنـەکان لـە 16ی ئەیلـولی 1954 ـ 27ی ئـاداری 1958 و رۆژی 12ی ئەیلولـی 1954یشـی دەستنیشـانکردبوو بـۆ ئەنجامـدانی هەڵبژاردنـەکان لەسـەرجەم لیـواکانی عێـراق (ملفـات وزارة الداخليـة، 9584/32050).

بەبـێ هیـچ رووداوێك لە لیـوای کەرکووك لـە رۆژی دیاریکـراودا هەڵبژاردنەکان ئەنجامـدران و لـە ئەنجامـدا ئیبراهیـم نەفتچـی و حوسـێن خانەقـاو کامـل یەعقوبـی و ئەمیـن هەمەوەنـدی کـە کاندیـدانی پـارتی دەسـتووری فیدڕاڵـی بـوون بـە زۆرینـەی دەنـگ و بـە تەزکیـە سـەرکەوتن، بـەڵام داود جـاف لـە قـەزای کفـری بـە هەڵبـژاردن سـەرکەوت، هەروەهـا لـە لیسـتی سـەربەخۆکانیش ئەمیـن قیـڕدار بەتەزکیـە سـەرکەوت، بـەڵام مەحمـود بابـان و سـلێمان بەیـاتی بـە هەڵبـژاردن سـەرکەوتن (ملفـات وزارة الداخليـة، 9585/32050)، دوای کشـانەوەی یوسـف ئلیـاس و یوسـف ئەنتـوان لـە 29ی تشرینـی دووەمـی 1956 نیعمەلـڵا هنـدی لـە کەمەنەتـەوەی مەسـیحی بـوو بـە تەزکیـە دانـدرا (ملفـات وزارة الداخليـة، 9586/32050).

لــە 27ی ئــاداری 1958 ئەنجوومــەنی نوێنــەران خــولی چواردەمینــی خــۆی تەواوکــرد، لــە 3ی ئــاداری 1958 ـ 14ی ئایــاری 1958 حکومــەتی نــوری ســەعید فەرمــانی ئیــدارەی شــاهانەی بــۆ هەڵوەشــاندنەوەی ئەنجوومــەنی نوێنــەران بەدەســتهێنا، لــە 30ی ئــاداری 1958یــش وەزارەتی ناوخــۆ فەرمــانی بــە ســەرجەم موتەســەریفایەتییەکان کــرد ئامــادەکاری بکــەن بــۆ دەســتپێکردنی خــولی شــازەدمینی هەڵبژاردنــەکانی 10ی ئایــاری 1958 ـ 14ی تەممــوزی 1958، رۆژی 5ی ئایــاری 1958یشــیی دەستنیشــانکرد بــۆ ئەنجامــدانی هەڵبژاردنــەکان (ملفــات وزارة الداخليــة، 9527/32050).

لــە رۆژی دیاریکــراودا هەڵبــژاردن دەســتیپێکردو لــە ئەنجامــدا 118 نوێنــەر بەتەزکیــە ســەرکەوتن کــە 29 ئەندامیــان یەکــەم جاربــوو هەڵبژێــردرابوون (عبدالــرزاق الحســني، 1988)، لەســەر ئاســتی لیــوای کەرکووکیــش ســەرجەم کاندیــدەکان بــە تەزکیــە ســەرکەوتن کــە ئەوانیــش دکتــۆر نەجیــب یەعقوبــی و کاکــە حەمــەی خانەقــاو ئیبراهیــم نەفتچــی و نەزیــر قیرداربــوون، هەروەهــا مەحمــود بابــان و داود جــاف لــە قــەزای کفــری و ســلێمان بەیــاتی لــە قــەزای خورماتــوو مەحمــود فەهمــی هەمەوەنــدی لــە قــەزای چەمچەمــاڵ ســەرکەوتن، لەگــەڵ قوســتەنتین فەتوحــی مەســیحی (ملفــات وزارة الداخليــة، 9587/32050).

لــە مــاوەی 16 خــولی هەڵبژاردنــەکانی ئەنجوومــەنی نوێنــەران حکومەتــە یــەك لــەدوای یەکــەکانی عێــراق بــەردەوام بــوون لەدەســتوەردان لــە پرۆســەی هەڵبژاردنــەکانی ئەنجوومــەنی نوێنــەران لەســەرجەم لیــواکانی عێــراقی بــە لیــوای کەرکووکیشــەوە کــە حکومەتــەکان دەیانتــوانی بــە ئاســانی نوێنەرەکانیــان تیــادا کاندیــد بکــەن، ئــەم رێکارانــەش کاریگــەری نەرێنــی لەســەر ژیــانی نوێنــەرانی عێــراق جێهێشــت، چونکــە ئەنجوومەنــەکان هەمیشــە لەلایــەن حکومەتــەوە هەرەشــەی هەڵوەشــاندنەوەیان لەســەر بــوو، پێشــتریش 13 جــار ئەنجوومەنیــان هەڵوەشــاندوەتەوە.

نوێنــەرانی کەرکووکیــش ڕۆڵێــکی بەچاویــان هەبــوو لــە نێــو ئەنجوومــەنی نوێنــەران بەتایبــەتی داود جــاف و ســلێمان فەتــاح و مەحمــوود بابــان و نەشــئەت ئیبراهیــم و جەمیــل بابــان و عــەلی خــادم ســجادەو ســەعید قــەزازو ئــەوانی دیکــە.

لەســەردەمی ڕژێمــی پادشــایی نوێنــەرانی کــورد لــە ئەنجوومــەنی نوێنــەرانی عێــراق نوێنەرایــەتی زۆرینەیــان دەکــرد، هەرچەنــدە نوێنەرایــەتی ژمارەی دروســتیان نەدەکــرد بەتایبــەتی لــە هەندێــك لــە خولــەکانی هەڵبــژاردن، بێگومــان ئەمــەش بــۆ سیاســەتی ئــەوکاتی حکومــەتی عێــراق دەگەڕێنــەوە کــە بەشــێوەیەکی قێــزەون دەســتی لــە پڕۆســەی هەڵبژاردنــەکان وەردەدا، لەلایــەکی دیکــەوە ئــەو ناوانــەی لــە هەڵبژاردنــەکان دەیانــبردەوە لەلایــەن دەســەڵاتی ئــەوکات پێگەیــان هەبــوو و لــەڕووی ئابــووری و سیاســی و کۆمەڵایــەتی و ســەربازی دەستڕۆییشــتوو بــوون، باشــترین بەڵگــەش بــۆ ئــەم پرســە دەســتتێوەردانی حکومــەت بــوو لــە پڕۆســەی هەڵبژاردنــەکان، لــە کــۆی 15 خــولی ئینتیخابیــش تەنهــا 3 نوێنــەران توانیــان خولەکانیــان تــەواو بکــەن، بــەڵام لــە خولــەکانی دیکــە پێــش تەواوبــوونی خــولی ئینتیخابــی ئەنجوومــەنی نوێنــەران هەڵدەوەشــێندرایەوە.

کاریگــەری توێــژی گشــتیش لــە نێــو کۆمەڵگــەش لــە بەڕێوەچــوونی پڕۆســەی هەڵبژاردنــەکان ســنوورداربوو، چونکە هەڵبژاردنەکان بــە دوو قۆناخ ئەنجامدەدران بۆیــە چاودێــران هیــچ هاوســەنگییەکیان لــە نوێنەرایــەتی ژمارەیــی نەدەبینــی کــە لەگــەڵ قەبــارەی پێکهاتــەکان بگونجێــت، حاڵەتەکــەش لــە خولێکــەوە بــۆ خولێــکی دیکــە جیاوازبــوو.

| ژمارەی خول | ژمارەی نوێنەرانی کەرکوك | کورد | تورکمان | عەرەب | جولەکە | مەسیحی | ڕێژەی کورد و پێکهاتەکانی دیکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | 4 | 3 | 1 | - | - | - | %75 |
| دووەم | 4 | 2 | 2 | - | - | - | %50 |
| سێیەم | 4 | 2 | 2 | - | - | - | %50 |
| چوارەم | 4 | 3 | 1 | - | - | - | %75 |
| پێنجەم | 5 | 3 | 2 | - | - | - | %60 |
| شەشەم | 6 | 5 | 1 | - | - | - | %83 |
| حەفتەم | 6 | 4 | 1 | 1 | - | - | %67 |
| هەشتەم | 6 | 3 | 2 | 1 | - | - | %50 |
| نۆیەم | 6 | 4 | 2 | - | - | - | %67 |
| دەیەم | 6 | 4 | 2 | - | - | - | %67 |
| یازدەم | 8 | 5 | 3 | - | - | - | %63 |
| دوازدەم | 8 | 4 | 3 | 1 | - | - | %50 |
| سێـزدەم | 8 | 4 | 3 | 1 | - | - | %50 |
| چواردەم | 8 | 4 | 4 | - | - | - | %50 |
| پازدەم | 9 | 4 | 4 | - | - | 1 | %45 |
| کۆی گشتی | 92 | 54 | 33 | 4 | - | 1 | %59 |

# سەرچاوەکان

إبراهيم خليل أحمد ، "التشكيلات الإدارية والعسكرية في ولاية الموصل أواخر العهد العثماني" ، مجلة بين النهرين ، العددان (38-37) ، (الموصل ، 1982) ، ص 148-147 .
__________ ، ولاية الموصل دراسة في تطوراتها السياسية 1922-1908، رسالة ماجستير (جامعة بغداد، كلية الآداب، 1975)، ص 436 .
الأرشيف العثماني ، الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية 1726 – 1916م ، ترجمة د. خليل علي مراد و د. علي شاكر علي ، (الموصل ، 1995) ، نسخة خطية محفوظة في مكتبة مركز دراسات الموصل ، ص 24 .
جريدة الاستقلال ، العدد (3368) في 6 حزيران 1939 .
جريدة البلاد ، العدد (804) في 21 شباط 1937 .
جريدة الزمان ، العدد (308) في 20 كانون الأول 1973 .
جريدة العراق ، العدد (1552) في 11 حزيران 1925 .
________ ، العدد (2439) في 27 نيسان 1928 .
________ ، العدد (2451) في 11 ايار 1928 .
جريدة الوقائع العراقية (بغداد)، العدد (237) ، 27 تشرين الأول 1924.
__________ (بغداد)، العدد (242) في 13 تشرين الثاني 1924 .
__________ (بغداد)، العدد (264)، 29 كانون الأول 1924.
جمال رشيد احمد ، كركوك في العصور القديمة ، دار ئاراس للطباعة (اربيل ، 2002) .
حازم المفتي ، العراق بين عهدين ، ياسين الهاشمي وبكر صدقي ، مطبعة سومر ، (بغداد : 1990) ، ص 103 .
حسين جميل ، الحياة النيابية في العراق 1925 - 1946 : موقف جماعة الأهالي منها ، مطبعة الأديب البغدادية ، (بغداد : 1983) ، ص 229 .
الحكومة العراقية ، القانون الأساسي وتعديلاته ، مطبعة الحكومة ، (بغداد ، 1954) ، المادة الأولى .
___ ، القانون الأساسي وتعديلاته ، مطبعة الحكومة ، (بغداد ، 1954) ، المادة (28) .
___ ، القانون الأساسي وتعديلاته ، مطبعة الحكومة ، (بغداد ، 1954) المادة (38) ، الفقرتين (1، 2)
___ ، القانون الأساسي وتعديلاته، المادة (36) .
د . ك . و ، ملفات البلاط الملكي ، ملفة رقم 1543 / 311 ، وثيقة رقم (2) ، ص 2 .
د . ك . و ، ملفات وزارة الداخلية ، ملفة رقم 2287 / 32050 ، وثيقة رقم (1) ، ص 1 .
________ ، ملفة رقم 9525 / 32050 ، وثيقة رقم(213) ، ص 241 .
________ ، ملفة رقم 9525 / 32050 ، وثيقة رقم (340) ، ص 387 .
________ ، ملفة رقم 9525 / 32050 ، وثيقة رقم (212) ، ص 238 .
________ ، ملفة رقم 9585 / 32050 ، وثيقة رقم (173) ، ص 197 .

_________ ، ملفة رقم 9587 / 32050 ، وثيقة رقم (1) ، ص 2 .
_________ ، ملفة رقم 9527 / 32050 ، وثيقة رقم (103) ، ص 120 .
_________ ، ملفة رقم 9527 / 32050 ، وثيقة رقم (93) ، ص 110.
_________ ، ملفة رقم 9527 / 32050 ، وثيقة رقم (95) ، ص 112.
_________ ، ملفة رقم 9527 / 32050 ، وثيقة رقم (375) ، ص 434 .
_________ ، ملفة رقم 9584 / 32050 ، وثيقة رقم (81) ، ص 86 .
_________ ، ملفة رقم 9585 / 32050 ، وثيقة رقم (44) ، ص 111 .
_________ ، ملفة رقم 9586 / 32050 ، وثيقة رقم (51) ، ص 54 .
_________ ، ملفة رقم 9525 / 32020 ، وثيقة رقم (1) ، ص 3 .
ستيفن همسلي لونكريت ، العراق الحديث من سنة 1900 إلى سنة 1950 :تأريخ سياسي ، اقتصادي واجتماعي ، ج 1 ، ترجمة وتعليق : سليم طه التكريتي، مطبعة حسام ، (بغداد : 1988) ، ص 162 - 163.
عبد الجبار محمود السامرائي ، "كركوك مدينة الذهب الأسود" ، مجلة الفيصل ، العدد (134) ، (السعودية ، 1988) ، ص 13-12 .
عبد الرزاق الحسني ، تاريخ الوزارات العراقية ، ج 6 ، ط7 ، دار الشؤون الثقافية (بغداد:1988)، ص 64، 163، 305.
___________ ، تاريخ الوزارات العراقية ، ج7، ص 327 .
___________ ، تاريخ الوزارات العراقية ، ج 9 ، ط7 ، ص 109 .
___________ ، تاريخ الوزارات العراقية ، ج 10 ، ط7 ، ج 10 ، ص 221 .
___________ ، تاريخ العراق قديما وحديثا ، ط3 ، مطبعة العرفان ، (صيدا ، 1958) ، ص218.
عبد الزهرة مكطوف يوخان الجوراني ، الحياة البرلمانية في العراق 1939 - 1945 دراسة تاريخية ، رسالة ماجستير ، (جامعة بغداد ، كلية الآداب ، 1983) ، ص 16 .
عبد الكريم ياسين رمضان ، الحياة النيابية في العراق 1953 - 1958 دراسة تاريخية ، رسالة ماجستير، (جامعة بغداد ، كلية الآداب ، 1987) ، ص 29 .
عبد الله الفياض ، الثورة العراقية الكبرى سنة 1920 ، مطبعة الإرشاد ، (بغداد : 1963) ، ص 167؛ علي الوردي ، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث ، ج5 ، القسم الأول ، مطبعة الشعب ، (بغداد، 1972) ، ص 67.
عبد المجيد كامل عبد اللطيف ، الحياة البرلمانية في العراق 1945 – 1953 دراسة تاريخية ، رسالة ماجستير ، (جامعة بغداد ، كلية الآداب ، 1983) ، ص 66.
عبدالله الفياض ، الثورة العراقية الكبرى سنة 1920 ، ص 167 .
عبدالله غفور، التشكيلات الإدارية في جنوبي كوردستان 1921-2007 (إرادات ملكية، مراسيم جمهورية، القرارات، البيانات، أوامر)، ط2، مطبعة خاني (دهوك ، 2008)، ص 10-9.
عزيز سامي ، "كركوك عبر القرون" ، مجلة الآخاء (قاردشيلق) ، العددان (11-10) ، (بغداد ، 1973)،

ص 3 ، 23 .
علي شاكر علي ، تاريخ العراق في العهد العثماني 1638 – 1750 : دراسة في أحواله السياسية ، مطبعة أوفسيت الشعب ، ( الموصل ، 1984) ، ص 154 ، 197-196.
علي ناصر حسين، الإدارة البريطانية في العراق 1914-1921، أطروحة دكتوراه (جامعة بغداد، كلية الآداب، 1991)، ص 236.
فهمي عرب آغا وفاضل محمد، ماذا في كركوك، مطبعة التتويج (كركوك : 1957)، ص 24.
كمال مظهر احمد ، كركوك وتوابعها: حكم التأريخ والضمير، ٢٠٠٤، ج1، ص 41، 107-106، 112، 138-139.
لطفي جعفر فرج ، عبد المحسن السعدون ودوره في تاريخ العراق السياسي المعاصر، مطابع الرسالة (الكويت:1978) ، ص 250 - 252 .
مجيد خدوري ، نظام الحكم في العراق ، ترجمة فيصل نجم الدين الأطرقجي ، مطبعة المعارف ، (بغداد، 1946) ، ص 185-182.
محاضر المجلس التأسيسي العراقي ، ج 1 ، الجلسة (6) في 10 نيسان 1924، ص 127 .
محاضر مجلس النواب ، الدورة الانتخابية العاشرة ، الاجتماع غي الاعتيادي لسنة 1943 ، الجلسة (1) في 9 تشرين الأول 1943 ، ص 3 .
__________، الدورة الانتخابية الخامسة ، الاجتماع الاعتيادي لسنة 1934 ، الجلسة (1) في 29 كانون الأول 1934 ، ص 3 .
__________، الدورة الانتخابية الرابعة ، الاجتماع غير الاعتيادي لسنة 1933 ، الجلسة (1) في 18 آذار 1933 ، ص 4 .
__________، الدورة الانتخابية السادسة ، الاجتماع الاعتيادي لسنة 1935 ، الجلسة (1) في 2 تشرين الثاني 1935 ، ص 4 .
محمد امين العمري ، تاريخ حرب العراق خلال الحرب العظمى 1914 - 1918 ، ج 3 ، مطبعة النجاح ، (بغداد : 1935) ، ص 168-154، 206 - 268 .
__________ ، تاريخ مقدرات العراق السياسية ، ج3، المطبعة العصرية (بغداد:1925) ، ص 22، 24.
محمد مظفر الأدهمي، المجلس التأسيسي العراقي، دار الشؤون الثقافية (بغداد:1989)، ج 1، ص 41.
__________، المجلس التأسيسي العراقي، دار الشؤون الثقافية (بغداد:1989)، ج 2 ، ص 309 .
ناجي شوكت ، سيرة وذكريات ثمانين عاما 1894 - 1974 ، ط 2 ، مطبعة دار الكتب ، (بيروت 1975) ، ص 208-205، 234-223.
الياهو دنكور ، الدليل العراقي الرسمي لسنة 1936 ، دنكور للطبع والنشر ، (بغداد ، 1937) ، ص 59

# کەرکووک – موسڵ لە دوێنێوە بۆ ئەمڕۆ

سەعید ڤەڕۆژ

## 1. چەند وەبیرهێنانەوەیەکی مێژوویی کورت:

ئەو ناچەیەی لە سەرچاوە جیاوازەکانی مێژووی نوێدا بە دەستەواژەکانی "شارەزۆر"، "شەهریزۆر"، "شەهریزوور"، "شەهریزور" ، "شەهرەزۆر" ناودەبرێت و ناوەندی ئیدارییەکەی بە کەرکووك دادەنرێت: بریتی بووە لەو شوێنەی کە خاوەنی پێگەی جوگرافی، دەوڵەمەند بە سەچاوەی ژێر زەوی و سەر زەوی و چەند کۆمەڵگەیەك کە خاوەنی بیرو باوەڕ و نەتەوە و نەژادی جیاواز پێکەوە تێیدا دەژین.

ناوچەکە لەگەڵ دۆزینەوەی کێڵگە نەوتییە دەوڵەمەندەکان لە سەدەی رابوردوودا بووە جێی بایەخی هێزە نێو دەوڵەتییەکان. بەم هۆیەوە ناوچەکە بە کەرکووکی ئەمڕۆشەوە، بووە خاوەنی رابوردوویەکی جیاواز و لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا چۆتە ژێر دەسەڵاتی هێزی جیاوازی ناوخۆیی و بیانی.

کەرکووك کە لە دەشتێکی تەختدا لەسەر تەپۆڵکەیەك بونیاد نراوە، "لە باکووری رۆژئاواوە بە رووباری زێی بچووك، لە باشووری رۆژئاواوە بە زنجیرە چیاکانی حەمرین، لە باشووری رۆژهەڵاتەوە بە دۆڵی دیالە وە لە

باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەورە دراوە."[1] مێژووی دامەزراندنی کەرکووك بە نزیکەیی دەگەڕێتەوە بۆ هەزار و سێ سەد ساڵ بەر لە زاین. لولوبییەکان، غوتییەکان، حورییەکان و میتانیەکان ئەم نەتەوانەن کە لە لایەن مێژوونوسانەوە بە پێشینەی کوردەکان پەسەند کراون. لە پاڵ ئەمانەشدا ئاسوور، ئەکەد، بابل، مێد، فارس، ساسانی، ئەمەوی، عەباسی، ئەیوبی و عوسمانییەکانیش سەردەمانێك دەسەڵاتی ناچەکەیان بە دەستەوە بووە. قەڵای کەرکووك کە یەکەم جێگای نیشتەجێبوونی شارەکە بووە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 3 ی پ.ز. بینا و تەلارسازی دەوروبەری قەڵاکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی 17.

هەر لە سەردەمانی یەکەمەوە تا ئەمڕۆ شاری کەرکووك ناوی جیاوازی وەرگرتووە. ئەم شارەی کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا "گەرمێکان"، لە سەرچاوە ئاشوورییەکاندا "بێپ گەرمە" هەر لەم سەچاوانەدا "کەرها" و " بێپ سێلۆخ" ناوی هاتوو لە لایەن گ. هۆفمانەوە ئاشکرا کراوە. دوای یەکەم فەرمانڕەوایی ئاشوور لەنێو قەڵادا بورجێك دادەنرێت، هەربۆیە شارەکە ناوی سەلوقییە (سەلیوکس) وەرگرێت. بەپێی گێڕانەوەکانی نووری تاڵەبانی نووسەرەکانی چاخی ناوەڕاست ناوچەکەیان بە "گەرمیان" ناو بردووە. [2]

کریستیانەکانی ئێرەش شارەکەیان بە " Karx" ناوهێناوە. [3] جگە لەمە ناوەکانی وەك: کەرك، ئرپێها، گورگورا، کەرهینی، کیرکۆری لە سەردەمە جیاوەزەکاندا بەکارهێنراوە. ناوی "کەرکووك" بە شێوە دەربڕینەکەی ئەمڕۆی، یەکەم جار لە پەرتووکی "تیمور"ی شەرەف ئەل دین عەلی یازدیدا هاتووە.

هاتن و نیشتەجێبوونی عەرەبەکان بۆ ناوچەکە هاکاتە لەگەڵ یەکەم بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا، ئەم سەردەمە

1 ئینسایکلۆپێدیای ئیسلام، بەرگی 6. لا. 589 زانکۆی ئەسکیشەهر ئەنادۆڵو بەشی هونەرە جوانەکان، 1997

2 نووری تاڵەبانی، بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکووك، لا 11، دەزگاری بڵاوکردنەوەی ئاڤێستا، ئیستانبووڵ، 2005

3 ئینسایکلۆپێدیای ئیسلام، بەرگی 6. لا. 589 زانکۆی ئەسکیشەهر ئەنادۆڵو بەشی هونەرە جوانەکان، 1997

بـە نزیکەیـی هاوکاتـە لەگـەڵ سـاڵەکانی 700 – 750. دواتـر لـە ناوچەکـەدا ئەمەوویـەکان، عەباسـییەکان، حەمدانییـەکان، عەنازییـەکان، فەرمانڕەوەییـان کـردووە. ناوچـەی شـەهرزۆر لـە سـاڵی 1185 ەوە دەچێتـە ژێـر دەسـەڵاتی سـەلاحەددیی ئەیوبـی و لـە 1230یەکانـدا جارێکـی تـر دەکەوێتـەوە ژێـر فەرمانڕەوایـی عەباسـییەکان. لـەم سـەردەمەد هەولێـر ناوەنـدی ناوچەکـە بـوو. لـە ئەنجامـی بوومەلەرزەیەکـی بەهێـز و دواتـر داگیـرکاری مەغـۆل (1245) لـە شـەهرەزۆردا کاولکارییەکـی گـەورە روویـداوە.

تورکمانـەکان بـە زۆرری لـە سـەردەمی سـەلجووقییەکاندا واتـا بـە نزیکەیـی لـە سـاڵەکانی 1075 – 1100 وەك سـەربازی موچەخـۆر و فەرمانبـەر هێنراونەتـە ناوچەکـە. "کۆمەڵگەکانـی ئاسـیای ناوەڕاسـت، وەك کۆیلـە و سـەربازی مووچەخـۆری عەباسـییەکان و ئەوانـی پـاش خۆیـان هێنراونەتـە ناوچەکـە. ئەمانـە بـە تێپەڕبوونـی کات ئاینـی ئیسـلامیان قبوڵکـردووە: زمانـی عەرەبـی و فارسـی فێربـوون و بوونەتـە بەشـێك لـە کەلتـوری ناوچەکـە." دواتـر لەگـەڵ چوونـی ناوچەکـە بـۆ ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانی و لەگـەڵ دامەزراندنـی سـەربازگەکاندا بەشـێك لـە کارمەندامـی ئیـداری و سـەربازی بـە ویسـتی خۆیـان لـە ناوچەکـەدا ماونەتـەوە و بوونەتـە خاوەنـی موڵـك و دەسـتیان بـە بازرگانـی کـردووە و لـە رێگـەی ژن و ژن خوازییـەوە لەگـەڵ خەڵکـی خۆجێـی ناوچەکـە خزمایەتییـان دروسـت کـردووە.

بـەم شـێوەیە ژمـارەی دانیشـتوانیان تورکمانـەکان هـەم لـە سەتاسـەری عێراقـدا و هەمیـش لـە شـارەکانی وەك کەرکـووك و هەولێـری و کوردسـتانی باشـووردا زیـادی کـردووە. بـە نزیکەیـی نیـوەی ئـەو تورکمانانـەی لـە عێـراق و کوردسـتاندان لەسـەر مەزهەبـی شـیعەن.

کاتێـك عـەرەب و تورکمانـەکان هاتنـە ئـەم ناوچەیـە بـێ کـەس نەبـوون، خاوەنـی خۆجێیـان هەبـوو کـە ئەوانیـش کوردەکان بـوون. کەرکـووك و هەولێـر

شارەکانی تری بە ناوچەی شەهرەزۆرەوە لە دواین ساڵەکانی دەسەڵاتی عەباسیدا (1250) خراوەت سەر عێراق.

1514دا بە پێی ڕێکەوتننامەیەك کە لە نێوان کوردەکان و ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیدا کراوە بەشێکی زۆری کوردستانی باکوور خرایە سەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. دواتر لە ساڵی 1517دا ویلایەتی دیاربەکر، لە ساڵەکانی 1534دا عێراق بە ناوچەی باشووری کوردستانیشەوە دەچێتە ژێر حوکمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. لە قۆناغی کێشمەکێشەکانی عوسمانی - ئێراندا، هەر چەندی ناوچەکە چەند جارێك بۆ ماوەی کورت کەوتبێشتە دەستی سەفەوییکانەوە، بە گشتی تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ژێر ئیدارەی عوسمانییدا بووە.

گەر دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکەش بە بەردەوامی گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێتیش، قودرەتی دەسەڵاتی خۆجێی و ناوچەیی هەمیشە لە دەستی میرنشینە کوردییەکاندا بووە، ڕێژەی هەرەزۆری دانیشتوانی ناوچەکە لە عەشیرەتە کوردەکان پێکهاتووە. لە ڕوویی مێژوویەوە لەم ناوچەیەدا خسنویهییکان، ئەردەڵانییەکان، بابانییەکان، سۆرانییەکان و لە هەندێك سەردەمیشدا بادینیەکان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست.

### 1.1 پێکهاتەیی ئیدای عوسمانی

ناوچەکە پاش ئەوەی کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانییەوە، لێرەدا پەیتا پەیتا سیستمی ئیداری عوسمانی دادەمەزرێت. بە پێی ئەم سیستمە نوێە لە عێراقی عەرەب و باشووری کوردستاندا هەروەك ناوچەکان تر لە ڕووی ئیدارییەوە سیستمی "ویلایەت" دادەمەزرێنرێت. بە پێی ئینساکلۆپیدیای ئیسلام، لە شاکاری جیهاننومای گەریدە کاتب چەلەبی کە لە ساڵی 1732دا بڵاو کراوەتەوە، دەربارەی دەبەشکردنی ئیداری ناوچەکە دەگوترێت،

"ویلایەتی شەهریزۆر کە لە 32 یەکەی ئیداری سەنجەق لەخۆدەگرێت و کەرکوکیش یەکێکە لەو سەنجەقانە، لە دوای تێکچوونی شاری شەهریزۆر، کەرکوك دەبێتە ناوەندی ئەم ویلایەتە." بە پێی "دەفتەری تەحریر" ی ساڵی 1560، ویلایەتی شەهریزۆر کە ناوەندی ئیدارییەکەی زەڵمە، لە 10 سەنجەق و 7 ناحیە و 2014 گوند پێکدێت. ژمارەی ماڵەکانی ویلایەتەکە لە 5010 ماڵبوون. لەمانە 4952 یان موسڵمان 58ی جووبوون. رێژەی دانیشتوانی تەواوی ویلایەتەکە 25 هەزار کەس بووە. تا نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم یازدە سەنجەق سەر بە ویلایەتی شەهریزۆر بوون. شاری کەرکوك لە نیوەی دووەمی سەرەی حەڤدەهەوە زیاتر پێش دەکەوێت و دەبێتە ناوەندی ویلایەتەکە.[1] لە (تاریخ العراق الاداری والاقتصادی فی العهد العثماني الثاني) سنوورەکانی ویلایەتی شەهرزۆر بەم شێوەیە دیاری کراوە: "لە باشوورەوە لەگەڵ ویلایەتی بەغداد، لە رۆژئاواوە لەگەڵ موسڵ و حکومەتی ئامێدی، لە باکوورەوە لەگەڵ جولەمێرگ و ئازەربایجان لە رۆژهەڵاتەوە دەگاتە ناوچەی فارس."

لە چوارچێوەی یاسای ئیداری ویلایەتەکان کە دەسەڵاتی عوسمانی لە 1870دا دەریکرد، ناوچەکە دابەش کرا بۆ هەردوو ویلایەتی بەغداد و موسڵ. لە ئەنجامە ئەم گۆڕانکارییەدا لە 1879دا ناوەندی ویلایەتەکە لە کەرکووکەوە گۆڕدرا بۆ موسڵ. بەم شێوەیە جگە لە خانەقین و یەکەکانی سەر بەو، کوردستانی باشوور خرایە سەر ویلایەتی موسڵ کە لە سەنجاقەکانی موسڵ و کەرکووك و سلێمانی پێك دەهاتن. پاشان، موسڵ بوور ناوەندی ئیداری کوردستانی باشوور و تا واژوو کردنی ئاگربەستی مۆدرۆس لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ناوچەکە لەژێر ئیدارەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بوو.

1 ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئیسلامی وەقفی ئاینی تورکیا) http://www.islamansiklopedisi.info/dia/pdf/c38/c380286.pdf)

## 1.2 تێبینییەکانی گەڕیدە ناوچەیی و بیانییانەکان لەسەر کەرکووك

لەپاڵ مێژوونووسان و جوگرافیاناساندأ ئەو زانیارییانەی لە گەڕیدەکان لە رابوردووەوە تا سەردەمی نزیك دەربارەی ویلایەتی شەهرەزۆر و کەرکووك رایدەگەیەنن، بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە زۆر گرنگن. لەم سەرچاوانەوە دەربارەی پێکهاتەی ناوچەکە لە رووی مێژووی، جوگرافی، تایبەت مەندێتی کۆمەڵناسی، دیموگرافی، کەلتووری، پێکهاتەی نەژادی دەبینە خاوەنی زانیاری گرنگ.

لەم بارەبەوە بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر بابەتەکە چەند نموونەیەك دەخەمەڕوو. نووسەری (بلدان الخلافة الشرقیة) لە بەرهەمی مستەوفیدا کە لە سەدە نۆزدەهەمدا نووسراوە دەڵێت، "شەهرەزور، لە سەدەی هەشتەمدا شارێکی گەشاوە بوو و دانیشتوانەکەی کوردبوون." گەڕیدە ئیبن موهەلەل لە هەمان سەردەمدا ناوچەکە گەڕاوە و دەربارەی کەرکووك ئەمە دەخاتەڕوو : "ناوچەی شەهرەزور لە چەند شار و شارۆچکەیەك پێکدێت، ژمارەی کوردەکانی ئەم ناوچەیە 60 هەزار ماڵ پێکدێن."

یاقوت ئەلهەمەوی لە سەرەتاکانی سەدەی هەشتەمدا نووسراوە بەڵام لە لایەن وستنفیڵدەوە لە نێوان ساڵانی 1873-1866دا لە 6 بەرگدا لە لێپزیگ لە ژێر ناوی (معجم البلدان) چاپکراوەتەوە کاتێك باسی "ئەربیل" دەکات ئاماژە بەوە دەدان "کە زۆرینەی خەڵکەکەی کوردن" لەو سەردەمەدا هەولێر ناوەندی ویلایەتی شەهەرزۆر بوو.

لە بەرگەی پێنجەکی بەهەمی ئنسایکلۆپیدی شەمسەدین سامی کە یەکێکە لە گرنگترن مێژوونووسە فەرمییەکانی دەوڵەتی دواییین سەردەمی عوسمانی، بە ناوی (قاموس العالم) زانیاری زۆر گرنگ دەربارەی دەربارەی کەرکووك دەخاتەڕوو. نووسەر لە بەرهەمەکیدا باس لە پێگەی

جوگرافـی شـارەکە، ڕیـژەی دانیشـتوان، کەمەنەتـەوەکان و نەژادەکانیـان، ئـەو دامەزراوانـەی کـە خزمەتگـوزاری کۆمەڵایەتـی و کەلتـووری پێشـکەش دەکـەن، بەرهەمـە مێژوویـەکان، ژیانـی بازرگانـی، بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکان، سـەرچاوە مەعدەنییەکانـی ژێـرزەوری و سـەر زەوی کـە دەرهێـنراون دەکات و بـەم شـێوەیە دەڵێـت: "کەرکـووك: لـە ویلایەتـی کوردسـتانی موسـڵدا، 160 کیلۆمەتـر لـە باشـووری رۆژهەڵاتـی موسـڵدا و لـە خـوارووی کۆمەڵـە گردێکـدا، لـە کەنـار دەشـتێکی بەریـندا وە شـارێکە کـە ناوەنـدی سـەنجاقی شـەهرەزۆرە کـە دەکەوێتە سـەر (گەلـی ئەدهـەم)... لـە رۆژهەڵاتـدا بـە قـەزای سـلێمانی، لـە باکـووردا بـە قەزاکانـی کـۆی سـەنجاق (کۆیـە) و ئەربیـل ز بـە رۆژئـاواوە بـە سـەنجاقی موسـڵ و لــە باشــوورەوە ویلایەتــی بەغــداد و لــە باشــووری و رۆژهەڵاتــەوە قــەزای ســەلاحەدین دەورە دراوە.

5 ناحیـە بـە نـاوەکان ملحـا، توزخورمـات، ئاڵتـون کۆپـرو،ن کیـل، شـیڤان و 352 گونـد لەخـۆ دەگرێـت و رێـژەی دانشـتوانەکەی 30 هـەزار کەسـە، قەڵاکـەی و 36 مزگـەوت، 7 مەدرەسـە، 15 تەکییـە و 12 خـان و 1272 دوکان و بـازار، 8 حەمـام و پردێـك لـە سـەر رووبارەکـە و قوتابخانەیەکـی ناوەنـدی (روشـدیە) 18 قوتابخانـەی منـداڵان، 3 کلێسـا و 1 پەرسـتگای جـووکان (سـینەگۆگ)

شـارەکە سـەرەڕای ئـەوەی لـە قەڵاکـەی کـە سـەر گردێکـە و گەڕەکەکانـی ژێـری و لـە بەشـی راسـتی رووبارەکـە پێکدێـت، سـێ لەسـەر چـواری (4\3) ی خەڵکەکـەی کـوردە و ئـەوەی دەمێنێتـەوە تورکـمان، عـەرەب و لەوانـی تـر پێکدێــن. تەنانــەت 760 جوولەکــە و 460 کەلدانیشــی تێدایــە."

جوگرافیاناسـی بەناوبانـگ پرۆفیسـۆر بەسـیم دەرکـۆت باسـی لـە موسـڵ و کەرکـووك دەکات و پەنجـە دەخاتـە سـەر ئـەم خاڵـە: "جیـاوازە لـە عێـراق، پێکهاتـەی دانیشـتووانی، شـێوازی گوزەرانیـان، بەشـێوەیەکی بەرچـاو نزیکـە لـە هەمـان پێکهاتـەی ئامـەد. لـە بنەمـادا، جوگرافیـای موسـڵ لـە دوای جەنگـی

جیهانیی یەکەمدا، لە بەڵگەنامە جوگرافیاکانی ڕۆژئاواییەکاندا، جیاواز بووە لە عێراق و بە ناوچەی جزیرێ هەژمار دەکرا"

چەندین سەرچاوە و بەڵگەنامەی دیکە بوونیان هەیە و دەتوانرێت ریزبەند بکرێن، بەڵام پێویست بەدرێژەپێدان ناکات، چونکە ئەو بەڵگەنامانەی پێشوو خرانەڕوو ئەوە دەسەلمێنن کە کەرکووك بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانەوە ناوچەیەکە لەنێو جوگرافیای کوردستان و وەك شارێکی کوردی پیشاندراوە. سەرباری ئەمەش، کەرکووك کە سەنتەری ناوچەی شارەزوورە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و بەدرێژایی مێژوو شوێنی نیشتەجێبوونی چەندین هۆز و نەتەوە بووە و خاوەن کولتووری هەمەچەشن بووە و سەرچاوەی پێکەوە ژیانی چەندین نەتەوەی جیاوازە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا زۆرینەی کوردە و شوێنی نیشتەجێی عەرەب، تورکمان، ئاشووری، کلدانی، سریانی، جوولەکە و ئەرمەنییە.

## 2. دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق:

لە ئەنجامی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی تێکشکا و پارچەپارچە بوو، بەمەش دەسەڵات و هەژموونی 400 ساڵەی بەسەر ناوچەکەدا کۆتاییهات. لایەنەکان واژۆیان لەسەر ئاگربەستی "مۆدرۆس" کرد لە ڕۆژی 30-10-1918، و بەپێی ماددەی حەوتەمی ڕێککەوتننامەکە، وڵاتانی هاوپەیمانان لە ئەگەری بوونی هەر هەڕەشەیەکدا، دەسەڵاتی هێرشکردن و داگیرکردنیان دەبێت. عێراق و باشووری کوردستان کە ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بە پترۆڵ، لەلایەن ئینگلتەرا داگیرکرا. ڕۆژی 7-4-1918، هێزەکانی ئینگلیز دەستیان بەسەر کەرکووك و سلێمانی داگرت و بەمەش تەواوی باشووری کوردستانیان داگیرکرد. وێڕای ئەمەش پێشتر لە ساڵی 1916 پەیماننامەی سایکس - پیکۆت واژۆ کرابوو، عێراق و باشووری کوردستان وەك

بەشـی ئینگڵتـەرا دیاریکرابـوو و رێککەوتنـی لەسـەر کرابـوو. ئینگلیـزەکان لـە ساڵی 1890 نەوتیـان لـەم ناوچەیـەدا دۆزیبـوو.

لەژێـر ئینتیدابـی بەریتانییـەکان ڕۆژی 1921-8-28 دەوڵەتـی عێـراق دامـەزرا و مەلیـك فەیسـەڵ کـە دەکاتـە کـوڕی حوسـێن شـەریف کرایـە یەکـەم پاشـای ئـەم وڵاتـە نوێیـە. لـە چوارچێـوەی سیاسـەتی نەوتیـی و پشـتیوانیکردنی عەرەبـەکان کـە بەریتانییـەکان پێڕەویـان دەکـرد، ناوچەکەیـان دابەشـکرد و تێیـدا موسـڵ و کەرکـووك پێکـەوە و تـەواوی جوگرافیـای باشـووری کوردسـتانیان خسـتە سـەر نەخشـەی نوێـی دەوڵەتـی تـازە دامـەزراوی عێـراق.

کـورد، هیـچ کات نەچـووە ژێـر ڕکێفـی فەرمانڕەوایـی عـەرەب و عێـراق. کەسـایەتییە نـاسراوەکان، سـەرۆك هـۆز و خێڵـەکان، پیـاوان و زانایانـی ئاینـی بەڕابەرایەتـی شـێخ مەحمـوود بەرزنجـی کۆبوونـەوە و یەکیانگـرت. لـە یەکـەم کۆبوونەوەیانـدا پەیامێکیـان ئاراسـتەی فەرمانـدەی سـەربازیی سـوپای بەریتانیـا لـە کەرکـووك کـرد و داوای دامەزراندنـی حکومەتـی کوردسـتان و دیاریکردنـی شـێخ مەحمـوود وەك سـەرۆکی ئـەم حکوومەتـە کـرد. ئینگلیـزەکان داواکەیـان پەسـندکرد و لـە سـاڵی 1919 یەکـەم حکومەتـی کوردسـتان دامـەزرا و شـێخ مەحمـوود کرایـە مەلیکـی ئـەم حکومەتـە. بـەڵام بەهـۆی هەڵوێسـتە جیاوازەکانـی نێـو دەسـەڵاتدارانی ئینگلیـزەکان، کێشـە سـەرهەڵدەدات و تەمەنـی حکومەتـی کوردسـتان کـورت دەبێـت. لـە ڕۆژی 1919-6-19 بەهاندانـی گرووپـی ئەفسـەرە کەمالیزمـەکان، هێزەکانـی بەریتانیـا هێـرش دەکەنـە سـەر حکومەتـی کوردسـتان و شـەڕ و پێکـدادان سـەرهەڵدەدات. مەلیـك مەحمـوود بـە برینـداری دەکەوێتـە ژێـر دەسـتی ئینگلیـزەکان و کۆتایـی بـە حکومەتـی کوردسـتان دەهێندرێـت.

دوای ماوەیەکـی دیکـە، شـەڕ و پێکـدادان دووبـارە سـەرهەڵدەداتەوە، شـێخ مەحمـوود لـە سـاڵی 1924 دەسـتگیر دەکرێـت و کۆتایـی بەخەباتـی

چەکـداری دەهێنرێـت و راپێچـی هیندسـتان دەکرێـت. لـە سـاڵی 1925 بـە پشـت بەسـتن بـە ئەنجامـی راپۆرتێکـی کۆمسـیۆنی بەدواداچوونـەوەی سـەر بـە کۆمەڵـەی نەتـەوەکان، کەرکـووك و ویلایەتـی موسـڵ خرانـە سـەر دەوڵەتـی تـازە دامـەزراوەی عێـراق. کۆمەڵـەی نەتـەوەکان دوای جێبەجێکردنـی بڕیارەکـە، چەندیـن راسـپاردەی ئاڕاسـتەی فەرمانڕەوایـی ئینتیدابـی بەریتانـی کـرد بـەوەی "مامەڵـەی بـاش لەگـەڵ کـورد بکرێـت، لـە قوتابخانـە و دادگاکانـدا کـورد دابمەزرێـت و زمانـی کـوردی بەفەرمـی بناسرێـت". بـەڵام بەریتانییـەکان لـە سـاڵی 1934 باشـووری کوردسـتان دەخەنـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی عەرەبـی بەغـدا و بڕیـار و راسـپاردەکانی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان لەبـارەی کـورد جێبەجـێ ناکرێـت. دوای ئـەم پرسـە، پەیوەندییەکانـی کـورد و ئینگلیـزەکان وێـڕای هـەوراز و نشـێوی زۆرەوە هیـچ کاتێـك ئاشـت نابـن. لـە سـەرەتای چەنـد سـاڵی یەکەمـی دەسـەڵاتی حکومەتـی عێـراق سیاسـەتێکی میانڕەویـان بەرامبـەر بـە کـورد پەیـڕەو کـرد، بـەڵام دواتـر حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکـەکان بـە بەرنامـە داڕێژراوییـەوە، سیاسـەتی بەعەرەبکردنیـان پەیـڕەو کـرد و کەرکووکیـش پشـکی شـێری لـە سیاسـەتی بەعەرەبکردنـی بەرکـەوت.

3. سیاسـەتی بەعەرەبکـردن: بەدامەزراندنـی دەوڵەتـی نوێـی عێـراق، پرسـی ویلایەتـی موسـڵ یـان جزیـرێ، بـووە کێشـەیەکی قووڵـی نێـوان فەرمانڕەوایـی ئینتیدابـی بەریتانـی و حکومەتـی تورکیـا. بـۆ دیاریکردنـی چارەنووسـی ویلایەتـی موسـڵ، لـە سـاڵانی نێـوان 1924-1922 هەردوولایـەن کاری هاوبـەش و هەماهەنگـی بەردەوامیـان کـرد و پرسـەکەیان بـۆ کۆمەڵـەی نەتـەوەکان گواسـتەوە. لـە سـاڵی 1925 کۆمەڵـەی نەتـەوەکان بڕیاریـدا باشـووری کوردسـتان "ویلایەتـی موسـڵ" بخاتـە سـەر نەخشـەی نوێـی دەوڵەتـی عێـراق. دوای ئـەم قۆناخـە، حکومەتـی عێـراق بایەخێکـی زۆری بـەم ناوچەیـەدا، بـۆ ئـەوەی ناوچەکـە بگونجێنێـت بـە نەخشـەی سیاسـی نوێـی وڵاتانـی عەرەبـی، چەندیـن بڕیـار و رێوشـوێنی زۆری گرتەبـەر و هەوڵەکانـی

لـەوەدا چڕکـردەوە کـە ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەم ناوچەیـە زۆرینـەی عـەرەب بێـت. لـە رووی کارگێڕییـەوە چەندیـن هەنـگاوی خێـرای نـا، راسـپاردەکانی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان بەناسـاندنی فـرە کولتـووری پشتگوێخسـت و گوشـاری زۆری خسـتە سـەر ناوچـەی ویلایەتـی موسـڵ. بەپێـی ئامارێکـی سـاڵی 1957، رێـژەی دانیشـتووانی کەرکـووك بەمشـێوەیە بـوو: کـورد 48.3 %، عـــــەرەب 28.2 % و تورکـمان 21.4 % ئەنجامـی لێکەوتـەوە.

لـە 14ـی تەممـووزی 1958، کودەتایەکـی سـەربازیی لـە عێـراق روویـدا و رژێمـی مۆنارشـیزمی کۆتایـی پێهـات. ژەنـەراڵ عەبدولکەریـم قاسـم بـۆ ئـەوەی پشـتگیری کـوردەکان بەدەسـتبهێنێت، رێـگای خۆشـکرد بەگەڕانـەوەی سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان مـەلا مسـتەفا بارزانـی و هاوەڵەکانـی بـۆ عێـراق کـە لەلایـەن یەکێتیـی سـۆڤیات حەوێندرابـوون. وێـڕای ئـەوەی هەمـواری دەسـتووری کـرد و دەوڵەتـی عێـراق بـە "دەوڵەتـی کـورد و عـەرەب" ناسـاند، بەڵام دوای ماوەیەکـی دیکـە، پێچەوانـەی دەسـتوور مامەڵـەی کـرد و کـورد ناچـار بـوو لـە ئەیلوولـی 1961 دووبـارە دەسـت بەخەباتـی چەکـداری بکەنـەوە. لـە سـاڵی 1963 عەبدولکەریـم قاسـم بەهـۆی عەرەبـە شـۆڤینییەکانەوە لـە رێگـەی کودەتایەکـی سـەربازیی لەدەسـەڵات لادرا.

دوای ئـەم قۆناخـە، حکومەتەکانـی عێـراق بەشـێوەیەکی بەرنامـە بـۆ داڕێـژراو، گۆڕانـکاری دیموگرافـی و سیاسـەتی بەعەرەبکردنـی لـە کەرکـووك و ناوچەکانـی دەوروبەرییـەوە جێبەجێکـرد. بەزەبـری هەڕەشـە، دوورخسـتنەوە، گواسـتنەوەی زۆرەملـە، گۆڕانـکاری کارگێـڕی، لـەکارلادان، گۆڕانکاریکردنـی رەچەڵـەك و رەگـەز و سیاسـەتی قڕکردنـی پەسـندکرد. بەمـەش ژمـارەی کـورد لـە کەرکـووك بەشـێوەیەکی بەرچـاو کەمکـردەوە. لـە رێگـەی هێـز و پـارە و پێدانـی بەرتیـل، عەرەبـی نەجـەف و بەسـڕەی لـە کەرکـووك و ناوچەکانـی دیکـە هاوردەکـرد و نیشـتەجێی کـردن. بەهاتنـی بەعسـییەکان و وەرگرتنـی

جڵـەوی دەسـەڵاتی عێـراق لـە رێگـەی کودەتـاوە، سیاسـەتی بەعەرەبکـردن هێنـدەی دیکـە فراوانـتر بوویـەوە. سـتراتیژییەتێکی تۆکمـەی بەخۆیـەوە بینـی و گەمـارۆی زیاتـری خسـتە سـەر خەڵکـی ناوچەکـە و بەشـێوەیەکی بـەردەوام درێـژەی پێـدەدا.

لـە سـەرەتای حەفتاکانـدا، بەگوشـاری یەکێتیـی سـۆڤیات، عـەرەب ناچارکـرا لـە سـەر مێـزی دانووسـتاندن گفتوگـۆ لەگـەڵ کـورد بـکات. لـە 11ـی ئـاداری 1970 دوای دانووسـتاندن لەگـەڵ مـەلا مسـتەفا بارزانـی، رێککەوتننامـەی خودموختـاری واژۆکـرا. بەهـۆی ئـەم رێککەوتننامەیـە بـۆ چەنـد سـاڵێك، سیاسـەتی بەعەرەبکـردن و گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچەکـە بەڕێژەیـەك کەمبوویـەوە. بـەڵام بەهـۆی رێکنەکەوتنـی هەردوولایـەن لەسـەر چارەنـووس و پێگـەی کەرکـووك، لێکتێگەیشـتن و رێککەوتننامەکـە بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ دواخـرا. هـەر بەهـۆی رێکنەکەوتنـی لایەنـەکان، رێککەوتننامـەی ئـادار هەڵوەشـایەوە و پڕۆسـەی گواسـتنەوەی زۆرەملـە و کۆمەڵکـوژی ئەنفـال دەسـتپێکرد و دژایەتیکردنـی کـورد چـووە قۆناخێکـی گەورەتـرەوە.

حکومەتـە یـەك بـەدوای یەکەکانـی عێـراق هەمـوو جـۆرە رێککارێکیـان گرتەبـەر بـۆ کەمکردنـەوەی رێـژەی پێکهاتەکانـی دیکـەش لـە پـاڵ کـورد و زیادکردنـی ژمـارەی عـەرەب. هەروەهـا لـە رووی کارگێڕییـەوە، چەندیـن ناوچـەی سـەر بەکەرکووکـی خسـتە سـەر پارێزگاکانـی دیکـە. لـە سـاڵی 1976 دووزخورماتـوو خرایـە سـەر تکریـت، چەمچەمـاڵ و کـەلار خرایـە سـەر سلێمانی، کفـری خرایـە سـەر دیالـە. هەروەهـا لـە سـاڵی 1972 نـاوی کەرکـووك کرایـە تەئمیـم.

رۆژی 1975-3-6 عێـراق و ئێـران رێککەوتننامـەی جەزائیریـان ئیمزاکـرد و بـەم رێککەوتنـە، حکومەتـی بەعـس بەهەمـوو توانایەکییـەوە هێرشـیان کـردە

سـەر کـورد و سـەدان هـەزار کـەس ناچـار بـوون وڵاتیـان جێبهێڵـن و پەنابـەری وڵاتانـی دەوروبەربـن. سـاڵی 1977 گۆڕانـکاری گـەورە لـە ڕێـژەی پێکهاتـەکان روویـدا و بەپێـی دواییـن ئامارەکانـی 1977، ڕێـژەی کـورد لـە کەرکـووك 37.53 % و عـەرەب 44.1 % و تورکـمان 16.3 % و کریسـتیان 2.4 %. بەمـەش دوای 20 سـاڵ ڕێـژەی کـورد لـە کەرکـووك بەڕێـژەی 10.77 % و تورکـمان 4.9 % کەمیکـرد و ڕێـژەی عەرەبیـش بـە 16.21 % زیادیکـرد. سیاسـەتی بەعەرەبکـردن دەرەنجامـی زۆر خراپـی لێکەوتـەوە و گۆڕانـکاری دیمۆگرافـی زۆری بەسـەر کەرکـووك دروسـتکرد. بەپێـی گوتـەی نـووری تاڵەبانـی "بەجێبەجێکردنـی سیاسـەتی بەعەرەبکـردن و گۆڕینـی دیمۆگرافیـای کەرکـووك و ناوچەکانـی دەوروبـەری لەلایـەن ڕژێمـی عێراقـەوە، ئەنجامـی زۆر مەترسـیداری لێکەوتـەوە و هێندەی کردەوە تیرۆریستییەکان مەترسیدارترە و لـە کاتێکـدا ئـەم ڕووداوانـە سـەریهەڵدا، کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بێدەنگییـان هەڵبـژارد".

بـەر لـەوەی کێشـەی کەرکـووك چارەسـەر بکرێـت، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا هێرشـی کـردە سـەر عێـراق و ڕژێمـی بەعـس رووخـا. لـە سـاڵی 2005 ریفرانـدۆم بـۆ دەسـتووری عێـراق ئەنجامـدرا و بەڕێژەیەکـی زۆر لەلایـەن خـودی عێراقییەکانـەوە پەسـند کـرا. هـەر لـە سـاڵی 2005 هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك بەڕێوەچـوو، لـە کـۆی 41 کورسـی ئەنجوومەنەکـە، کـورد زۆرینـەی دەنگـی بەدەسـتهێنا و بـووە خـاوەن 26 کورسـی، تورکـمان 9 کورسـی و عـەرەب 6 کورسـی بەدەسـتهێنا. هـەر بەپێـی دەسـتووری عێـراق مـاددەی 140 تایبـەت بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان داڕێـژرا کـە دەسـتەواژەی "ناوچـە جێناکۆکەکان"یـان بـۆ داڕشـت و لـە مـاددەی 140دا هاتـووە، ئـەم پرسـە تاوەکـو 2007-12-31 دەبێـت کێشـەکان یەکلایـی بکرێنـەوە و لـە کۆتاییـدا بەریفراندۆمێـك ئەنجامەکـەی ئاشـکرا بکرێـت. وێـڕای بەسـەرچوونی 10 سـاڵ لـە تەمەنـی وادە دیاریکراوەکـە، کەچـی حکومەتـە شـیعەکانی عێـراق ئـەم

ماددەیەیـان جێبەجـێ نەکـرد. وێـڕای هەوڵـە بەردەوامەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کـوردی، کەچـی بەغـدا هەرجـارە و بەبیانـووی جیـاوازەوە پرسـەکەی دواخسـت و ماددەکـەی جێبەجێنەکـرد و ریفراندۆمەکەشـی ئەنجـام نـەدا. لـە حوزەیرانـی 2014دا داعـش هێرشـیکردە سـەر پارێـزگای موسـڵ و سـوپای عێـراق بەرگـری نەکـرد و کەرکووکیشـی بـێ بەرگـری هێشـتەوە و بەمـەش پێشـمەرگەی کوردسـتان، کەرکـووك و ناوچـە جێناکۆکەکانیـان پاراسـت و بەرگریـان لێکـرد.

ڕۆژی 28-3-2017 ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك بـە دەنگـی 26 ئەندامـی کـورد بڕیـاری هەڵکردنـی ئـاڵای کوردسـتانیان لـە پـاڵ ئـاڵای عێراقـدا لـە پارێزگاکـە و ئـەو هەنـگاوەی لایەنـە کوردییـەکان بەئەنـدازەی جێبەجێکردنـی مـاددەی 140ــی دەسـتووری بـوو کـە هەرگیـز حکومەتـی ناوەندیـی عێـراق نەیدەویسـت بخرێتـە واری جێبەجێکردنـەوە. هەروەهـا لەبـەردەم چـاوی جیهـان و رای گشـتییدا، ڕۆژی 25ــی ئەیلـوول ریفرانـدۆم بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان ئەنجامـدا و لـە کەشـێکی دیموکراسـیدا لـە کەرکـووك بەڕێـژەی 78 % دەنگیـان بـۆ بەڵـێ دا.

4. کەرکـووك شـاری نـەوت: بەریتانیـا لـە سـاڵی 1890 نەوتـی کەرکووکـی دۆزییـەوە. لـە سـاڵی 1916 بەنهێنـی پەیماننامـەی سـایکس – پیکـۆت لـە نێـوان بەریتانیـا و فەرەنسـا واژۆ کـرا و فەرەنسـا لـە عێـراق دوورخرایـەوە و خرایـە ژێـر هەژموونـی بەریتانیـا و بەمشـێوەیە سیاسـەتی نەوتـی جێبەجێکـرا. گاز و نەوتـی کەرکـووك بـووە بـاس و خواسـی گرنگـی وزەی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا و لـەو کاتـەوە بایەخـی بـەردەوام بـەم شـارە دراوە. بەپێـی ئاژانسـی جیهانیـی وزە، نەوتـی کەرکـووك 6 %ی پێداویسـتییەکانی هەمـوو جیهـان و 40 %ی عێـراق دابیـن دەکات. ئـەم نەوتـە لـە رێگـەی هێڵـی نەوتـی جەیهـان، حەیفـا، تەرابڵـوس، شـام و بانیاسـی سـووریا دابەشـی سـەر هەمـوو جیهـان دەکرێـت. دوای داگیرکردنـی کەرکـووك لـە 16ــی ئۆکتۆبـەر، بڕیـارە هێڵێکـی دیکـەی بـۆڕی نەوتیـی بـۆ ئێـران رابکێشرێـت. نەوتـی دەوڵەمەنـدی کەرکـووك، لـە داهاتـووی

دامەزراندنــی دەوڵەتــی ســەربەخۆی کوردســتاندا بایەخێکــی زۆر مەزنــی هەیــە، بەتایبەتــی بــۆ ئابــووری ســەربەخۆیی کوردســتان ســەرچاوەیەکی زۆر گرنگـە.

بەهــۆی ئــەو پێگــە گرنگــەی کەرکــووك، بەپشــتیوانی نێودەوڵەتــی کــە تیشــکی ســەوزیان بــۆ ســوپای عەرەبــی عێراقــی هەڵکــرد، هێزەکانــی حەشــدی شــەعبی کــە ئێــران پاڵپشــتی دەکات رۆژی 16-10-2017 کەرکووکیــان دووبــارە بەهێــزی ســەربازیی کۆنترۆڵکــردەوە. دیســان سیاســەتی پشــتیوانیکردن لــە نــەوت لــە چارەگــی یەکەمــی ســەدەی بیســت و یەکەمــدا خــۆی دووبــارە کــردەوە و ســەربەخۆیی باشــووری کوردســتان کرایــە ئامانــج.

5. بانگەشــەکانی تورکیــا لەبــارەی کەرکــووك: دوای لەتلەتبوونــی ئیمپراتۆرییەتــی عوســمانی، رەوتــی کەمالیــزم تەشــەنەی کــرد و لــە ســاڵی 1920 لــە ئەنقــەرە کۆمــاری تورکیــای ئێســتایان دامەزرانــد. ســەرباری ئــەوەی ئەنقــەرە هیــچ دەســەڵاتێکی بەســەر باشــووری کوردســتاندا نەمــاوە، بــەڵام بــۆ ئــەوەی بەشــێك لــە نەوتــی کەرکــووك و موســڵ بەدەســتبهێنێت، بانگەشــەی ئــەوە دەکات لــە میانــی کێشــەکانیان لەگــەڵ بەریتانیــا، هەریــەك لــە مووســڵ و کەرکــووك کەوتووەتــە دەرەوەی ســنوورەکانی پەیماننامــەی نیشــتمانیی و داوای خاوەندارێتــی بــۆ دەکات. ســەرباری رەخنــە بەردەوامەکانــی پەرلەمانتــارە کوردەکانــی "ئەنجوومەنــی مەزنــی گەلــی تورکیــا" کەچــی مســتەفا کەمــال ئەتاتــورك هەوڵــی دەدا، موســڵ و باشــووری کوردســتان بخاتــە ژێــر رکێفــی دەوڵەتــی تورکیــا، لــە کاتێکــدا کــە خۆیشــی لــە رەشنووســی دانیشــتنە نهێنییەکانــی ئەنجوومەنەکــەدا دانــی بــەوە نــاوە کــە کۆنترۆڵکردنــی موســڵ و کەرکــووك کارێکــی ئاســان نییــە، بــەڵام گوشــارەکانیش بــەردەوام بــوون و هۆشــدارییەکانی ئەتاتورکیــش لــەم پەراوێــزەدا درێــژەی هەبــووە و ئەتاتــورك گوتوویەتــی "دەستبەســەرداگرتنی موســڵ ئاســانە، بــەڵام کۆنترۆڵکردنــی ئەســتەمە".

ئەمــڕۆ بانگەشــەکانی داواکردنــی کەرکــووك و موســڵ هێشــتا لــە بەڵگەنامەکانــی پەیماننامــەی نیشــتمانیی بوونــی هەیــە. بــەڵام ئایــا ئــەم پەیماننامەیــە لەســەر ســتاندەردی نێودەوڵەتــی و مــاف و یاســا نێودەوڵەتییەکانــدا چ کاریگەرییەکــی هەیــە؟ ئــەو بەڵگەنامــەی بەنــاو پەیماننامــەی نیشــتمانی لــە دانیشــتنی نهێنــی پەرلەمانــی تورکیــا لــە 28-1-1920 پەســندکراوە و حکومەتــی تورکیــای راســپاردووە بــۆ کارکــردن لەســەری. بۆیــە هیــچ پەیوەندییەکــی بەیاســا نێودەوڵەتییــەکان و رێککەوتننامەکانــەوە نییــە و تەنیــا دەســەڵاتدارانی تورکیــا تاکلایەنانــە ئــەم بەڵگەنامەیەیــان خســتووەتەگەڕ.

دیدارەکانــی چارەســەرکردنی چارەنووســی موســڵ و کەرکــووك لــە میانــی کۆنفرانســی لــۆزان هاتووەتەکایــەوە و دەســتیپێکردووە. گفتوگۆیەکــی ســەرنجڕاکێش لەنێــوان عیســمەت ئینۆنــو ســەرۆکی شــاندی تورکیــا و لــۆرد کــورزۆن وەزیــری دەرەوەی بەریتانیــا کــە هــاوکات ســەرۆکی شــاندی بەریتانیــا بــووە روویــداوە. پەیمانــی لــۆزان ئیمــزا دەکرێــت، بــەڵام تورکیــا بەمەرجەکانــی تایبــەت بەموســڵ قایــل نابێــت. کێشــەی موســڵ لــە کۆنفرانســی لــۆزان چارەســەر ناکرێــت، بۆیــە بەریتانیــا پرســەکە دەگوازێتــەوە کۆمەڵــەی نەتــەوەکان. ئەوانیــش کۆمســیۆنێکی ســێ کەســی بەســەرۆکایەتی ئــاف ویرســێن دیپلۆماتــکاری سویسری پێکدەهێنــن. دوای هەشــت مانــگ لــە بەدواداچــوون و لێپێچینــەوەی بــەردەوام، کۆمســیۆنەکە راپۆرتێکــی پوخــت ئامــادە دەکات و ئاراســتەی کۆمەڵــەی نەتــەوەکان دەکات. رۆژی 16-12-1925 کۆمەڵــەی نەتــەوەکان کۆبوونەوەیــەك ســاز دەکات، دۆخــی ناوچەکــە بەپێــی راپۆرتەکــە هەڵدەســەنگێنێت و تاوتوێــی راســپاردەکان دەکات، و دوای دەستکاریکردنیشــی پەســندی دەکات. لــە ســاڵی 1926 بەپێــی رێککەوتنــی واژۆکــراوی ئەنقــەرە، ویلایەتــی موســڵ بەکەرکووکــەوە دەخرێتــە ژێــر دەســەڵاتی حکومەتــی ئینتیدابــی بەریتانــی و ئەوانیــش دەیخەنــە ژێــر ســنووری دەوڵەتــی تــازە دامــەزراوەی عێــراق.

بەپێـی راسـپاردەی راپۆرتەکـەی کۆمسـیۆنی تایبەتـی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان، 10 %ی نەوتـی موسـڵ و کەرکـووك دەدرێتـە تورکیـا. لـە یەکێـك لـە ماددەکانـدا هاتــووە، تورکیـا بـۆی هەیـە داوای بەشـە نەوتەکـەی خـۆی بـکات بەنەخـت و بەپێـی خەمڵاندنەکانیـش سـاڵانە تورکیـا 500 هــەزار پاوەنـدی ئیسـتەرلینی بەردەکەوێـت. ئـەم ماددەیـە لـە 1926-6-6 لـە پەرلەمانـی تورکیـا خرایـە دەنگـدان. بـە دوو دەنگـی نەخێـر و دەنگێکـی بەتـاڵ و 146 دەنگـی بەڵـێ پەسـندکرا. ئـەم پشـکە لـە سـاڵی 1934 تاوەکـو سـاڵی 1951 بەرێکوپێکـی بەتورکیـا دەدرا. بەکورتـی دەتوانیـن راڤـەی ئـەوە بکەیـن کـە تورکیـا دەمێکـی زۆرە کەرکـووك و موسـڵیان فرۆشـتووە.

ئەگـەر بێتـوو لێکدانـەوەی دیـدار و کۆبوونەوەکانـی نێـوان سـاڵانی 1922 – 1925 لەبـارەی موسـڵ و کەرکـووك بکەیـن ئامانجـی سـەرەکی لـە رووی تەکنیکییـەوە، رێگریکـردن بـوو لـە بەدەسـتهێنانی مافـی کـورد لـە دەسـتووری تـازە دارێـژراوی دەوڵەتـی نوێـی عێـراق. تەنانـەت تەگەرەیـان خسـتە بـەردەم مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد. بەمـەش کـورد بـە بەشـخوراوی لـە کێشمەکێشـمەی پرسـی موسـڵ و کەرکـووك دەرچـوو کـە لـە دەسـتووردا هیـچ مافێکیـان پێنـەدا. دوای سـەد سـاڵ لـەم رووداوەدا، تورکیـا هـەر چ جـۆرە بیانوویـەك پێشـکەش بکات بەهیـچ شـێوەیەك مافـی بەسـەر کەرکـووك و موسـڵدا نەمـاوە، تەنیـا کارتـی هاونەتـەوە و تورکـمان بەکاردەهێنێـت لـە سیاسـەتی دەرەوەیـدا بـۆ ئـەوەی گوشـارەکانی نـوێ بکاتـەوە و کارتەکانـی خـۆی لـەم یارییـەدا بەکاربهێنێتـەوە.

# کەرکووك:
# گرێکوێرەکانی تەعریب

مامەند رۆژە

## دەسپێك

کەرکووك کرۆکی دۆزی کوردی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێکدەهێنێت. لە دواهەم وێستگەشدا ئەم شارە کرایە هێمای تێکشکاندنی خواستی سەروەری و شکۆی نەتەوەیی کوردستانیان. لەم دوایین هێرشە داگیرکاریەدا، لەم شارەوە پێ بەسەر سەری هێما و سیمبوولە نەتەوەییەکان نراوە و پلیشێندراونەتەوە. دەستبەجێ ئێرانییەکان کە ئەندازیاری داگیرکردنەوەی کەرکووك و تێکڕای ناوچە کوردستانییەکان بوون، پیرۆزباییان لە هاوتا تورك و عیراقییەکانیان کرد کەوا: پڕۆژەی کوردستانی سەربەخۆ لە ناوکەوە بڕایەوە! واتە لە کەرکووکەوە ئەم پڕۆژەیە پەکخرا.

کەرکووك تەنیا شارێك و پارێزگایەك نییە، ماکی سەرچاوەکانی هێزی مرۆیی و هێزی جوگرافی کوردستانە. بە کەرکووکەوە کوردستان دەتوانێ پڕۆژەی سەروەری خۆی کامڵبکات. لەبەرئەوە کەرکووك بەدرێژایی سەدەی رابردوو، سەرەتا و بنەتای رووداوەکانی باشووری کوردستانە.

لەم پەڕەیەدا دەپرسین ئایا سەرچاوەکانی تەنگژەی کەرکووك لە چییەوە

هەڵقـوڵاون کـە ئەوەنـدە پـڕ لـە گرێوگۆڵـە؟ بـۆ بابەتەکـەش دەگەڕێینـەوە بـۆ سـەرەتاکانی مێـژووی خوێنـاوی کەرکـووك و لاپـەڕە شـاراوەکانی هەڵدەدەینـەوە. گریمانــەی ئــەم پەڕەیــە ئەوەیــە کــە تەنگــژەی کەرکــووك بووەتــە پرســێکی نێونەتەوەیـی و ئیـرادەی کـوردی دەربـازدەکات.

## شەپۆلی یەکەم: عەرەبەکان گەیشتنە عێراق

بـەدووە عەرەبـەکان لـە سـەدەی دووەمـەوە بـەدوا بـۆ بەدەستخسـتنی لەوەڕگـە، خـاك و قەڵەمـڕەو بەشـیوەی کۆچـی بـەردەوام لـە بیابانـی عەرەبییـەوە بـەرەو سـەرزەوینی سـەواد هەڵکشـاون. شـەپۆلی یەکەمـی ئـەم کۆچـە دوو – سـێ سـەدەیەکی خایانـدووە. عەرەبـەکان لـە ئەنجامـی ئـەم کۆچـەدا بـەرەو بیابانـی سـووریا و بیابانـی عێـراق، خۆیـان بوونـە بەشـێك لـە تەونـی کۆمەڵایەتـی ئـەم ناوچەیــە (Elton L. Daniel، 2001، p. 64) پاشــان توانیویانــە دوو دەســەڵاتی عەرەبـی بەنـاوی غەسـانی سـەر بـە رۆم و حیـرە سـەر بـە ساسـانی پێکەوەبنێـن. میرنشـینی حیـرە تاوەکـو سـەردەمی کۆتایـی ساسـانییەکایش بەرقەراربـووە. پەیوەنـدی عـەرەب و کـوردە ساسـانییەکان زۆر تۆکمەدەبێـت. تاوەکـو ئـەو پلەیـەی کـەوا پادشـاکانی ساسـانی کۆرپـەی نێرینـەی خۆیـان بـۆ بەخێوکـردن بـە خێڵـە عەرەبـەکان دەسـپێرن. بارامـی گـۆڕ یـان بارامـی پێنجـەم یـەك لـە شـازادە ساسـانییەکان بـووە کـە لـە 421 تاوەکـو 438 پادشـایی کـردووە((Elton L. Daniel، 2008.p 81. بـارام لـە ماڵـی نوعمانـی مونـزری میـری حیـرە گەورەکـراوە. بـارام بەپشـتیوانی لەشـکرێکی عەرەبـی حیـرە، توانـی گـرەو لەهـەردوو براکـەی ، واتـە نەرسـی و شـاپوور بەرێتـەوە. ئـەو لەشـکری کێشـایە نـاو تیسـپۆن و داگیریکـردو پادشـایەتی خـۆی راگەیاند(حسـن پیرنیـا، 1362، 55).

لەسـەردەمی خـەسرەوی دووەم (590 - 628)، لەبـەر سـەرپێچی، نوعمانـی

مونــزری لەخمــی لــە حوکمــی حیــرە لادا و زیندانیکــرد و دواتــر کوشــتی. دوای ئــەوە ئەیاســی تایــی راســپارد کــەوا حوکمــداری حیــرە بــکات و بۆخۆشــی بەبیانووی داراییەکانــی نوعــمان لــەلای هانــی بــن مەســعوودی شــەیبانی لــە خێڵــی بەکــری وائــل، دەســتی بــە تارومــاری عەرەبــان کرد(عبدالحسـین زرینکـوب، 1363، 89). ئــەم رقــە لەنێــو عــەرەب بڵاوبــووەوە و کاتێکیــش خــەسرەو نامەکــەی محەممــەد پێغەمبــەر دەدڕێنــێ، دەبێتــە کینــەی گــەورەی ســەردەمەکە.

لــە ســەردەمی ئەبووبەکــری خەلیفــەی یەکەمــی موســڵمانانداا، موســەنا حارســی شــەیبانی بــۆ هەواڵگــری نــاردە ناوچــەی حیــرە کــە میرنشــینێکی عەرەبــی ســەر بــە ساســانییەکان بــوو لــە باکــووری رۆژئــاوای بــەسرە لــە چەنــد فەرســەنگی شــاری کووفــە و نەجــەف هەڵکەوتبــوو. پیشــتر هــۆزە عەرەبــە کۆچــەرەکان لــە ناوچــەی ســەواد و ئەنبــار بەشــێوەی چادرنشــینی هەبــوون کــە تنــوخ [تەنــوخ] یــان پێگوتــوون (عبدالحسـین زرینکـوب، 1362، 98). چەنــد بنەماڵەیەکــی گــەورەی عەرەبــی بەنــاوی عــەدی بــن زەیــد لــە بەنــی تەمیــم، بەنــی مورینــا لــە ئالــی لەخــم و بوقەیلــە لــە هــۆزی ئــەزدی یەمەنــی هەبــوون.

جگــە لــە عەرەبەکانــی حیــرە، ســوریانی و بابلییــە کۆنەکانیــش لەوناوچەیــە دەژیــان کــە پێیاندەگوتــن نەبەتــی. ژمارەیــەك لــە جوولەکــش لــە حیــرە ژیــاون و بەشــی زۆری عەرەبــەکان بتپەرســت بــوون و بەشێکیشــیان ببوونــە کریســتیان کــە بــەزۆری نەســتووری بــوون. دەســەڵاتی ئــەم ناوچەیــە لــە پێــش جەنگــی قادســییە، بەدەســت نوعمانــی مونــزری ئەزدییــەوە بــووە کــە بــە نوعمانــی ســێیەم دەناسرێت (بهـرام چمیـر روشـن، 1379، 284). دەگێڕنــەوە کــەوا خــەسرەو پەروێــز گومــان لــە نوعــمان دەکات و لەئەنجامــدا دەیکــوژێ و فیــل بەســەر تەرمەکەیــدا دەکێشــێت. هــۆکاری ئــەم کارەش بــۆ ئــەوە دەگێڕنــەوە کــە گوایــە نوعــمان هــاوکاری بارامــی کردبــوو کــە عەرەبــەکان گەورەیــان کردبــوو و لــەدژی خــەسرەو راپــەڕی.

دوای نوعــمان خــەسرەو ئەیاســی تایــی راســپارد کــە ببێتــە حوکمــداری حیــرە. بەوجــۆرە دەســەڵاتی عەرەبــەکان لــە ناوچەکــە کەمبــووەوە. مونــزری ســێیەم

نەیتوانــی دەســەڵاتی نوعمانــی باوکــی بگێڕێتــەوە بۆیــە دوای ئەیاســی عــەرەب، فەرماندەیەکــی کــورد بەنــاوی ئازادبــە حوکمــی ئــەم ناوچەیــەی کــردووە.

لــەو ماوەیــەدا موســەنای حارســی شــەیبانی دێتــە ناوچەکــەوە و هانــی عەرەبەکانــی حیــرە و ئەنبــار دەدا کــە ڕاپــەڕن. هورمزیــار ســەرداری کــوردی لــە حەفیــر لــە کەنارەکانــی خەلیــج بەرەنگاریــان دەبێتــەوە کــە بــە جەنگــی زنجیــر دەناسرێــت ، بــەڵام هورمزیــار دەکــوژرێ و عەرەبــەکان بــەرەو ســەرەوە هەڵدەکشــێن. موســەنا بــۆ پرســەی ئەبووبەکــر گەڕایــەوە مەدینــە و عومــەر خەلیفــەی دووەم دووبــارە ناردییــەوە عێــراق و ئەبــوو عوبەیــدی مەســعوودی ســەقەفی لەگــەڵ ناردەو(جرجــی زیــدان، 1379، 227).

خالیــدی بــن وەلیــد کــە دێتــە ناوچەکــەوە، لــە ناوچــەی مــەزار لــە نزیــك کوتــی عەمــارە لەگــەڵ کارن کــوڕی قەریانــس دەجەنگــێ و عەرەبــەکان ســەردەکەون. لەوێــوە لــە ناوچــەی وڵجــە دیســان جەنگێــك دێتەکایــەوە کــە بەهەمانشــێوە خالیــد ســەردەکەوێت. خالیــد لەوێــوە بــەرەو ئولەیــس پێشــڕەوی کــرد و لــەوێ لــە جەنگــی ئولەیســدا دیســان خالیــد سەردەکەوێت(حســینعلی ممتحــن، 1368، 134-132). لــە ناوچــەی حیــرە ئازادبــە فەرمانــدەی ســوپای ساســانی رادەکات و بەرەکــە جێدەهێڵێــت کــە ئەمــە وەرەی عەرەبــان بەرزدەکاتــەوە. کاتێــك خالیــد دەگاتــە ئەنبــار، دوای دوو- ســێ جەنــگ، ســەرئەنجام شــێرزاد فەرمانــدەی ئەنبــار لەگەڵــی سازشــنامەیەك مــۆردەکات و ســوپای ئیســلام لەوێــوە بــەرەو ســنوورەکانی رۆم دەڕوات.

ئینجــا یەزگــرد رۆســتەمی روخــزادی بانگــدەکات و رەوانــەی عێراقــی دەکات. رۆســتەم جووتیارانــی ســەوادی لــەدژی عەرەبــان هەڵخرانــد و لــە جەنگــی پــرد [پــردێ] کــە لەســەر رۆخــی چەمــی فــرات هەڵکەوتــووە، کــورد لەشــکری عەرەبــان دەشــکێنن کــە ئەبــوو عوبەیــدی مەســعوودی ســەقەفی لەژێــر ســمی فیلــدا دەشــێلن و موســەنای حارســی شــەیبانیش برینــدار دەکــەن و چــوار هــەزار

سـەربازی موسـڵمانیش گیـان لەدەسـتدەدەن. بەهمەنـی جـادۆ ماوەیـەك راویـان دەنـێ و دواتـر وازیـان لێدەهێنێت(محمـد جریـر گـبری، ابوالقاسـم پاینده، اسـاگیر، 1365، 263).

دوای ئـەم جەنگـە خەلیفـە سـەعدی وەقـاس لـە شـوێنی موسـەنای حارسـی شـەیبانی رەوانـەی عێـراق دەكات و سـی هـەزار سـەربازی بـۆ گـرد دەكاتـەوە. سـەعد لـە فـرات پەڕییـەوە و لـە قادسـییە دابـەزی، بـەڵام بەهـۆی گرانەتـاوە خـۆی نەیتوانـی جەنگەكـە سـەرداری بـكات و خالیـدی بـن عەرەفتـەی راسـپارد. لـە گەرمـەی جەنگەكـەدا چـوار هـەزار لـە لەشـكری رۆسـتەم لێـی تاكانـەوە و لەگـەڵ موسـڵمانان رێككەوتـن كـە دوای جەنگەكـە لـە دەسـتكەوت و غەنیمـەت بەشـیان بدرێـت و بـۆ كوێـش بیانـەوێ بـڕۆن. دەگێڕنـەوە ئەمانـە بەشـی زۆریـان لـە دەیلەمییـەكان بـوون. ئـەم مەسـەلەیە دەبێتـە هـۆی شـكانی ورەی سـەربازانی كـورد و ساسـانی(عصام محمـد، 1995، 271).

رۆژی یەكــەم فیلــەكان بوونــە هــۆی تارانــی هەســپی لەشــكری عەرەبــان و شــكان. رۆژی دووەم سـوپایەكی عـەرەب لـە شـامەوە گەیشـت . موسـڵمانان لــە دەیلەمییــەكان فێربــوون بــە لێدانــی خەرتــووم و چــاوی فیلــەكان راویــان بنێــن. بەوجــۆرە شــەڕەكە قــورس دەبێــت. رۆژی دووەم جەنگــی تــەن بــە تــەن دەســتپێدەكات و هــەردوو سوپاســالار بەهمەنــی جــادۆ و بەنــدەوان دەكوژرێن(زرینكـوب، 1362، 112).

لــە رۆژی ســێیەمدا فیلــەكان دەپێكرێــن و بــەرەو نــاو ســوپاكەی ساســانی رەودەكــەن. جەنگــی رم و شمشــێر بەرپادەبــێ و ژمارەیــەك لــە هــەردوولا دەكوژرێــن. رۆســتەم بــۆ حەوانــەوە، لــە چەمــی عەتیــق دەپەڕێتــەوە و شــەو دەحەوێتــەوە. سـەربازانی عـەرەب لـە خـووی ساسـانییەكان دەگـەن كـە شـەو دەحەسێنەوە. بۆیـە دوو لەشـكر شـەو شـەبیخوون لـە سـوپاكەی ساسانی دەدەن كـە زەبرێكـی گورچكبـڕ دەبێـت.

رۆژی چـوارەم گەردەلـوول و رەشـەبا هەڵـدەكات و بـەرەو سـوپاكەی ساسـانی

دەپژێت. چاو چاو نابینێت. ڕۆستەم بۆ خۆدەربازکردن لەم گەردەلوولە خۆی لەپەنای وشترەکەیدا دەشارێتەوە. عەرەبێك بەناوی هیلالی بن عەلقمە کە باری وشترەکە دەبینێ و تێدەگات کە بارەکە دەرهەم و دینارە، بە شمشێر پەتی بارەکە دەپچڕێنێت. کتوپڕ بارەکە بەودیودا بەسەر ڕۆستەمدا دەکەوێ و ڕۆستەم پشتی دەشکێت. بەو حاڵەوە خۆی لە ئاوی فرات دەدا و دەیەوێ بە مەلە بپەڕێتەوە. هیلال دوای دەکەوێ و بۆ قەراخەکە پەلکێشی دەکات و سەری لێدەکاتەوە و سەرە بڕاوەکەی ڕۆستەم هەڵدەگرێت و هاواردەکات "بەخودا ڕۆستەمم کوشت". بەمە سوپای ساسانی لێکدەترازێت و شکستی قادسییە نەبەردەکە یەکلاییدەکاتەوە(زرينكوب، 1363، 123).

بەوجۆرە سوپای موسڵمانان لەدوای قادسییە سەرانسەری کەرتی ڕۆژئاوای چەمی فرات داگیردەکەن. ساسانی و کوردەکانیش لە کەرتی ڕۆژهەڵاتی فرات دەمێننەوە. بەڵام سوپای موسڵمانان لەماوەی دووساڵدا بەرەو تیسپۆن دەکشێن و بە ماوەیەکی کەم پایتەختی ساسانی داگیردەکەن و غەنیمەت و تاڵانییەکی بێئەژماریان دەستدەکەوێت. لێرەشەوە بەرگرییەکی ئەوتۆ نامێنێ و لە چەندین پێکداداندا سەرەنجام سوپای موسڵمانان کورد و ساسانییەکان لە کەرتی ڕۆژهەڵاتی فراتیش ڕاودەنێن و دەیانکەن بەوبەری دیجلەشدا (عبدالعظيم رضايی، 1372، 210).

کورد لە ناوچەی تەلان نزیکدەبنەوە کە سوپای کورد و ساسانی بەردەوام پاشەکشێی بۆ دەکەن. لەماوەی چوار ساڵدا کورد بەتەواوی بۆ ناوچە تەلانەکان دەکشێنەوە و لە جەنگ و گورێزی بەردەوامدا سەرئەنجام بۆ بناری کوێستانەکان پاشەکشێ دەکەن. یەك لەم شوێنانە ناوچەی کەرکووك دەبێ کە هەر ئەوساش وەك پایتەختی شەهرەزوور نێوبانگی هەبووە(Homa Ka- touzian، 2009، 65).

## شەپۆلی دووەم: عەرەبەکان گەیشتنە کەرکووك

لـە مانگـی شـوباتی سـاڵی 637 بـۆ یەکەمجـار عەرەبـە موسـڵمانەکان لـە سـەروبەندی جەنگـی جەلـەولادا لـە هەمـان مانـگ، گەیشـتنە دەوروبـەری کەرکـووك و بـە چەنـد هێرشـێکی پەیتـا - پەیتـا ناوچەکەیـان داگیرکـرد. خەڵکـی ناوچەکانـی دەوروبـەر بەشـێکی رایانکـرد و بـۆ ناوچـە تەلانەکانـی سـەروو کشـانەوە. بەشێکیشـیان دەسـەڵاتی موسـڵمانەکانیان پەژرانـد و بژاردنـی گەزیـەت (جزیە)یـان قبوڵکـرد. خەڵکـی نـاو شـارەکە مانـەوە و لـەدەوری مەهرانـی رازی کۆبوونـەوە کـە فەرمانـدەی کـوردەکان بوو(حسـین پیرنیـا، 1362، 89).

بەفەرمانـی مەهرانـی رازی لـەدەوری کەرکـووك خەنـدەق هەڵدەکەنرێـت و سـوپایەکی چکۆڵـە لـە شـارەکە دەمێنێتـەوە و بەشـی زۆری سـوپاکەش لـە کەرکووکـەوە بـەرەو جەلـەولا دەڕوات و لەوێـش دەسـت بـە هەڵکەندنـی خەنـدەك دەکرێـت. سـەعدی وەقاسـیش بـەرەو حیلـوان بەرێکـەوت کـە لـە جەلـەولا لەشـکرەکەی بـە لەشـکری کوردانـەوە دەنووسـێت. جەنگێکـی سـەخت دەسـتپێدەکات و سـەرەنجام مەهرانـی رازی دەکوژرێـت و خڕەزادیـش بـەرەو قـەسری شـیرین و حیلـوان رادەکات. سـەربازێکی زۆر لـە هـەردوولا دەکوژڕێـت و ئەوەنـدە تـەرم لـە دەوری شـارەکە دەکـەون کـە بۆنـی لـەش سەرانسـەری ناوچەکـە دەگرێتەوە(حسـینعلی ممتحـن، 1368، 58).

کوشـتارە گەورەکـە لـە دەوروبـەری کەرکـووك و جەلـەولا ئەنجامـدراوە. یەزگـرد فەرمانـی بـە خـڕەزادی روخـزاد کـردووە کـەوا سـوپایەك کۆبکاتـەوە. چەنـد لەشـکرێکیش لـە نەهاوەنـدەوە بەهانـای خـڕەزادەوە هاتـوون. سـەعدی وەقـاس هەواڵـی ئـەم لەشکرکێشـییە دەبیسـتێ و بەریدێـك بـۆ خەلیفـە عومـەر دەنێـرێ و داوای ودمـی پەلاماردانـی خـڕەزادی لێـدەکات. عومـەری خەتـاب

نامەیەکـی بـۆ دەنێرێتـەوە و بـۆی دەنووسـێت: خـۆت لـە مەدایـن وەمێنـە و هاشـمی ئیبنـی عوتەیبـە رابسـپێرە بـە لەشـکرێکەوە بـەرەو جەلـەولا بـڕوات و خـڕەزاد سـزابدات(علم در ایرانشـهر ساسـانی، بـی بـی سـی، 2012، 27). هاشـمی عوتەیبـەی فەرقـەد ئەشمەسـی قەیسـی کەنـدی رادەسـپێرێت لـە ناوچەکانـی کەرکـووك ، فەتـح درێـژە پێبـدات و بۆخۆشـی بـەرەو جەلـەولا و شـارەزوور بەڕێدەکەوێـت.

کاتێـك سـوپای موسـڵمانان دێنـە جەلـەولا، بەشـێك لـە خەڵکەکـە رادەکـەن و بـەرەو چیـاکان دەکشـێنەوە، بەشـێکی زۆر لـە منـداڵان، ژنـان و کچانیـش بەدیـل دەگیرێـن کـە ژمارەیـان ئەوەنـدە زۆر دەبـێ کـە دەگێڕنـەوە خەلیفـە عومـەر دەڵێـت: " لەبـەر منداڵانـی ئـەم ژنانـەی جەلـەولا پەنـا بـۆ خـوا دەبـەم"! عەرەبـەکان تاڵانییەکـی زۆریـان دەستدەکەوێت کـە بەپێـی گێڕانـەوە مێژووییەکان هـەر لەشـکرێك 30 هـەزار دەرهەمـی پێدەدرێـت.

سـەعد دەیویسـت دوای خـڕەزاد بکەوێـت ، بـەڵام خەلیفـە عومـەر بـۆی نووسـیوە: بەینونەهرەیـن بـۆ ئێمـە بەسـە و خۆزگـە لەنێـوان بەینونەهرەیـن و سـەرزەمینەکانی ئەودیـوی کوێسـتاندا (مەبەسـت زاگرۆسـە) دیوارێـك هەبووایـە بـۆ ئـەوەی نـە ئـەوان بیانتوانیایـە بیبـڕن و نـە عەرەبیـش. سـەعد لەوێـوە بـەرەو دەوری کەرکـووك دەگەڕێتـەوە. لەوکاتـەدا راپەڕینـی پەراکاندەنـی کـوردان بـەردەوام دەبـێ و سـەعد بـۆ بنەبڕکردنـی ئـەم راپەڕینانـە چەنـد جارێـك لەشـکر دەکێشـێتە سـەر کەرکـووك و ناوچەکانـی دیکـە (William J. Duiker،Jackson J. Spielvogel، 145).

لـەدوای کوژرانـی مەهرانـی رازی فەرمانـدەی کـوردە ساسـانییەکان لـە ناوچەکـە، خێڵەکانـی کـورد بەشـی زۆریـان ناچاربـوون کەرکـووك بەجێبهێڵـن. هەندێکیـان لەنـاو شـارەکە مانـەوە و هەندێکیشـیان لـە بەربەرێکانێیەکانـدا کـوژران. لەگـەڵ کـورد بەشـی زۆری ئاشـوورییە فەلـەکان و تەنانـەت کـوردە

فەلـەکان و کـوردە مەزدەکییەکانیـش مانـەوە. عەرەبـەکان دەسـتبەجێ فەرمانـی ئیسـلامیان بەسـەر خەڵکـی شـارەکەدا سـەپاند و قانوونـی گەزیـەت، جەنـگ یـان ئیســلامیان پیادەکــرد( Michael G. Morony،1984، 565 ).

عەرەبـەکان زۆر لـە ناوچەکـە نەمانـەوە، تەنیـا لـە دەوری چەمـی خاسـە و زێی بچووکـدا چەنـد چادرگەیەکیان هێشـتەوە و پاشـماوەی سـوپاکەیان بـەرەو جەلەولا بەرێکەوتـن کـە پێنـج سـاڵێکی خایانـد تاوەکـو توانییـان ناوچـەی لوڕسـتان فەتـح بکـەن و بـەرەو قووڵایـی ئێـران بکشـێن. لـە شـارەکە فەرماندەیەکـی عـەرەب بـە هاوئاهەنگـی هەندێـك لـە کـوردە بەموسـڵمان بـووەکان، کاروبـاری شـارەکەیان راییدەکـرد(William J. Duiker،Jackson J. Spielvogel،15-149).

دوای ئەمـە بـەرە - بـەرە خەڵکـە هەڵاتووەکـەش دەگەڕانـەوە و پـۆل - پـۆل رووبـان لـە دینـی ئیسـلام دەکـرد. کۆچەرەکانیـش کـە بـۆ کۆچـی زسـتانە لـە کوێسـتانەکان دەگەڕانـەوە دەوربـەری کەرکـووك، هەندێکیـان بەناچـاری دینـی ئیسـلامیان قبوڵدەکـرد و هەندێکیشـیان بەنهێنـی لەسـەر داوونەریتـی دینی خۆیان دەمانـەوە کـە بەمانەیـان دەگـوت: زەندیـق یاخـود پەیڕەوانـی مانـی (Marietta Stepaniants، 2002، 162).

سـەرچاوە مێژووییـەکان کـە بـە عەرەبـی نـووسراون ئامـاژە بـە رووبەڕووبوونـەوەی پەراکەنـدەی کـوردان لـە کەرکـووك و ناوچەکانـی دەوروبەری شـارەزوور بـۆ ماوەیەکـی زۆر دەکـەن. بەپێـی ئـەو سـەرچاوانە بەشـێك لـە کۆچەرەکانـی کەرکـووك کاتێـك دەسـتیبدایە، دەسبەجێ پشـتیوانیان لـە فەرمانـدە راپەڕیـوە محەلییـەکان دەکـرد. کاتێکیـش دەسـتینەدایە ئـەوە بـە ناچـاری ملیـان بــە حوکمــی عەرەبــە موســڵمانەکان دەدا(Ann S. Lampton، 1988، 140).

## کوردستان: نیشتەجێبوونی عەرەبەکان

لەشکری موسڵمانان بۆ سەپاندنی ڕێساکانی ئیسلام لە ناوچەکە، بەشێك لە سوپاکانیان لە نزیك شارە کوردییەکان نیشتەجێکرد. بۆ نموونە سەرەتا بەسرەیان وەکو لەشکرگا دامەزراند کە دواتر خۆی بووە شارێکی تازە. هەروەها کووفەیان کردە لەشکرگایەکی تازە کەو ئەویش بووە شارێکی عەرەبی تازە. جگە لەوە لە زۆر ناوچەش لەشکری موسڵمانان و خێزانەکانیان لەنێو شارە کوردییەکاندا نیشتەجێبوون و تێیدا مانەوە-Chase F.Robin son،2010،198).

بەپێی سەرچاوەکان یاخەی ڕۆژهەڵاتی چەمی فرات بەزۆرینە لە کورد پێکهاتووە و ئەو عەرەبانەیش کە پێش ئیسلام لە یاخەی ڕۆژئاوای چەمەکە بوون ژمارەیان زۆر نەبووە. بەڵام لەگەڵ هێرشی موسڵماناندا، بەرە - بەرە عەرەکان بۆ ئەمبەری چەمی فراتیش پەڕیونەتەوە و تێیدا نیشتەجێبوون. لە دوو سەدەی یەکەمدا عەرەبەکان تەنیا لە ناوچەکانی فرات و دیجلە نیشتەجێببوون.

لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا سیاسەتی نیشتەجێکردنی عەرەبان بەشێوەیەکی شێرگیر پەریسەند و لە زۆر شوێن دانیشتووانیان ناچاردەکرد کە بەسوودی عەرەکان کە بەزۆری کاری لەشکرییان دەکرد، شار و دێیەکانیان چۆڵبکەن. بەپێی سەرچاوەکان کە تەبەری لە هەموویان باشتر ئەمەی باسکردووە، چەند هۆزێکی عەرەبەکان لە ناوچەی موسڵیش نیشتەجێدەبن.

بەوجۆرە عەرەبەکان لە مەڵبەندی کۆچی زستانەی کۆچەرانی کورد نزیکدەبنەوە. واتە کۆچی زستانەی بەدووە عەرەبەکان لەگەڵ کۆچی زستانەی کۆچەرانی کورد لە هەندێك ناوچەدا بەیەکدەگەن و بەریەکیش دەکەون. لە

هەندێـك ناوچـە هـەردوولا بەتەبایـی توانیویانـە لەگـەڵ یـەك بسـازێن و بێکێشـە و تەشــقەڵە لەگــەڵ یــەك هەڵیانکــردووە. لــە هەندێــك ناوچــەش بەڵگەنامــە مێژووییـەکان دەگێڕنـەوە کـە ناوچەکـە گەواهـی بەریەککەوتـن و کێشمەکێشـی بـەردەوام لەنێـوان بـەدووی عـەرەب و کۆچـەری کـوردی بـووە(Richard Frye، 1993،72 ).

ئەمەوییـەکان سیاسـەتی جیـاکاری نـەژادی لـەدژی کـورد پیادەدەکـەن. ئـەوان کوردیــان بــە مەوالــی بانگدەکــرد کــە مانــای خەڵکــی زەبــوون، نــزم و بەنــدە دەبەخشـێت. مەوالـی بەمانایـەك بـە بەنـدە ئازادکـراوەکان دەگوترێـت کـە لـەو ســەردەمەدا عەرەبــەکان بــە کوردەکانیشــیان دەگــوت. چ کــوردە بــە موســڵمان بـووەکان و چ ئەهلـی زەمـە هەموویـان بـەم نـاوە بانگکـراون کـە جۆرێـك لـە ســووکایەتی و بــە بچووکزانینیشــی تێدایــە(Touraj Daryaee، 2003، 198).

هیشــتا دوو ســاڵێك بەســەر جەنگــی نەهاوەنــد یاخــود فەتحولفتوحــدا تێنەپەڕیبـوو، کـە پیاوێکـی بەنـدەی بەدیلگیـراوی کـورد کـە لـە جەنگـی جەلـەولا دەسـتگیردەکرێ و دواتـر دەبێتـە موسـڵمان، بڕیـاری کوشـتنی خەلیفـەی دووەم دەدات. ئـەم کەسـە کـە نـاوی (پیـرۆزی نەهاوەندی)یـە و نـاسراو بـە ئەبوولۆلۆیـە، بەیانییەکیـان پەلامـاری خەلیفـە دەدات و دەیکوژێـت و بۆخۆشـی دەگەڕێتـەوە ناوچـەی نەهاوەنـد. ئەمـە کینـەی نێـوان هـەردوولا زیاددەکات کـە لـە ئەنجامیـدا دەیـان سـاڵ رقوقیـن دەچێنێـت.

لەکاتــی ئەمەوییەکانــدا ئــەوان کاری وەکــو دادوەری، فەرمانفەرمایــی و سوپاسـالاریان بـە کـورد نـەدەدا و پێیانوابـوو ئـەم پیشـەگەلە تەنیـا شایسـتەی ئـەو کەسـانەیە کـە خوێنـی عەرەبـی تێدایـە . هەروەهـا پلـە باڵاکانیـان هەرگیـز نەدەدایـە کـورد و تەنیـا عەرەبـەکان مافـی حوکمداریـان هەبـووە. هەرگیـز رێیـان بـەوە نـەداوە کوردێکـی موسـڵمان بەرنوێـژی بـۆ عەرەبـان بـکات و لەپشتیشـیەوە نوێژیـان بـە رەوا نەزانیـوە. عەرەبـەکان لەگـەڵ کـورد لەسـەر یـەك جـادە رێیـان نەدەکـرد و بـە کوردەکانیـان دەگـوت علـوج ، بـە واتـەی: نـەزان و خوانەنـاس.

تەنانـەت لەسـەردەمی حەجاجـی بـن یوسـفدا کوردیـان داخ دەکـردن بـۆ ئـەوەی بناسرێنــەوە و تێکەڵــی عەرەبــان نەبــن(Marietta Stepaniants، 2002، 163).

ئــەم رەفتــارە کــوردی هانــداوە تاوەکــو بــەردەوام لەگــەڵ عەرەبــان پێکداهەڵبپژێــن. لەبەرئــەوە جوگرافیــای کــورد بــەردەوام بووەتــە ناوەنــدی راکێشــان بــۆ هــۆزە عەرەبییــەکان. بەدرێژایــی 1400 ســاڵ ســەرزەوینی کــورد لەبــەر ئاوەدەانــی، سەرســەوزی و بوونــی خێروبێــری ســەرزەوی و ژێــرزەوی، لەوەڕگــە، بچنگــە و کێڵگــەی بەپیــت و ســەرچاوەکانی ئــاو، بووەتــە ســەرچاوەی چاوتێبڕینــی هــۆزە عەرەبییــەکان. لەبەرئــەوە بەدرێژایــی چەندیــن ســەدە لەپەســتا هــۆزە عەرەبییــەکان لــە بیابانــەوە بــەرەو کوردســتان هەڵکشــاون و بــەرە – بــەرە تێیــدا نیشــتەجێبوون(Albert Habib Hourani، Malise Ruthven، 23 - 24).

## شەپۆلی سێیەم: ئامێژەنی تورك و عەرەب

لەگــەڵ هەڵکشــانی عەرەبــە موســڵمانەکان، بــەرە – بــەرە پێــی رەگــەزی ســێیەمیش گەیشــتە خاکــی کەرکــووك. تورکــە ئوغــوزەکان لــە ســەردەمی عوبەیدوڵــلای زیــاد (673 - 683) هــەزار ســەربازی تــورك کــە لــە جەنگەکانــی ســەیحون و جەیحونــدا بەدیلگیرابــوون و دواتــر ببوونــە موســڵمان، لــە ریــزی ســوپاکەی عوبەیدوڵــلای زیــاد جێگیربــوون و هاتنــە ناوچەکانــی کەرکــووك. ئەمــە یەکــەم شــەپۆلی داکشــانی تورکــەکان بــوو بــۆ کوردســتان.

شــەپۆلی دووەمیــش لەســەردەمی ئیمپراتۆریــای ســەلجووقیدا هاتەکایــەوە. لــەم شــەپۆلەدا ژمارەیەکــی یەکجــار زۆرتــری تورکانــی غــوز لــە ناوچەکانــی کوردســتان و عێــراق جێگیربــوون و دەســتیان بــە بنیاتنانــی مەڵبەنــدی نیشــتەجێبوون کــرد. لــەم شــەپۆلەدا تورکمانــەکان ژمارەیــان زیاتــر بــووە.

لە شــەپۆلی سێیەمدا کە لەســەردەمی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا هاتووەتەکایەوە،

تورکمانـەکان لـە کەرکـووك و بەشـێك لـە ناوچەکانـی کوردسـتان بوونـە خـاوەن خـاك و موڵـك. لـە کاتـی هێرشـەکانی یـاوز سـوڵتان سـەلیم، تورکمانـەکان بـۆ عێـراق شـۆڕبوونەوە. لـە سـەردەمی سـوڵتان سـلێمانی قانوونیـدا کاتێـك بەغـدا داگیرکـرا، تورکمانـەکان لـە زۆر شـوێن نیشـتەجێبوون. لـە قۆناخـی دەسـەڵاتی سـوڵتان مـورادی چـوارەم لـە 1638 ، هێڵێکـی تورکمانـی هـەر لـە لێـواری دەریـای سـپییەوە بەسـەر عەفریـن، عـەزاز، جەرابلـۆس، گـرێ سـپی، شـنگال، تەلەعفـەر، موسـڵ، پـردێ، کەرکـووك، داقـوق، خورماتـوو، قەرەتەپـە، جەلـەولا، خانەقیـن، قازانییـە و مەندەلـی هاتەکایـەوە(Arshad al Hrmizi، 2003، 120).

ئـەم پشـتوێنە تورکمانییـە لەسـەر سـنوورەکانی کـورد و عەرەبـدا هاتەکایـەوە و وەکـو هێڵێکـی جیاکـەرەوە ڕۆڵـی هەبـووە. هەروەهـا بەشـێك لـە تورکمانـەکان عەجەمـن کـە لـە سـەردەمی هێرشـەکانی عوسـمانی لـە شـنگال تاوەکـو مەندەلـی نیشـتەجێکراون. بەپێـێ سـەرژمێری سـاڵی 1957 ، دوای نەتـەوەی عـەرەب، کـورد 13 %ی دانیشـتووان و تورکمانەکانیـش 9 % کـۆی دانیشـتووانی عێراق پێکدەهێنن، بـەڵام دواتـر ئـەم سـەرچاوەیە شـوێنەواری نەماوەتـەوە.

زمانـی تورکمانـی سـەر بـە گروپـی ئوغـوزە. لـەڕووی لەهجـەوە تورکمانەکانـی عێـراق لـە گرووپـی تورکـی تورکیـا و ئازەربایجـان نزیکـن نـەك لـە تورکمانسـتان. لـەڕووی زاراوەشـەوە سـێ زاراوەی سـەرەکی لەنێـو تورکمانـەکان بەدیدەکرێـت: زاراوەی تەلەعفـەر، زاراوەی هەولێـر و زاراوەکانـی باشـووری کەرکـووك. بەوجـۆرە لـە کەرکـووك ڕەگـەزی سـێیەمیش ریشـەی داکوتـاوە(Yücel Güçlü – Who Owns Kırkuk، 86، 2007، ، ، ).

## شەپۆلی چوارەم: جیۆپۆلیتیکی تەعریب

کەرکـووك قوربانـی سـێ دیـاردەی جیۆسیاسـەت، جیۆئابـووری و جیۆکولتـوورە. لـەڕووی جیۆپۆلیتیکـەوە هێڵـێ تەماسـی کوردسـتان و عێراقـە، بـەڵام بەر گوشـاری

جیۆسـتراتیژی عەرەبـی، ئێرانـی و تورکیـش دەکەوێـت. لـەڕووی جیۆئابوورییـەوە سـەرچاوەی هایدرۆسیاسـەت واتـە سـەرچاوەی وزەی نـەوت و گازە کـە سـەدەیەکە لەنێـو سـتراتیژییەتی دەوڵەتانـدا گێرەوکێشـەی پێدەکرێـت. لـەڕووی جیۆکولتووریشـەوە بوونـی چەندیـن توخمـی کـوردی، عەرەبـی، تورکـی، سـوریانی، شـیعی و سـوننی ناوچەکـەی کردووەتـە گۆڕەپانـی بەریەککەوتـن.

کەرکـووك لـە سـاڵی 1789 بەفەرمـی لـە سیسـتەمی دابەشـکاری عوسـمانیدا ناوەنـدی ویلایەتـی شـارەزوور بـووە. لـە سـاڵی 1895دا لـەدوای دابەشـکارییەکی دیکـە، نـاوی ویلایەتەکـە گـۆڕا بـۆ ویلایەتـی موسـڵ و قـەزای موسـڵ کرایـە ناوەنـدی و کەرکووکیـش وەك سـەنجەقێك خرایـە سـەر موسـڵ. ئیـتر ئـا لێـرەوە کێشـەی کەرکـووك و موسـڵ یەکانگیربـوون.

لـە سـەدەی رابـردوودا لەگـەڵ دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێراقـدا، ناسـنامەی دەوڵەتەکـە لەگـەڵ رەگـەزی عەرەبـی تێهەڵکیشـدەکرێت. عێـراق لـە پێناسـەی عەرەبیـدا بـە دەروازەی شـەرقی وەتەنـی عەرەبـی دەناسـێندرێت. لـەم پێناسـەیەدا جێیـەك بـۆ کـورد ناهێڵدرێتـەوە. سـەرباری ئـەوەی لەسـەردەمی کۆماریـدا عێـراق وەك نیشـتمانی هاوبەشـی کـورد و عـەرەب پێناسـەدەکرێت ، بـەڵام ئەمـە بەکـردەوە پیادەناکرێـت و سـەرلەنوێ سیاسـەتی حاشـالێکردن بـە شـێوازێکی نـوێ سـەرهەڵدەداتەوە(غفور مخمـوری، عبداللـە قرکەیـی، 2006 – 78-50).

لـەدوای بەنیشـتمانیکردنی نەوتیـش، بەعسـییەکان نـاوی پارێزگاکەیـان بـۆ تەئمیـم گـۆڕی. لـە سـەردەمی بەعسییەکاندا سیاسـەتی دەسـتکاریکردنی نـەژادی و دیمۆگرافـی لەسـەر خاکـی کەرکـووك دەسـتپێکردووە. هەروەهـا بـۆ گۆڕینـی پێکهاتـەی دیمۆگرافـی و جیۆکولتـووری پارێزگاکـە و باڵادەسـتکردنی پێکهاتـەی عەرەبـی، دەسـتکاری رێـژەی دانیشـتووانیان کـرد، قـەزا و ناحییەکانیـان بەسـەر موسـڵ، سـەلاحەدین و سـلێمانیدا دابەشـکردەوە، دەیـان هـەزار هاووڵاتـی کـورد، تورکـمان و ئاشـووریان رەوانـەی هەولێـر و سـلێمانی کـرد و لـە شـوێنیان

دەیان هـەزار عەرەبیـان نیشـتەجێکرد کـە بـە عەرەبـی هـاوردە دەناسرێن(غفـور مخمـوری، عبداللـە قرکەیـی، 2006 – 78-50).

پرۆسـەی بەعەرەبکـردن لـە ناوچەکـە مێژوویەکـی دوورودرێژی هەیـە: لە 635، عەرەبـەکان تەنیـا یـەك میرنشـینیان لـە باشـووری نەجـەف بەنـاوی حیـرە هەبـووە کـە سـەربە ئیمپراتۆریەتـی ساسـانی بـووە، هەندێـك لـە شـازادەکان وەکـو شـازادە بارامـی پێنجـەم لـەلای ئـەم عەرەبانـە گەورەکـراون. بەگشـتی عـەرەب بەشـێوەی رەوەنـد تەنیـا لـە حـەوزی فـرات ژیـاون.

لـەدوای هێرشــی عەرەبــی ئیســلامییەوە، ســەرەتا لــە جەنگــی قادســییەوە حـەوزی فـرات بەعەرەبکـراوە. دوای چەنـد سـاڵێك لـە جەنگـی مەدایـن، پرۆسـەی تەعریـب حـەوزی دیجلەشـی گرتووەتـەوە. دوای یـەك - دوو سـاڵیش پرۆسـەی بەعەرەبکـردن لـە جەنگـی جەلەولا حـەوزی حەمرین و کەرکووکیشـی گرتووەتەوە. لـەو دەمـەوە لـە چەرخەکانـی نێوەڕاسـتدا، لەجیاتـی باشـووری بـەسرە کـە هێڵـی تەماسـی کـورد و عـەرەب بـووە، بەغـدا هێڵـی تەمـاس بـووە. بـەڵام لەسـەردەمی بەعەرەبکردنـی مۆدێرنـدا، کەرکـووك بووەتـە هێڵـی تەمـاس.

بەوجـۆرە دەبینیـن پرۆسـەی تەعریـب بەدرێژایـی 1400 سـاڵ لـە باشـووری بـەسرە و باشـووری فراتـەوە بەشـێنەیی هەڵکشـاوەو توخمـی کـوردی بـۆ حـەوزی دیجلـە و لەوێشـەوە بـۆ بنـاری بەرزاییەکانـی حەمریـن پاڵپێوەنـاوە و دواتریـش لـە بنـاری چیاکانـی تووندکـردوون. لێـرەدا کەرکـووك بووەتـە سـیمبوول و هێـمای ئـەم پرۆسـەیە، بووەتـە مەڵبەنـدی تراژیدیـاکان و هەمیشـە ئـەم ریسـالەتەی بەرهەمدەهێنێتـەوە. ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە حکومەتەکانـی عێـراق دەیانـەوێ هێڵـی تەماسـی کـورد و عـەرەب لـە کەرکووکـەوە بـۆ 30 کیلۆمەتـری هەولێـر و 50 کیلۆمەتـری سـلێمانی بگوێزنـەوە. هەمـوو هەوڵـی بەعسـییەکان ئەمـە بـووە.

## کەرکووك: جوگرافیای سرووشتی

لـەڕووی جوگرافیـای سرووشـتییەوە عێـراق یەکدەسـت و یەکپارچـە نییـە، بەڵکـو بەسـەر سـێ ناوچـەی جوگرافیـدا دابەشـدەکرێت کـە بریتیـن لـە: یەکـەم - ناوچـەی سـەواد یـان عێـراق بەشـی باشـووری عێـراق پێکدەهێنێـت و ناوچـەی دەشـتی لیتەنییـە. دووەم – ناوچـەی جەزیـرە یـان بادییـە کـە بەشـی رۆژئـاوای عێـراق دەگرێتـەوە. سـێیەم – ناوچـەی کوێسـتانی کە لـە بەرزاییەکانـی حەمرینەوە دەسـتپێدەکات. کەوابـوو کەرکـووك لـەڕووی جوگرافیـای سرووشـتییەوە سـەربە ناوچـەی کوێسـتانییە واتـە کوردسـتانییە.

ئـەم دابەشـکارییە سرووشـتییە کاریگـەری لەسـەر دابەشـکاری سیاسـیش کـردووە. لەسـەردەمانی کۆنـدا ئـەم عێراقـە بەسـەر سـێ ویلایەتـی بـەسرە، بەغـدا و جەبەلـدا دابەشـکراوە. دواتریـش لەسـەردەمی عوسـمانیدا بەسـەر سـێ ویلایەتی بـەسرە، بەغـدا و شـارەزوور دابەشـکراوە کـە دواتـر شـارەزوور بـۆ موسـڵ گـۆڕاوە. لەسـەردەمی تازەشـدا ویلایەتـی موسـڵ بەسـەر پارێزگاکانـی دهـۆك، هەولێـر، سلێمانی، کەرکـووك و دیالـەدا دابەشـکراوە. هەروەهـا لـەدوای ئـەوەی کەرکـووك بووەتـە پارێـزگا، دواتـر ناوەکـەی گـۆڕاوە بـۆ تەئمیـم و بـەرە – بـەرە هەوڵـی گۆڕینـی پێکهاتـەی ئەتنۆگرافـی دراوە و دەسـتکاری دانیشـتووان و دابەشـکارییە جوگرافییەکـەی کـراوە.

## کەرکووك: جیۆکولتوور و ئەتنۆگرافی

لـە کەرکـووك چەنـد پێکهاتەیەکـی تێکـەڵ بەدرێژایـی مێـژوو بـە ئاشـتەوایی پێکەوەژیـاون کـە لـە کـورد، تورکـمان، عـەرەب و سـوریانییەکان پێکدێـن. عەرەبـە

هاوردەکانی لێدەرچێ کە لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تاوەکو کۆتایی جەنگی دووەمی کەنداو، بەشێنەیی لە ناوچەکە جێگیرکراون، پێکهاتەکانی دیکە خەڵکی شارەکەن.

کۆنترین پێکهاتەی ئەنتۆگرافی شارەکە ئاشووری – سوریانییەکانن. دوای ئەوان کورد لە پێش 2500 ساڵەوە لە ناوچەکە جێگیربوون. لە سەردەمی عەباسی ( Stansfield 2007، 70) و سەلجووقییەکانیشدا تورکەکان هاتوونەتە ناوچەکەوە. بەڵام لە سەردەمی عوسمانی و سەفەوییەکاندا بەشی زۆری تورکمانەکان نیشتەجێکراون. بۆیە تورکمانە شیعەکان زمانیان ئازەرییە و تورکمانە سوننەکانیش زمانیان تورکمانییە. هەردوو لەهجەکە لێك جیاوازن.

لەسەردەمی عوسمانییەکاندا هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان کورد و عەرەبدا بە تورکمان هاتووەتەکایەوە کە لە تەلەعفەرەوە دەستپێدەکات، لەدەوری موسڵەوە بە ئاڵتوون کۆپردی دەگات، لە کەرکووك بەرەو بەشیر، تازە، دووز، ئامرلی، داقوق و لەوێشەوە بۆ قەرەتەپە، قزرابات، شارەبان، خانەقین، قازانییە و مەندەلی شۆڕدەبێتەوە. لە سەردەمی سەفەوییەکانیشدا کاتێك ئەم ناوچەیە داگیرکراوە، تورکمانی شیعە واتە ئازەربایجانی جێگیرکراوە کە بەزۆری لە باشووری کەرکووك تاوەکو دیالە جێگیرکراون.

### کەرکووك: سیاسەت و سەرژمێری

حکومەتەکانی عێراق هەرگیز نەیانویستووە سەرژمێرییەکی راستەقینەی بێگەرد لەشارەکە ئەنجامبدەن. بۆیە هەمیشە پرۆژە سیاسییەکانیان تێکەڵی ئەم پرسە کردووە. تاقە سەرژمێرییەك کە تۆزێك بابەتی بووە، سەرژمێری سەردەمی پادشایەتی عێراقە کە بە قسەی پسپۆڕەکان باشی ناو خراپەکانە و لەساڵی 1957 بەڕیوەچووە. سەرژمێرییەکانی: 1965، 1977، 1987هەر هەمووی بەپێی سیاسەتەکانی حکومەتە عەرەبییەکان ئەنجامدراون. واتە

کاتێك ئەنجامیانداون کە یان جەنگ لەدژی کورد لەئارادابووە، یان پێکهاتەی کوردی لە شارەکە راوەدوونراوە. بۆیە ئەنجامەکان هیچیان جێگەی متمانە نین.

لەسەردەمی عێراقی نوێشدا، دیسان لەبەر هۆکاری سیاسی نەهێڵراوە سەرژمێری لە شارەکە ئەنجامبدرێت، لەکاتێکدا بەپێی دەستوور دەبووایە لە 31 نۆڤەمبەری 2007دا پرۆسەی سەرژمێری بۆ کامڵکردنی مادەی 140 لە پارێزگای کەرکووك ئەنجامبدرایە. بەڵام نووری مالیکی بەبیانووی جۆربەجۆر خۆی لێدزییەوە و بۆ سالی 2009 دوایخست. دیسان لەساڵی 2009 بۆ ساڵی 2012 دوایخست و دوای ئەوەش بەفەرمی خستییە رەفەوە و بەناوی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەوە لەشکرکێشی بۆ سەر کەرکووك دەستپێکرد و ئەگەر داعش دەرنەکەوتبایە، ئێستا دۆخێکی دیکەی خولقاندبوو.

بەپێی سەرژمێری 1957ڕێژەی دانیشتووانی کورد 48.4 %. تورکمان 21.4 % و عەرەبیش کەمتر لە هەردووکیان تۆمارکراوە. ئەمە جگە لە رێژەی عەرەبی هاوردە و رێژەی کورد و تورکمانی دەرکراو لە کەرکووك کە تائێستاش بەشێکی زۆریان ئاوارەی شارەکانی سلێمانی، هەولێر و هەندێکیشیان پەڕیوەی هەندەران بوون و بۆ شارەکە نەگەڕاونەتەوە.

سەرئەنجام حکومەتی عەبادی نەیهێشت ئاوارە عەرەبە سوننەکانی سەلاحەدین، دیالە و ئەنبار بەرەو بەغدا بڕۆن. پێشیان پێگرتن و هەر هەموویان رەوانەی کەرکووك و هەرێمی کوردستان کردوون کە بەپێی هەندێك ئامار ژمارەیان خۆی لە دوو ملیۆن و پێنج سەت هەزار کەس دەدات! تائێستاش بەغدا رێگیری لە گەڕانەوەی ئاوارە سوننەکان دەکات لە کەرکووکەوە.

هەندێك پسپۆڕی سیاسی پێیوانوایە بەغدا بەنیازە دیموگرافی ناوچە سوننەکان بگۆڕێت، بۆیە نایەوێ عەرەبە سوننەکان بۆ ناوچەکانیان بگەڕێنەوە.

بەمەش دەیەوێ عەرەبە سوننەکان لە کەرکووك و بەگشتی لە کوردستان بکاتە ئەمری واقع و دۆخێکی هاوشێوەی فەلەستینییەکانی لوبنان، سووریا و ئوردن بهێنێتەکایەوە! ئەو پسپۆڕانە ئەم شەپۆلە تازەیە بە پرۆسەی تەعریبی پۆستمۆدێرن وەسفدەکەن.

## ئەنجام

کەرکووك لە ڕۆژی 16 ئۆکتۆبەری 2017دا بۆ جاری چەندەم لەلایەن سوپایەکی عەرەبییەوە داگیرکرایەوە. ئەمەش شەپۆلی چوارەمی بەعەرەبکردنە کە ئامێژەن و سەنتێزی عەرەب – تورك – شیعەیە و ئێران ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی تێدا گێڕا. ئەم شەپۆلە تازەیە پێدەچێ ئاسەواری یەکجار قووڵ لە دەروونی هەموو تاکێکی کوردستانیدا دابنێ، چونکە لە کەشوهەوایەکدا هاتەکایەوە کە دنیای دیموکراتی و کۆمەڵگەی نێودەولەتی بەحیساب دۆستی کورد بوون و تازە پیرۆزباییەکانیان بە بۆنەی تێکشکاندنی داعش بۆ کورد دەناردن. بەڵام بە بەرچاوی جیهانەوە قێزەونترین جۆری داگیرکاری، تاوانی جەنگ، جینۆساید و دەرپەڕاندنی زۆرەملێ ڕوویداوە.

داگیرکاری شەپۆلی چوارەمی تەعریبیشی بەدواوەیە. هەر لە دوای ئەم هێرشەوە، عەرەب و تورکمانەکان شایلۆغانیان کرد و جەژنیان بۆ گێڕا. جگە لەوە جارێکی دیکە عەرەبە هاوردەکان دەستیان بە داگیرکردنەوەی خاك و زەوی کورد کرد و پرۆسەی دەرکردن و دەرپەڕاندنی دەیان هەزار کورد لە کەرکووك و خورماتوو بە بەرچاوی نەتەوە یەکگرتووەکان و چاودێرەکانی مافەکانی مرۆڤ و جیهانی ئازاد دێتەکایەوە و هیچ پەرچەکردارێکی ئەوتۆش نابینرێت.

هەر ئێستا زیاتر لە 100 هەزار هاووڵاتی کەرکووکی ئاوارە بوون. خانووی کوردانی شاری خورماتوو بەیەکجاری کاولکراون و دەیان هەزار کوردستانی

لـە زێـدی خۆیـان هەڵکەنـراون. بەوجـۆرە کەرکـووك دووچـاری شـەپۆلێکی نوێـی بەعەرەبکـردن بووەتـەوە کـە دەتوانیـن بـە تەعریبـی پۆسـتمۆدێڕن نـاوی بنێیـن. تورکیـا پشـتیوانی لـە تورکمانەکانـی کەرکووك دەکات، ئێـران و عێـراق و دەوڵەتانی عەرەبـی پشـتیوانی لـە عـەرەب و عەرەبـە شـیعەکانی کەرکـووك دەکـەن، بـەڵام لـەم نێـوەدا کـورد جارێکـی دیکـە بەتەنیـا ماونەتـەوە و خۆیـان وەکـو بێکەسـترین و بێپشـتترین نەتـەوەی سـەر زەوی دەبینـن.

لـە کارەسـاتی 16 ئۆکتۆبـەردا، بـە یەکانگیرییەکـی ئێرانـی، عێراقـی و تورکـی و بـە چاپۆشـی هاوپەیمانـان، کەرکـووك بـووەوە بـە کۆلۆنییەکـی نێودەوڵەتـی. کەرکـووك بـە گەلەکۆمەیەکـی ناوچەیـی داگیرکرایـەوە.

ئەمـڕۆ کەرکـووك بووەتـە گرێکوێـرەی سـەرەکی کوردسـتان و تاوەکـو ئـەم گرێکوێرەیــە نەکرێتــەوە، دەســتەبەرکردنی ســەروەری و ســەربەخۆیی زۆر زۆر ئاســتەمە.

## سەرچاوەکان:


- Elton L. Daniel، The history of Iran . Greenwood Press، London، 2001.
- Elton L. Daniel، CONVERSION ii. Of Iranians to Islam، Encyclopedia Iranica، 2005.
- Richard Frye، The Golden Age of Persia، 2006.
- Claude Cahen، The Cambridge History of Iran، Vol. 4.
- Albert Habib Hourani، Malise Ruthven، A history of the Arab peoples.
- M. Morony،ARAB ii. Arab conquest of Iran، Encyclopædia Iranica، 2000.
- Homa Katouzian، The Persians: Ancient، Mediaeval and Modern Iran، Yale University Press، 2009.
- Zarrinkub، The Cambridge History of Iran، Vol.
- Richard Frye، The Golden Age of Persia،1993.
- Touraj Daryaee، The Effect of the Arab Muslim Conquest on the Administrative Division of Sasanian Persis /Fars، Iran، Vol. 41 (2003.
- Marietta Stepaniants، The Encounter of Zoroastrianism with Islam، Philosophy East and West، University of Hawai'i Press، Vol. 52، No. 2 (Apr. ، 2002.
- Chase F.Robinson، The New Cambridge History of Islam، 2010.
- Michael G. Morony، Iraq After the Muslim Conquest،1984، Gorgias Press.
- Ann K. S. Lambton، Continuity and change in medieval Persia: aspects of administrative، economic، and social history،1988، 11th-14th century.
- William Montgomery Watt، Muhammad in Mecca، Oxford University Press، 1953.
- William J. Duiker،Jackson J. Spielvogel، The Essential World History،2010.
- Arshad Al Hrmizi، The Turkmen and Iraqi Homeland، 2003.
- Yücel Güçlü، Who Owns Kirkuk? Turkoman Case، 2003.

- جرجی زیدان، تاریخ تمدن اسلام، ترجمەی علی جواهرکلام، چاپ نهم، امیرکبیر، تهران، ١٣٧٩.
- حسن پیرنیا (مشیرالدوله)، تاریخ ایران، انتشارات دنیای کتاب، ١٣٦٢.
- عبدالعظیم رضایی، تاریخ ده هزار ساله ایران، جلد دوم، چاپ سوم، تهران، انتشارات اقبال، ١٣٧٢.
- عبدالحسین زرینکوب، تاریخ ایران بعد از اسلام، چاپ سوم، تهران، انتشارات امیرکبیر، ١٣٦٣.
- عبدالحسین زرینکوب، بامداد اسلام، تهران، انتشارات امیرکبیر، ١٣٦٢.

- بهرام ضمير روشن، فراز و فرود ايرانيان، تهران، ١٣٦٨.
- حسينعلى ممتحن، نهضت شعوبيه، باورداران، چاپ دوم، تهران، ١٣٦٨.
- محمد جرير طبري، تاريخ طبري، ترجمەى ابوالقاسم پاينده، جلد سوم، چاپ دوم، اساطير، 1365.
- عصام محمد شبارو. الدولة العربيَّة الإسلاميَّة الأولى (٤١-١هـ/٦٦١-٦٢٣م). ويرايش 3. بيروت-لبنان: دارالنهضة العربيَّة (ar)، 1995 م. 267.
- علم در ايرانشهر ساسانى: آيا اعراب مسلمان كتاب‌هاى ايرانيان را سوزاندند؟». بى‌بى‌سى، 27 اوت 2012, نسخهٔ اصلى در 28 اوت 2012.
- غفور مخموري، عبداللة قركةيي، تعريب كردستان، دار اراس للنشر، اربيل، 2006.

# گۆڕانی دەوڵەت و ململانێی کەرکووک

زریان ڕۆژهەڵاتی

## سەرەتا

کەرکووك، چ وەك ناوەندی ویلایەتی شارەزوور، سەنجەقێکی ویلایەتی موسڵ یان پارێزگایەکی عێراق و ناوچەیەکی جێیناکۆکی، خاکێکی گرنگی کوردستانە کە دایم ململانێی لەسەر بووە. بەدووری 250کم لە بەغدا و لە ناوچەیەکی نێوان چیاکانی زاگرۆس، ڕووبارەکانی دیجلە و زێی بچووك، چیای حەمرین و ڕووباری سیرواندا هەڵکەوتووە. ئەمەش وایکردووە تاوەکو لەڕووی هایدرۆپۆلیتیکەوە بایەخێکی گەورەی هەبێت و دەشتەکانیشی بۆ کشتوکاڵ بەپیتوبەرەکەت بێت. لە مێژووشدا شوێنێکی گرنگی بازرگانی و ڕێڕەوی کاروانەکان بووە. بەڵام ئەوەی لەڕووی ئابوورییەوە بایەخی ئەم جوگرافیایەی زیاترکردووە، ڕەهەندی پیترۆپۆلیتیکی ئەم دەڤەرەیە کە مشتومڕیکی زۆری لەسەرە.

پێکهاتەی دیمۆگرافی کەرکووك وایکردووە تاوەکو ئیدیعاکان سەبارەت بە خاوەنداریی ڕاستەقینەی ئەم پارێزگایەش جۆراوجۆربن. کورد بەبەشێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستانی دەزانێت و تورکمانەکانیش بەنیشتمانی

خۆیـان "تورکمەنئیلـی" هەژماریدەکـەن. جگـە لـەوان، عەرەبەکانیـش ئیدیعـای خاوەنداریـی کەرکـووك دەکـەن.

لـەڕووی ژمـارەی دانیشتووانیشـەوە، هەرسـێ پێکهاتـە سـەرەکییەکەی کەرکـووك ژمـارەی جیـاواز دەدەن و ئامـارە رەسـمییەکانی دەوڵەتـی عێراقیـش لـە 1922-1924 بەوجـۆرە بـووە: کـورد 64.9 %، عـەرەب 20.8 % و تورکـمان 4.8 %ی دانیشـتووانی کەرکـووك پێکدەهێـنـن. لـە سـەرژمێرییەکەی سـاڵی 1957یشـدا ئـەم رێژانــە بەوجــۆرە گــۆڕاون: کــورد 48 %، عــەرەب 28 % و تورکــمان 21 % . لــە سـەرژمێرییەکەی سـاڵی 1977 و 1997یشـدا بەشـێوەیەکی سیسـتەماتیك ژمـارەی عـەرەب زیاتـر و ژمـارەی کـورد و تورکمانەکانیـش کەمـتر پێشـاندراون. بەجۆرێـك کـە ژمـارەی عـەرەب سـەرەتا بەڕێـژەی 17 % زیادکـراوە و لـە 1977دا کـراوە بـە 45 % و لـە بەرامبەریشـدا کـورد کراوەتـە 38 % و تورکمانیـش وەك 17 % پیشـاندراوە.

لـە سـاڵی 1997دا ئـەم ژمارانـە زۆر زیاتـر گـۆڕاون و بەگوێـرەی ئامارەکانـی دەوڵەتـی ئەوکاتـەی عێـراق، لـە مـاوەی 20 سـاڵدا، ژمـارەی عەرەبـەکان 27 % زیادیکـردووە و بووەتــە 72 % و کوردیــش بووەتــە 21 % و تورکمانیــش 7 %ی کەرکووکیـان پێکهێنـاوە.Anderson،2009)) سیاسـەتی بەعەرەبکردنـی کەرکـووك و دەرپەڕاندنـی کـورد و تورکـمان و کاریگەرییەکـەی لەسـەر ژمـارەی دانیشـتووانی ئـەو پارێزگایـە، لەلایـەن دەوڵەتـی نوێـی عێراقـەوە، لەچوارچێـوەی مـاددەی 140دا دانیپێدانـراوە، بـەڵام هێشـتا سـەرژمێرییەك نەکـراوە بـۆ ئـەوەی ناکۆکـی لایەنـەکان لەسـەر ژمـارەی دانیشـتووان یەکلاببێتـەوە. هەڵبـەت، ئەگـەر ئەنجامـی هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمـان و ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك وەك پێوەرێـك سـەیربکەین، زۆر بەڕوونـی دەردەکەوێـت کـە کـورد زۆرینـەی دانیشـتووانی کەرکـووك پێکدەهێنـن.

ئـەم ناوچەیـە لەسـەردەمی ساسـانییەکاندا بـە گەرمـەکان یـان گەرمیـان

ناسراوه.(نـصری،1392) ناوەنـدی ویلایەتـی شـارەزووری عوسـمانی بـووه (Sami،1896:3840-3843) و دواتـر لـه 1895دا بووەتـە سـەنجەقێکی ویلایەتـی موسـڵ و لـه 1918دا سـێ قـەزا لـه باكـووری زێـی بچـووك لـه كەركـووك دابڕێـنران و لیـوای هەولێریـان لێدروسـتكراوه(نوری الطالبـاني، 1995، ص 7).

مەرسـوومی كۆمـاری ژمـاره 608لـه رۆژی 6/1/1975، قەزاكانـی چەمچەمـاڵ و كـەلاری لـه كەركـووك جیاكـردەوه و خسـتییه سـەر پارێـزگای سـلێمانی. هەروەهـا قـەزای كفریشـی لـه كەركـووك جیاكـردەوه و لەسـەر دیالـه داینـا. جگـه لـەوه، مەرسـوومی كۆماریـی ژمـاره 41، لـه رۆژی 29/1/1976دا قـەزای خورماتـوو و ناحییەكانـی بێجگـه لـه داقـووق، لـه كەركـووك جیاكـردەوه و لەسـەر پارێـزگای سـەلاحەدین داینـان و نـاوی كەركووكیشـی گـۆڕی بـۆ تەئمیـم . لـه مەرسـوومی كۆماریـی ژمـاره 514ی 1/1/1984یشـدا ناحیـەی زاب لـه قـەزای شـەرگاتی نەینـەوا خرایـه سـەر حەویجـه لـه كەركـووك و دواتریـش لـه 1987دا ناحیەكانـی قەرەهەنجیـر، شـوان و قەرەحەسـەن هەڵوەشـانەوه. لـه سـاڵی 1989دا بەپێـی مەرسـوومی كۆمـاری ژمـاره 434ی 25/9/1989، پـردێ (یـان ئاڵتـوون كۆپـری) لـه كەركـووك دابڕێـنرا و خرایـه سـەر پارێـزگای هەولێـر. (رۆژهەلاتـی،38:2011) بەوجـۆره، گۆڕانكارییەكانـی سـنووری ئیـداری كەركـووك، لەسـەردەمی دەوڵەتـی عێراقیشـدا درێژەیـان كێشـاوه كـه زیاتـر ئامانجـی سیاسـییان لـه پشـتبوو.

بەبـێ كەركـووك، ناتوانرێـت باسـێكی تـەواو لـه جووڵانـەوەی سیاسـی كـورد له عێـراق بكرێـت و دەتوانیـن بێژیـن ئـەم دەڤـەره چەقـی ململانێیەكـی پایـەداری نێـوان كـورد و عێراقـە. هەوڵەكانـی حكومەتـی بەغـدا بـۆ یەكلاییكردنـەوەی ململانێـی كەركـووك لەرێگـەی سـەربازی – ئەمنـی نەگەیشـتنه ئەنجامێكـی یەكلاییكـەرەوه و كوردیـش بەشـەڕی چەكداری نەیانتوانـی كەركـووك وەربگرنەوه. هەرچەنـد دەسـتووری 2005ی عێـراق، میكانیزمێكـی یاسـایی- دەسـتووری بـۆ یەكلاییكردنـەوەی ناكۆكییـەكان لەسـەر سـنووری ئیـداری كەركـووك دانـاوه، بـەڵام جێبەجێنەكـراوه و ئەمـەش وایكـردووه وەك ناكۆكـی و ململانێیەكـی بەهێـزی سـەرزەوینی بمێنێتـەوه.

ئـەم بابەتـە، بەدیاریکـراوی لـە کاریگەریـی گۆڕانـی دەوڵـەت لەسـەر دۆخـی کەرکـووك ورد دەبێتــەوە و مۆدیلـی گۆڕانــکاری و ململانـێ - جەنگـی کوینسـی رایــت بــە دەروازەیەکــی تیــۆری بــاش دەزانێــت، تاوەکــو قەیرانــی کەرکووکــی پــێ روونبکاتــەوە. بەگوێـرەی ئەمــە، گۆڕانکارییــەکان لــە کۆمەڵگــە کــە دەشــێ دەوڵـەت وەك باڵاتریـن رێکخـراوی سیاسـی کۆمەڵگـەش لەخۆبگرێـت، هەروەهـا گۆڕانـی کولتـوور و بەهاکانـی مـرۆڤ، تەکنۆلۆژیـا و زانیـاری بەتایبەتـی لـە بـواری سـەربازی، لەگــەڵ گۆڕانکارییەکانــی یاســا و سیاســەتی نێودەوڵەتــی، دەتوانــن سیســتەمی کۆمەڵگەیــەك تێکبــدەن و بــەوەش رێگــە بــۆ گــرژی و ململانــێ لــە ئاســتی ناوخۆیــی و دەرەکیــدا بکەنــەوە.(Wright،1983:22-23) ئەگــەر لــەم دەروازەیــەوە تەماشــای پرســی کەرکــووك بکەیــن، دەتوانیــن بڵێیــن:

1 - لەهــەر گۆڕانکارییەکـی بنەڕەتیـدا لـە دەوڵـەت، کەرکـووك وەك پرسـێکی گـەورەی خـاك دەرکەوتـووە.

2 - دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق وەك گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی، کێشمەکێشـی سـەرزەوینی لەسـەر کەرکـووك لـە بابەتێکـی نێودەوڵەتییـەوە کـردە بابەتێکـی ناوخۆیـی و رووخانـی دەوڵەتـی عێراقیـش لـە 2003، ئـەم بابەتـەی لـە پرسـێکی ناوخۆییـەوە کـردەوە بـە بابەتێکـی نێودەوڵەتـی.

لێکۆڵینەوەکانـی تایبـەت بـە کێشمەکێشـە سـەرزەوینییەکان تیشـك دەخەنـە سـەر"بەهای ئـەو پارچـە زەوییە"ی کێشـەی لەسـەرە و هەوڵـدەدەن روونیبکەنەوە کـە بۆچـی هەندێکجـار ئــەم کێشـانە بەشــەڕ و هەندێکجاریـش بەبـێ شـەڕ چارەسـەردەکرێن. بەگوێـرەی ئـەم دیدگایـە، ئەگـەر ئـەو پارچـە زەویـەی رکابـەری لەسـەرە، سـامانێکی سرووشـتی گرنگـی تێدابێـت یـان کارکردێکـی ئەمنـی حەیاتـی و بەهایەکـی ناسـنامەیی هەبێـت، ئەوسـا حکومەتـەکان بـۆ یەکلاییکردنـەوەی ئەو پرسـە، کەمـتر خۆیـان لـە قـەرەی چارەسـەرێکی ئاشـتییانە دەدەن. بـەڵام ئەگـەر پارچـە زەوییەکـە ئـەو بەهایانـەی نەبـوو، ئەوسـا حکومەتـەکان لـە چارەسـەرێکی

بێ شەڕ دەگەڕێن. لەو چوارچێوەیەدا، بەهۆی فرەیی ئەکتەرەکان و لەبەر بەهای سامانی، ئەمنی و ناسنامەیی کەرکووك، گرژی و ململانێیەکان لەسەری درێژەیان دەبێت کە رەنگە شەڕ و ئاژاوەیشی تێبکەوێتەوە.

## 1 - گۆڕانی یەکەم: دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق

هەرکاتێك گۆڕانکاری لە دەوڵەت وەك باڵاترین دەزگای سیاسی کۆمەڵگەیەك رووبدات، زەوینەی دەرکەوتنی گرژی و ململانێی جۆراوجۆری ناوخۆیی یان دەرەکی دروستدەبێت. یەکێك لەو گرژی و ململانێیانەی کە بەهۆی رووخان و دابەشبوونی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە دەرکەوت، کێشەی ویلایەتی موسڵ بوو کە کەرکووکیش بەشێکیبووە. ئەم کێشەیە، دوای جێگیربوونی دەوڵەت لە عێراق وەك کێشمەکێشێکی پایەداری سەرزەوینی لەنێوان کورد و دەوڵەتی عێراقدا مایەوە و روویەکی ناوخۆیی بەخۆوە گرت. کێشەی ویلایەتی موسڵ وەك ململانێیەکی سەرزەوینی لەساڵانی سەرەتایی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا رەهەندێکی بەهێزی دەرەکی هەبووە. ئەکتەرە سەرەکییەکانیشی تورکیا، بەریتانیا و عێراق بوون . بەڵام کوردیش ئەکتەریکی کلیلی بووە کە لایەنەکان بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشمەکێشەکەیان پەنایان بۆ دەبرد.

**عێراق وەك دەوڵەتێکی تازە، پێویستی بە ویلایەتی موسڵ بووە چونکە:**

1 - ناوچە شاخاوییەکانی سنووری ویلایەتی موسڵ، قەڵغانێکی سرووشتیی بەهێزبوو تاوەکو دەوڵەت لە بەغدا لە ئاسایشدابێت.

2 - بایەخی جیۆئیکۆنۆمی ئەم ویلایەتە لە زۆری نەوت و ئاو، هەبوونی دەشتی بە پیتوبەرەکەت بۆ کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی دەخڵودان و رێگەی بارزگانیدا بوو کە بەغدا دەیویست پشتی پێببەستێت.

3 - دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ دەیانتوانی یارمەتیدەربن بۆ دروستکردنی

هاوسـەنگییەك لەنێـوان ژمـارەی شـیعە و سـوننە تاوەکـو مەلیـك فەیسـەڵ بتوانـێ پێگـەی دەسـەڵاتی خـۆی قایـم بـکات.

لـەدوای جێگیربوونـی دەسـەڵاتی دەوڵەتـی عێـراق و دەسـتبەرداربوونی تورکیـا لـە ویلایەتـی موسـڵ، کێشمەکێشـی سـەرزەوینی لەسـەر ئـەم ناوچەیـە زیاتـر لەنێـوان کـورد و حکومەتـی بەغـدا درێـژەی کێشـا کـە دواتـر لـە قۆناخـی رووخانـی دەوڵەتـدا لـە 2003، رێگـەی بـۆ بەفیدراڵیکردنـی عێـراق خۆشـکردووە. ئـەم باسـە، لێـرەدا زیاتـر تیشـکدەخاتە سـەر ململانێـی تورکیـا لەگـەڵ عێـراق - بەریتانیـا سـەبارەت بـە ویلایەتـی موسـڵ کـە ئـەم فاکتەرانـە کاریگەرییـان لەسـەر دانـاوە:

1 - فاکتەری دیمۆگرافی و دانیشتووان

2 - نەوت و سامانی سرووشتی

3 - هێزی سەربازی

4 - یاسا و سیاسەتی نێودەوڵەتی

شکسـتخواردنی عوسـمانی وایکردبـوو تاوەکـو تورکیـا نەتوانـێ بەزەبـری هێـز ئامانجەکانـی خـۆی بسـەپێنێت، بۆیـە لـە دانوسـتاندنەکانیدا سـەبارەت بـە چارەنووسـی ویلایەتـی موسـڵ هەوڵـی سـەلماندنی مەشرووعییەتـی دەسـەڵاتی خـۆی دەدا. بەریتانیـاش وەك ئەندازیـاری دەوڵەتـی عێـراق، دەیویسـت بەرگێکـی رەوا بـۆ لکاندنـی ویلایەتـی موسـڵ بـە عێراقـەوە بدوورێـت. بۆئەمـەش، هـەردوولا مەسـەلەی ژمـارەی دانیشـتووان و کوردیـان وەك کارتێـك بـۆ سـەلماندنی بۆچوونەکانـی خۆیـان بەکارهێنـاوە.

پێچەوانـەی بەشـێك لـە بەرپرسـانی ئـەم سـەردەمەی تورکیـا، مسـتەفا کەمـال ئاتاتـورك، دامەزرێنـەری کۆمـار لـە "نوتقـەکان"ی خۆیـدا کەرکووکـی لەریـزی ئـەو شـارانەی نـاو سـنووری "میسـاقی میللـی" ناوبـردووە کـە کـورد و تـورك تێیانـدا دەژیـن و بەهیـچ شـێوەیەك وەك شـارێکی تورکمانـی نەیناسـاندووە. "ئـەو رۆژەی

ئاگربەســت ئیمزاکــرا، ســوپاکانی ئێمــە لــەو ســنوورانەدا باڵادەســتبوون. ئــەم سـنووره، باشـووری خەلیجـی ئەسـەکەندەروون، ئەنتاکیـا، حەلـەب دەگرێتـەوە و لەرێگـەی وێسـتگەی تێکـەڵاوەوە، لـە باشـووری پـردی جەرابلوسـەوە لەگـەڵ رووبـاری فراتـدا یەکدەگرێـت. ئـەم سنووره لەوێـوە بـۆ دێـرەزوور شـۆڕدەبێتەوە وبیابانـی رۆژهـەڵات و موسـڵ و کەرکـووك و سـلێمانی لەخۆدەگرێـت. سـوپاکەمان ئـەم ناوچانـەی بـە چـەك پاراسـتووە کـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی تـورك و کـوردە و بەشـێکە لـە نیشـتمانی ئێمـە."(K.Atatürk،1981;1186)

تورکیـا لەوقۆناخـەدا تێـزی یەکبوونـی نەژادیـی کـورد و تورکـی پێشدەخسـت و ئەمەشـی بـۆ ئەوەبـوو تاوەکـو بیسـەلمێنێت زۆرینـەی دانیشـتووانی ویلایەتـی موسـڵ لــە نــەژادی تورکــن. چونکــە ئینگلیــزەکان جەختیــان لەوەدەکــردەوە کـە زۆرینـەی دانیشـتووانی ویلایەتـی موسـڵ بەگشـتی و سـەنجەقی کەرکـووك بەتایبەتــی کــوردن و تورکــەکان کەمینــەن و لەگــەڵ تورکــە عوسمانییەکانیشــدا یـەك نیـن. شـاندی ئینگلیـز لـە کۆنفرانسـی لـۆزان، لەبـارەی ژمـارەی دانیشـتووانی سـەنجەقی کەرکـووك ئامارێکیـداوە کـە بەگوێـرەی ئـەوە، کـورد 45000، تـورك 35000، عــەرەب10000، مەســیحی 600 و یەهــوودی 1400کەســی دانیشــتووان پێکدەهێنــن.(SehaMeray،1993;345) هەروەهــا ژمــارەی کوردیــان لەهەمــوو ویلایەتـی موسـڵ بـە 445000کـەس دەزانـی. شـاندی تورکیـاش سـەرەڕای ئـەوەی کـە ژمـارەی کـوردی بـە 263830کـەس دەزانـی، ئـەوەی قبوڵکردبـوو کـە زۆرینـەی دانیشــتووانی ئــەم ویلایەتــە کــوردن.(Öke،1995; 262) ژمــارەی دانیشــتووانی ویلایەتــی موســڵ بەپێــی ئامــارە جیاوازەکانــی کۆنفرانســی لــۆزان- 1923 لــە خشــتەی ژمــارە 1دا خراوەتــەڕوو.(Bruinessen،2005)

**خشتەی ژمارە (1)**

ئامارەکانی تورکیا پێشبینی سەربازی بەریتانیا سەرژمێری 1924-1922،
حکومەتی عێراق

| | ئامارەکانی تورکیا | پێشبینی سەربازی بەریتانیا | سەرژمێری 1924-1922، حکومەتی عێراق |
|---|---|---|---|
| کورد | % 39،2-263830 | % 54،5 - 427،720 | % 64،9 - 520007 |
| عەرەب | % 6،4 - 43210 | % 23،7 - 185763 | % 20،8 – 166،941 |
| تورکمان | % 21،8 - 146960 | % 8،4 - 65،895 | % 4،8 - 38،652 |
| کریستیان و جوو | % 4،6 - 31000 | کریستیان:<br>% 7،9 - 62225<br>جوو:<br>% 2،1 - 16865 | کریستیان:<br>% 7،7 - 61336<br>جوو:<br>1،5% – 11897 |
| ئێزدی | % 2،7 - 18000 | % 3،8 - 30000 | % 3،3 – 26257 |
| دانیشتووی نیشتەجێ | % 74،7 - 503000 | - | - |
| کۆچەر | % 25،3 - 170000 | - | - |
| کۆی گشتی | 673000 | 785468 | 801000 |

عیسـەت ئینۆنـۆ سـەرۆکی شـاندی تورکیـا لـە وەڵامـی شـاندی ئینگلیـزدا لـە لـۆزان، بەوجـۆرە تێـزی هاونەژادیـی کـورد و تورکـی پێشخسـتبوو:" زۆربـەی دانیشـتووانی ویلایەتـی موسـڵ لـە تـورك و کـورد پێکهاتـوون. خاڵـی دووەم ئەوەیە کـە تەنانـەت بەپێـی سـەرچاوە ئینگلیزییەکانیـش، ڕەچەڵەکـی کـورد تۆرانییـە و لـە نـەژادی تورکـن. خاڵـی سـێیەمیش ئەوەیـە کـە چارەنووسـی کـورد بـە تورکـەوە بەسـتراوەتەوە". (Öke،1995;192-193) هەروەهـا لـە بیرەوەرییەکانـی خۆیشـیدا بـاس لـەوە دەکات کـە وەك "یـەك میللـەت بەرگریـمان لـە کـورد و تـورك کـرد." (Selek،2006;220)لەبەرامبـەر ئەمەشـدا لـۆرد کـروزن سـەرۆکی شـاندی بەریتانیـا هاونەژادبوونـی کـورد و تورکـی ڕەتکردووەتـەوە و لەبـارەی ویلایەتـی موسـڵەوە گوتوویەتـی:" زۆرینـەی دانیشـتووانی ئـەم ویلایەتـە کـورد و عەرەبـن. کوردیـش هیـچ پەیوەندییەکیـان لەگـەڵ تورکەکانـدا نییـە. ئـەوان بـە ڕەچەڵـەك ئێرانیـن. مەسـیحییەکانی ئـەم ناوچەیـە ئیـدارەی تورکیـان نـاوێ و کوردەکانیـش دەیانـەوێ ئـازادی ئیدارەکردنـی خۆیـان بەدەسـبێنن.(C.Kemal،2007;643-691)

خاڵـی هاوبەشـی ئامـار و بۆچوونەکانـی هـەردوو شـاندی تورکیـا و بەریتانیـا لە کۆنفرانسـی لـۆزان ئەوەبـووە کـە سـەرەڕای جیـاوازی ژمـارەکان و جیاکردنـەوەی بەشـێك لـە کـوردەکان لـە ژمـارەی کـورد، وەك ئێزدییـەکان، کـورد زۆرینـەی دانیشـتووانی ویلایەتـی موسـڵ بەگشـتی و سـەنجەقی کەرکـووك بەتایبەتـی پێکدەهێنـن. دواتریـش حکومەتـی عێـراق لـە سـەرژمێرییەکی سـاڵی 1957دا کـوردی وەك زۆرینـەی دانیشـتووانی کەرکـووك ڕاگەیانـد، بـەڵام ئـەم ڕێژەیـە وەك لـە خشـتەی2دا دەردەکەوێـت لـە سـەرژمێرییەکانی دواتـردا گۆڕانـی بەسـەرداهاتووە.(Anderson،2009:43)

**خشتەی ژمارە (2)**

| | سەرژمێری 1957 | | سەرژمێری 1977 | | سەرژمێری 1997 | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کورد | 187593 | %48 | 184875 | %38 | 155861 | %21 |
| عەرەب | 109620 | %28 | 218755 | %45 | 544596 | %72 |
| تورکمان | 83371 | %21 | 80437 | %17 | 50099 | %7 |
| گشتی | 388829 | - | 483977 | - | 752745 | - |

دۆخی کەرکووک لەم ململانێ سەرزەوینییەی نێوان تورکیا و بەریتانیا - عێراق تایبەتمەندیی خۆی هەبووە. چونکە هەم بەها ناسنامەییەکەی زۆربوو، هەم دەوڵەمەندی نەوتیش بوو. زۆربەی دانیشتووانی کەرکووک نەیاندەویست بکەونە ژێر دەسەڵاتی مەلیك فەیسەڵ، بۆیە بەریتانییەکان سەرەتا خۆیان ئیدارەیان دەکرد تاوەکو ئەوکاتەی کۆمەڵەی گەلان لە 1924دا بڕیاریدا بخرێتە سەر عێراق.

بەگوێرەی راپرسییەك لە 6/5/1921دا کە ویڵسن ئەنجامیداوە، زۆرینەی دانیشتووانی کەرکووك و سلێمانی کەوتنە ژێردەسەڵاتی پادشای عێراق رەتدەکەنەوە. لەم راپرسییەدا، پێویستبوو ئەوەی بەشداریدەکات، ماڵەکەی بایی هەزار ریاڵ بێ و پرسیارەکەش بەجۆریك دارێژرابوو کە ئایا دەتانەوێ لە سایەی حوکمی دەوڵەتی عێراقدا بژین یان نا. بەپێی ئەنجامەکە، لە شاری کەرکووك 46کەس رازی و 2786کەس ناڕازیبوون. لە شارۆچکەکانیش

197کـەس رازی و 720کەسـی دیکـە ناڕازیبـوون و لـە سـلێمانیش لەکـۆی 192 بەشـداربوو، تەنیـا 32 کـەس بـە حوکمـی عێـراق قایلبـوون. لـە راپۆرتـی کۆتایـی ئەنجامەکانـی راپرسییەکەشـدا ئـەوە نـووسراوە کـە ناوچـە کوردنشـینەکان داوای دەوڵەتـی خۆیـان دەکـەن. (کۆچیـرا،2011: 100،77-76)

فاکتــەری ناسـنامە نەیتوانـی پرسـی ویلایەتـی موسـڵ لەنێـوان بەریتانیـا - عێـراق و تورکیـا بـە تـەواوی یەکلاییکاتـەوە. باڵادەسـتی سیاسـی – سـەربازی بەریتانییـەکان و لاوازی و کیشـەی ناوخۆیـی و دەرەکـی تورکیـا وایانکـرد تاوەکـو ئـەو کێشـەیە بەبـێ شـەڕ لـە رێککەوتننامـەی1926دا چارەسـەربێت. ئەنقـەرە وازی لـە ئیدیعـای خاوەندارێتـی ویلایەتـی موسـڵ هێنـا و بـۆ مـاوەی 25 سـاڵ پشـکی 10 %ی نەوتـی کەرکووکـی بـۆ دیاریکـرا و بەوجـۆرەش کێشمەکێشـی سـەرزەوینی لەسـەر ویلایەتـی موسـڵ لەنێـوان عێـراق و تورکیـا کۆتاییهـات.

## 2 - گۆڕانی دووەم: رووخانی دەوڵەت لە 2003

دەوڵەتسـازی لـە عێـراق بنەمـای دەرەکـی هەبـووە و دەتوانیـن بەسـەر دوو پرۆسـەی بەریتانیایـی(2003-1921) و ئەمریکاییـدا (2003 بەدواوە) دابەشـیبکەین. سـەرەڕای هەبوونـی جیـاوازی، هـەردوو پرۆسـەکەش لـە کۆتاییـدا سـەریاننەگرتووە و سـەرئەنجام دەوڵەتـی عێـراق گرفتـی ریشـەیی گـەورەی هەبـووە کـە یەکیـان مەسـەلەی خاکـە.

دەوڵەتســازیی بەریتانیایــی لــە عێــراق 82 ســاڵی خایانــدووە و جەنــگ و نائارامــی بەشــێکی زۆری ئــەو ماوەیــەی گرتووەتــەوە . رووداوەکانــی جەنــگ لەگـەڵ کـورد، سـەرکوتکردنی شـیعەکان، کودەتای دژی پاشـایەتی لـە 1958 و دوای ئەویـش 4 کودەتـا و شـێوەکودەتای دیکـە لـەم وڵاتـە، جەنگـی دووبـارە لـەدژی کـورد، جەنـگ لـە گـەڵ ئێـران، ئەنفـال و کیمیابارانـی کـورد و جەنگـی کوەیـت و سـەرکوتکردنی شـیعەکان، ئەنـدازەی ناسـەقامگیری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی ئـەو

دەوڵەتـە دەردەخـەن کـە بەرهەمـی نەخشـەی بەریتانیـا بـووە.

"دەوڵەتـی مۆدێـرن لەسـەر دوو بنەمای سـەرەکی دامـەزراوە. یەکیـان هەبوونی هێـز و حکومەتێکـی ناوەنـدی و ئەویدیکەشـیان ئایدۆلۆژیایـەك کـە بتوانـێ وەك کۆڵەکەیـەك سـەقامگیری بـۆ دەوڵـەت دابینبکات."(تـام باتامـور،1380، ل123) جـا ئەگـەر بەوپێیـە تەماشـای عێـراق بکەیـن، دەبینیـن کـە ئـەو دەوڵەتـە نەیتوانیـوە هەمـوو هێـز لـە بندەسـتی خۆیـدا کۆبکاتـەوە و بـەردەوام شـۆڕش و راپەڕیـن لـەدژی لـە ئارادابـووە. جگـە لـەوە، نەیشـیتیوانیوە نەتەوەیـەك بنیاتبنـێ تاوەکـو پێـی سـەقامگیربێت. دەوڵەتسـازی لـە عێـراق هاوشـێوەی هەمـوو دەوڵەتـە پۆسـت - کۆلۆنیالەکانـی دیکـەی جیهـان، سـەرچاوەیەکی دەرەکـی هەبـووە و ناکامیەکەشـی لەمانەدایـە:

**یەکـەم:** دەوڵـەت و پێکهاتـەی کۆمەڵگەکـە و سـنووره نەتەوەییەکـەی یەکانگیر نین .

**دووەم:** پاوانکردنـی دامـەزراوە گشـتییەکانی دەوڵـەت وەك حکومـەت و سـوپا، بەجۆرێـك کـە هەندێکجـار شەخسـەکان و هەندێکجـار گرووپێکـی ئەتنـی - مەزهەبـی بەسـەریدا زاڵدەبـن.

کاریگـەری ئـەم دوو ناکامییـەش لەسـەر دۆخـی کەرکـووك بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ لـە ئارادایـە کـە بەشـێوەیەکی وردتـر دەخرێتـە بەربـاس.

### 1-2 - ناتەبایی دەوڵەت و کۆمەڵگە

هـەر دەوڵەتێـك پێویسـتی بـە نەتـەوە و ناسـنامەیەکی هاوبـەش یـان ئایدۆلۆژیایـەك هەیـە تاوەکـو بەهۆیـەوە سـەقامگیر بێـت، بـەڵام پرۆسـەی دەوڵەتسـازی لـە عێـراق، نەتەوەسـازی و ناسـیۆنالیزمێکی گشـتگیری لەگـەڵ نەبـووە و لەبەرئـەوەش بـە نوقسـانی ماوەتەوە.ناسـنامەی ناڕێـك و نایەکسـانی

کۆمەڵگـەی عێراقــی کـە بــەزۆر بەیەکــەوە لکێنرابــوون، هەرگیــز ڕێگــەی بــە دروســتبوونی ناسـنامەیەکی هاوبەشــی بەهێزنـەداوە کـە دەوڵـەت بتوانـێ خـۆی پێـوە بگرێت.هەرچەنـدە جـار- جـارە لەجیاتـی ناسـنامەی عەرەبـی و مەزهەبـی، جەخـت لـە ناسـنامەی عێراقیبـوون کراوەتـەوە / دەکرێتـەوە، بـەڵام ئەمـە ئەوەندە بەهێزنەبـووە کـە پێکهاتـە جیـاوازەکان یەکبخـات. بۆیـە سیاسـەت لـەم وڵاتـەدا، سـەرچاوەیەکی ئەتنـی یـان مەزهەبـی هەبـووە/ هەیـە. بەهـۆی ئـەم گرفتـە بنیاتییانـەوە، ناسـەقامگیری سیاسـی، گرفتێکـی بـەردەوام و ریشـەداری دەوڵەتـی عێـراق بــووە و ئەمــەش لــە شــوێنیکی فرەپێکهاتــەی وەك کەرکووکــدا زیاتــر ڕەنگیداوەتــەوە.

لـە کەرکـووك درزی نەتەوەیـی لەنێـوان کـورد، تورکـمان و عەرەبدا لە ئاسـتێکی بەرزدایـە و ئەمـەش ئاراسـتە بـە ڕووداوەکانـی ئـەوێ دەدات. بڕیـارە سیاسـییەکان لــەو پارێزگایــە بەپێــی درزی نەتەوەییــە و بەگوێــرەی ئــەوەش هەڵوێســتەکان وەردەگیرێـن. کـورد بەهـۆکاری ناسـنامەیی- ئەمنـی و سـامانی نەوتـەوە خوازیـارن کەرکـووك بخرێتەوەسـەر هەرێمـی کوردسـتان و داوای جێبەجێکردنـی مـاددەی 140 دەکـەن. ئەگـەر ئـەو ماددەیـەش بەتـەواوی جێبەجێبکـرێ و گشتپرسـی تێـدا بکرێـت، ئـەوا بەگوێـرەی ئەنجامەکانـی هەڵبژاردنەکانـی رابـردوو، ئەنجامـی بەڵـێ بـۆ گەڕانـەوەی کەرکـووك بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان بەچاوێکـی حەتمـی سـەیر دەکرێـت . بـەڵام پێکهاتەکانـی تورکـمان وعـەرەب زیاتـر مەیلیـان بـۆ ئەوەیـە کـە لەگـەڵ بەغـدا بمێننـەوە.

بەشـێك لـە تورکمانـەکان پێیانوایـە ئەگـەر کەرکـووك بخرێتـەوە سـەر هەرێمـی کوردســتان ، ئــەوا هــەم گرفتــی ناســنامەییان بــۆ دروســتدەبێت، هــەم ئــەو جوگرافیایـەی کـە بـە تورکمەنئیلـی نـاوی دەبـەن لێکدادەبڕێـت و تورکمانـەکان دابەشــدەبن. جگەلــەوە، نیگەرانییــان لــە کاریگــەری گریمانەیــی ئــەم ڕووداوە لەســەر پرســی کــورد لــە تورکیــاش هەیــە. عەرەبەکانــی کەرکووکیــش، ڕوانگــەی ناســنامەیی و ئیدیعــای خاوەندارێتییــان بــۆ کەرکــووك هەیــە و بەشــێوەیەکی

گشـتی، عەرەبـی سـوننە لـە روانگەیەکـی ئابووریشـەوە، گەڕانـەوەی کەرکووکـی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان لـەلا پەسـند نییـە. لـە روانگـەی ئەوانـەوە ئەگـەر ئـەوە رووبـدات، ئـەوا ناوچەکانیـان لەنێـوان دوو ناوچـەی دەوڵەمەنـد بـە نەوتـی باشـوور و باکـووردا بـەلاوازی دەمێنێتـەوە. شـیعەکانی عێراقیـش ئێسـتا بوونەتـە ئاڵاهەڵگـری یەکپارچەیـی عێـراق و مانـەوەی کەرکـووك لەژێـر دەسـەڵاتی بەغـدا بەئامرازێکـی پڕبایەخـی ئەمنـی و ئابـووری دەزانـن کـە بتوانـن پێگـەی دەسـەڵاتی خۆیانـی پـێ قایـم بکـەن.

وەك ئاشـکرایە، درزی نەتەوەیـی لەنێـوان پێکهاتەکانـی کەرکووکـدا، کاریگـەری لەسـەر بیرکردنـەوە و چۆنییەتـی تەعریفکردنـی بەرژەوەندییەکانیشـیان دانـاوە. هـەر ئەمـەش وایکـردووە تاوەکـو ئەکتـەرە دەرەکییەکانیـش راکێشـی دۆسـییەی کەرکـووك بکرێـن.

## 2-2- پاوانکردنی دەوڵەت

دامـەزراوەی دەوڵـەت لـە عێـراق زوو - زوو پاواندەکرێـت و سیسـتەمێکی دیموکراتـی راسـتەقینە پیادەنەکـراوە تاوەکـو گـرووپ و پێکهاتەکانـی ئـەم وڵاتـە خۆیانـی تێـدا ببیننـەوە. ئـەم سیسـتەمە بەزۆری لەسـەر بنەمـای پاڵپشـتی دەرەکی و وەك سیسـتەمێك لـە پاوانـی کـەس یـان گرووپێکـی دیاریکـراودا ماوەتـەوە. ئێسـتاش بەشـێك لـە سـوننەکان و کوردیـش، شـیعەکان بـە پاوانکردنـی دەسـەڵات لـە بەغـدا و قۆرغکردنـی ئامرازەکانـی هێـز تۆمەتباردەکـەن. شـیعەکان، پێچەوانەی ماوەیەکـی درێـژی مێـژووی عێـراق، ئێسـتا جڵـەوداری دەسـەڵات و سیسـتەمی سیاسـی ئـەم وڵاتـەن. جەنگـی 2003 وایکـرد تاوەکـو ببنـە کاریگەرتریـن هێـزی سیاسـی و جەنگـی داعشـیش پێگەکەیانـی بەهێزتـر و قایمـتر کـردووە.

حەشـدی شـەعبی وەك هێـزی چەکداریـی شـیعەیە، بەهـۆی جەنگی داعشـەوە

جۆرە رەوایيەكی نێودەوڵەتی وەرگرتووە و لەنێو عێراقیشدا رەسمی و یاسایی بووەتەوە. بەهۆی قەیرانی سیاسی ناوخۆیی نێوان كورد - شیعە و شیعە - سوننەشەوە، كاریگەری شیعەكان لە حكومەتی ناوەندی لە جاران زیاتر بووە. كاریگەری حیزب و لایەنە سیاسییەكانی شیعە لە حكومەت، بوونی حەشدی شەعبی و كاریگەری رۆحانییە شیعەكان لە گۆڕانكارییە سیاسییەكانی وڵاتدا، وایانكردووە تاوەكو لایەنە ناڕازییەكان ئەگەری بەدیهاتنی تیزی "دووەم دەوڵەتی شیعەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست" بدەنە پێش.

بەشێوەیەكی گشتی دۆخی پاوانكاری لە دەوڵەت، وادەكات كە رێگەچارەی سەربازی بۆ یەكلاییكردنەوەی گرژی و ململانێیەكان بەردەوام لەسەر مێز بێت. لەدوای 2003 و گوڕانی فۆرمی دەوڵەت لە عێراق، هیوایەك دروستبوو تاوەكو كێشەی كەركووك لە رێگەی یاسا - دەستوور و رێكارە ناسەربازییەكانەوە یەكلاییبكرێتەوە. بەڵام زۆری پێنەچوو كە ئەمە تێكشكا و نەك هەر چارەسەرنەكرا، بەڵكو توخمەكانی ململانێی سیاسی - سەربازی لەسەر كەركووك جارێكی دیكە خۆرتبوونەوە. میكانیزمەكانی مادەی 58ی دەستووری كاتی و مادەی 140ی دەستووری هەمیشەیی و لیژنەكەی و هەروەها نەتەوەیەكگرتووەكانیش، بەهۆكاری سیاسی نەیانتوانی ئەو كێشەیە یەكلاییبكەنەوە.

لەدوای كشانەوەی سوپای ئەمریكا، لەساڵی 2012دا، خەریكبوو ململانێی سیاسی - یاسایی هەرێمی كوردستان و بەغدا لەسەر ئەم ناوچەیە بۆ ململانێیەكی سەربازی وەربگۆڕێت، بەڵام دۆخی ناوخۆیی و گۆڕانكارییەكانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بۆی لەبارنەبوو. هاتنی داعش لە 2014، ئەم كێشەیەی نێوان هەولێر و بەغدای لە ململانێوە كردەوە بە گرژی و هێوریكردەوە، بەڵام هەركە داعش بەرەو كۆتایی رۆیشت، جارێكی دیكە پلەی ناكۆكییەكان گەیشتەوە ململانێ و ئەمەش رووداوی 16ی ئۆكتۆبەر و گەڕانەوەی سەربازییانەی حكومەتی ناوەندی عێراقی بۆ كەركووك لێكەوتەوە.

ئەمـە چارەنووسـی مـادەی 140 و یەکلاکردنـەوەی ئاشـتییانەی کێشـەی کەرکـووك و ناوچـە جێناکۆکییەکانـی لێڵـتر کـردووە.

خاڵێکـی دیکـە ئەوەیـە کـە عێـراق سـوپایەکی یەکانگیـری نیشـتمانی نییـە و پرۆسـەی میلیشیاسـازی لـەم وڵاتـە بەردەوامـە، بۆیـە باڵانسـی هێـزی نێـوان ئـەم گروپـە چەکدارییـە جیاوازانـە دەتوانـێ ئاراسـتە بـە گـرژی و ململانێیـەکان لەسـەر پرسـێکی وەکـو کەرکـووك بـدات.

## 3-2 - دەستوەردانی دەرەکی

لـە 2003 بـەدواوە پرۆسـەیەکی نوێـی دەوڵەتسـازی لـە عێـراق بەڕێوەچـووە کـە ئەمریـکا ئەندازیـارە سـەرەکییەکەی بـووە. دەوڵـەت لـە عێراقـی نوێـدا بـە رواڵـەت نەرمـتر لـە مۆدێلـی پادشـایی- کۆمارییەکـەی دەوڵەتسـازیی پێشـووتر بـووە. بـەڵام لەمەشـدا نوقسـانی گـەورەی دەوڵەتسـازی بـۆ عێـراق هەمـان نەتەوەسـازیی بـووە. دینامیزمـە ناوخۆییەکانـی ئـەو وڵاتەی بـە زەبرزەنـگ پێکەوە لکێـنراون، بەربـووون و ئەمـەش رێگـەی بـۆ شـەپۆلێکی توونداوتیـژی و نائارامـی و ناسـەقامگیری سیاسـی کـردەوە کـە ئەنجامەکـەی دەسـتوەردانی دەرەکـی بـووە.

لەبـارەی ئەکتـەرە دەرەکییـە کاریگـەرەکان لـە دۆسـییەی کەرکووکـدا دەتوانیـن باسـی رۆڵـی تورکیـا، ئەمریـکا، ئێـران و نەتەوەیەکگرتـووەکان بکەیـن. تورکیـا پێیوایـە کەرکـووك دەتوانـێ کاریگەریـی گـەورە لەسـەر رووداوەکانـی ناوچەکـە دابنێـت. بۆیـە بـە سیاسـەتی رەسـمی و راگەیێنـدراوی خـۆی وەك هێڵێکـی سـوور لـە قەڵەمیـداوە. بەشـێوەیەکی گشـتی هـەم لەبـەر تورکمانـەکان، هـەم لەبـەر ئیدیعـای مێژوویـی خـۆی لەسـەر ئـەم ناوچەیـە و هـەم لەبـەر کاریگەرییـە گریمانەییەکانـی لەسـەر دۆسـیەی کـورد لـە عێـراق و تورکیـا، ئەنقـەرە پێـی بـاش نییـە کەرکـووك بگەڕێتـەوە سـەر خاکـی هەرێمـی کوردسـتان. ئێرانیش هاوشـێوەی

تورکیـا بەهـۆی نیگەرانییەکانـی لـە ئەگـەری بەهێزبوونـی هەرێمـی کوردسـتان و کاریگەرییەکانـی لەسـەر دۆسـییەی کـورد لـە ناوچەکـە، نایـەوێ ئەمـە رووبـدات.

ئەمریـکا وەك هێزێکـی کاریگـەر لـە عێـراق، هەڵوێسـتی دژیەکـی سـەبارەت بەکەرکـووك هەیـە. بەشـێوەیەکی فەرمـی جەخـت لـە پێویسـتی جیبەجێکردنـی مـاددەی 140ی دەسـتوور دەکاتـەوە، بـەڵام ئەوکاتـەی کـە جڵـەوی دەسـەڵاتی عێراقــی لــە 2011-2003 لەدەســتدابوو، بەکــردەوە هەنگاوێکــی گــەورەی بــۆ جێبەجێبوونــی ئــەو مادەیــە نەنــاوە. دوای گەڕانــەوەی ســوپای عێراقیــش لــە 16ی ئۆکتۆبـەری 2017، واشـنتن جەختـی لـە پێویسـتی جیبەجێکردنـی دەسـتوور کردووەتـەوە. بـەڵام ئـەم سـەردەمەی ئێسـتا هاوشـێوەی سـاڵانی بـەر لـە 2011 نییـە کـە ئەمریـکا کاریگەرتریـن هێـزی دەرەکـی لـە عێـراق بـوو.

رێکخــراوی نەتەوەیەکگرتــووەکان لــەم کێشــە جوگرافییــەی عێراقــدا زیاتــر بەپێـی هاوسـەنگییە سیاسـییەکان دەجووڵێتـەوە. سـتیڤان دیمیسـتۆرا نێـردەی پێشـووی نەتەوەیەکگرتـووەکان بـۆ کاروبـاری عێـراق لـە سـاڵی 2007دا هەوڵێکـی زۆریـدا بـۆ ئـەوەی کـورد بـە پاشخسـتنی جێبەجێکردنـی مـاددەی 140 رازیبـکات و لــە پەرلەمانــی کوردســتان رایگەیانــد کــە ئەگــەر کــورد بەمــە رازیبــێ ئــەوا نەتەوەیەکگرتــووەکان هەوڵــدەدات لــە مــاوەی شــەش مانگــدا ئــەو مادەیــە جیبەجێبکرێـت. بـەڵام کاتێکـی زۆر زیاتریـش تیپـەڕی و نەتەوەیەکگرتووەکانیـش خـۆی لـەو بابەتـە کەڕکـرد.

## ئەنجام

عێـراق بـەرەوە سـەد سـاڵیی خـۆی دەڕوات و هێشـتا یەکێـك لـە پایەکانـی دەوڵەتەکـەی دەلەرزێـت کـە ئەویـش سـەرزەمینە. لـە سـەرەتاکانی دامەزراندنـی دەوڵەتـەوە، پرسـی ویلایەتـی موسـڵ لەگـەڵ تورکیـا و، سـەرئەنجام گرفتـی خـاك و سـنوور لەگـەڵ ئێـران و کوەیـت و لـە ئاسـتی ناوخۆیشـیدا کێشـەی بەردەوامـی خـاك و ناسـنامە لەگـەڵ کـورد، لەریـزی ئـەو هـۆکارە گرنگانـەدان کـە کۆڵەکـەی "خـاك"ی دەوڵەتـی عێراقیـان لەرانـدووە.

دامەزرانـدن و رووخانـی دەوڵەتـی عێـراق لـە دوو قۆناخـی مێژوویـی جیـاوازدا، گۆڕانکاریـی بنەڕەتیبـوون لـە کۆمەڵگـە و لـە ئەنجامـی ئەوانەشـدا کێشمەکێشـی سـەرزەوینی ناوخۆیـی - دەرەکـی لەسـەر کەرکـووك دەرکەوتـووە. دەشـێ بێژیـن، لـە وەختـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق بـەدواوە، بەهـۆی مانـەوەی لـە سـنووری ویلایەتـی موسـڵ و دواتریـش لەبـەر کێشمەکێشـی بەردەوامـی کـورد و حکومەتەکانـی بەغـدا، کەرکـووك سـەرتۆپی کێشـە خاکـی و جوگرافییەکانـی عێـراق بـووە.

رووخانـی دەوڵەتـی عێـراق لـە سـاڵی 2003، گۆڕانکارییەکی گرنگبوو کە پرسـی کەرکووکـی زەقتـر کردەوە کە تائێسـتاش بەبێ چارەسـەری ماوەتـەوە. ململانێیەکان لەسـەر ئـەم ناوچەیـە، لەلایـەك پرسـی خاکـی وەك گرفتێکـی پێکهاتەیـی و بنیاتیـی بـۆ دەوڵەتـی عێـراق دروسـتکردووە و لەلایەکـی دیکەش ، پرسـی خاك و ناسـنامەی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان بـە زیندوویـی هێشـتووەتەوە. بێجگـە لـەوە، خۆرتبوونـی ئەکتـەرە محەلییەکانـی کێشـەی کەرکـووك، لەگـەڵ نیگەرانییـە ئەمنـی- سیاسـی و ناسـنامەییەکانی دەوڵەتانـی دراوسـێ و بەرژەوەندییـە دژیەکـە جیۆسیاسـی - جیۆئیکۆنۆمییـەکان وایانکـردووە، تاوەکـو قەیرانـی کەرکـووك، لـە کێشمەکێشـێکی

ناوخۆییـەوە ببێتـەوە بـە پرسـێکی ناوچەیـی و لەبـەر ئـەوەش ئاڵۆزتـر بێـت.
هــەردوو ڕێــکاری جەنــگ و چارەســەری ئاشــتییانەش، تائێســتا نەیانتوانیــوە چارەنووســی کەرکــووك بەلایەکــدا بخــەن. دەرچــوون لــە ڕێــکارە یاســایی و دەســتوورییەکان و مامەڵەکــردن بەگوێــرەی لۆژیکــی هێــز و پشتبەســتن بــە هاوســەنگی سیاســەتی نێودەوڵەتــی و دەســتوەردانی دەرەکــی، پرســی کەرکووکــی ئاڵۆزتــر کــردووە. لــە کێشمەکێشــە سەرزەمینییەکانیشــدا، بایەخــی ئــەو" پارچــە زەوی"یــەی جێیناکۆکییــە، چۆنیەتــی چارەســەرکردنەکەی دیاریــدەکات. ئەگــەر لێــرەوە بنواڕیــن، دەتوانیــن بێژیــن، لەبــەر زۆربوونــی ئەکتەرەکانــی پرســی کەرکــووك و بایەخــە سـامانی، ئەمنــی و ناســنامەییەکەی، گــرژی و ململانێیــەکان لەســەر ئــەم ســەرزەمینە بــەرەو قۆناخێکــی درێژتریــش ملدەنێــت.

# سەرچاوەکان

- نوری الطالبانی، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومی، لندن 1995، ص7.
- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، چاپی کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر، چاپی شەشەم، 2011.
- تام باتامور، جامعەشناسی سیاسی، محمد حريری اکبری، نشر قطرة، تهران، چاپ یکم، 1380.
- قدیر نصری و...، جایگاه کرکوك در معادلات راهبردی عراق، فصلنامە افاق امنیت، سال پنجم، شمارە نوزدهم، تابستان 1392.
- زریان رۆژهەڵاتی - شنۆ عوسمان، کاریگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر هەرێمی کوردستان، کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکان، سلێمانی 2011.

- Şemseddin Sami: Kamusü'l- Alâm، İst. 1896، Cild-5، s.3840- 3843.
-K. Atatürk، Nutuk، İsatnbul، 1981، C III، V. 220، S. 1186.
-Prof. Mim Kemal Öke، Musul-Kürdistan Sorunu، İstanbul، İz Yayıncılık، 1995.
-Sabahattin Selek، İsmet İnönü / Hatıralar، Ankara Bilgi Yayınevi، 2006.
-Seha Meray، Lozan Barış Konferansı Tutanaklar- Belgeler I، Yapı Kredi Yayınları، İsatnbul، 1993.
-Dr. Cemal Kemal، Birinci Dünya Savaşı ve Sonrasında Musul Sorunu، Ankara Üniversitesi Türk İnklap Tarihi Enstitüsü، Atatürk Yolu Dergisi، S40، Kasım 2007.
-Quincy Wright، A Study of War. University of Chicago، 1983،p)
-Anderson، Liam D.; Stansfield، Gareth R. V. (2009)، Crisis in Kirkuk: The Ethnopolitics of Conflict and Compromise، University of Pennsylvania Press، p. 43، ISBN 0-8122-4176-2
-Bruinessen، M. van. 2005. "Kurdish Challenges." In W. Posch، Looking into Iraq [Chaillot Paper no. 79]. Paris: European Union Institute for Security Studies: 9.